ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە:٧١٢ یەک شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٦ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## کۆبوونەوەیەکی سیاسی_تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی ڕەزبەر لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سیاسی_تەشکیلاتی بۆ کاک مستەفا مەولوودی بەڕێوەچوو.
سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێستای ناوچە و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد، لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەبارەی پێشهاتەکان کۆمەڵە خاڵێکی خستە بەرباس. لێکدانەوەی کۆمەڵە بابەتێکی سیاسیی کوردستان، لێکەوتەکانی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ستراتیژیی نوێی ترامپ لە بەرامبەر ئێران و کۆمەڵە بابەتێکی تەشکیلاتی، چەند تەوەرێکی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

# خەباتی ڕەوا بۆ مافی ڕەوا




سەروتار


## لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکاندا

**عەلی بداغی**


هەرێمی باشووری کوردستان لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا بووەتە مەیدانی شەڕ و ئاڵۆزییەک کە تا ئەو دەم و ساتە درێژەی هەیە. شەڕ و پێکدادانەکان بە گرتنەوەی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دەستی پێکرد و پێشڕەویی ئەو هێزانە لە خاکی هەرێمی کوردستان و دەستبەسەرداگرتنی بەشی زۆری ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی هەرێمی لێ کەوتەوە کە پاش شەڕی داعش کەوتبوونەوە دەستی کورد.
هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان نیزیک مانگێک دوای ڕاپرسییەکەی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی کرا، ڕاپرسییەک کە نزیکەی ٩٣٪ ی بەشدارانی دەنگی «بەڵێ»یان بۆ جیابوونەوە لە عێراق و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دا. لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا سێ وڵات کە هەموو مێژووی خۆیان پڕە لە ناتەبایی و ململانێ و دوژمنایەتی، بەڵام لەسەر دژایەتیی کوردەکان و شکاندنی شکۆ و هەرەسهێنان بە ئیرادەی سەروەری و سەربەخۆییخوازیی ئەوان یەکیان گرت و پیلانێکی نێودەوڵەتییان لە دژی کورد گێڕا.
لە هەناوی ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەدا چەند شت هەیە باسیان بکەین:
یەکەم، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر بە پشتیوانی ناسەربازی لە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بۆ ئابلۆقەی هەرێمی کوردستان و داخستنی سنووری ئاسمانی و خاڵە سنوورییەکانی هاتوچۆ و بازرگانی نەوەستا، بەڵکوو ئەوەی دەیبینین بەشداریی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی سوپای پاسدارانیشە لە شەڕ و پەلامارەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەویش ڕاست لە کاتێکدا کە بەپێی ستراتیژیی نوێی کۆشکی سپی، سپای پاسداران وەک کاراکتەری سەرەکیی...


ل٢


وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
مەنسوور مروەتی / ٢و٣



ئێرانییەکان و پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس
عومەر باڵەکی /٤


ستراتژیی نوێی کۆشکی سپی دەتوانێ قەرەبووی ناکامییەکان بکاتەوە؟
ئالان بەهرامی/ ٦


ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕیفراندۆم
ئازاد مستەوفی/ ل٧


دژوازییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕێزگرتن لە تەواویەتیی ئەرزی(٢_٢)
ڕەحمان سەلیمی/٨


بیری چەپ و پرسی نەتەوەیی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠ هەتا ١٣٥٧ی هەتاوی
کامڕان ئەمین ئاوە/١٠


جەتەر و قارەمانەتییەکی کەم وێنە
برایم چووکەڵی / ل١٠


ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو لە نێوان ئیسرائیل و ئێران
کەماڵ حەسەنپوور /٩


هۆکارەکانی وەبەرنەهێنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
سەیران بایەزید حوسەینی/٦


هونەر بەبێ نیشتمان و میللەت ناتوانێ هیچ پێناسەیەکی هەبێ
شەونم هەمزەیی/ ١١

## شەڕی ئێران بۆ نەوتەکەی کەرکووکیشە

فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڵێن، ئێران ڕۆڵێکی گەورەی لە هێرشەکانی حەشدی شەعبی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گێڕاوە، ئەوەش بە سەرۆکایەتیی قاسم سولەیمانی.
«ڕۆیتەرز» دەڵێ کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکووک لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە واتای ئەوەیە چیدیکە بیرەنەوتەکانی ئەو پارێزگا گرنگە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نامێننەوە و دەکەونە ژێر هێژمۆنیی ئێرانەوە.
تارانیش نایشارێتەوە کە دەیەوێ ئەو نەوتە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نەبێ، چونکی کورد بڕیاری سەربەخۆیی داوە و کۆنترۆڵکردنی ئەو بیرە نەوتانە بۆ ئێران کارەساتە. ئێران دەڵێ: بۆچی دەبێ ڕێگا بە هەرێمی کوردستان بدەین بچێتە بازاڕی نەوتەوە».

## محەممەد نەزەری مانگرتن بەڕێی نەخۆشخانە کرا

محەممەد نەزەری، زیندانیی سیاسیی کورد دوای نیزیک سێ مانگ مانگرتن بە هۆی تێکچوونی بارودۆخی جەستەیی بەڕێی نەخۆشخانە کرا.
ئەو کە لە یەکشەممە، ٨ی گەلاوێژەوە مانی لە خواردن گرتوە، دەڵێ هەتا ڕازیبوونی دەزگای قەزایی بە (اعادە دادرسی) و بەکاربردنی ماددەی ١٠ ئایینی دادڕەسی درێژە بە مانگرتنەکەی دەدا. ناوبراو دوای ٨٢ ڕۆژ مانگرتن هێزی قسەکردنی نەماوە و ٢٥ کیلۆی کەم کردوە و ژیانی کەوتووەتە مەترسییەوە.
محەممەد نەزەری ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات گیرا و، سەرەتا و سزای زیندانیی هەتاهەتایی بەسەردا سەپا.

## ئەمریکا سپای پاسدارانی خستە لیستی ڕەشی تێرۆرەوە

وەزارەتی خەزێنەداریی وڵاتی ئەمریکا، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە لیستی ڕەشی گەمارۆکانی خۆی هاویشت.
دوای ئەوەی دۆناڵد ترامپ، سەرکۆماری ئامریکا ڕایگەیاند وڵاتەکەی ڕێگە نادا ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی و چالاکییەکانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سنووردار دەکەن، وەزارەتی خەزێنەداریی ئەو وڵاتە گەمارۆ خستە سەر سپای پاسداران. بەڵام ترامپ دوا بڕیاری لەسەر «بەرجام» نەدا و کۆنگرەی وڵاتەکەی ئەرکدار کرد کە لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا بڕیاری کۆتایی لەسەر بەرجام بدا.
لەلایەکی دیکەوە سەناتۆر "لیندزی گراهام"، بەربژێری ڕایگەیاند کە ئەگەر ڕێژیمی ئێران ئێزن بە پشکێنەرانی نێودەوڵەتی نەدا شوێنە نیزامییەکانی ئەو وڵاتە بپشکنن، گەمارۆکانی پێشوو دێنەوە جێی خۆیان.

دریێژەی:

## لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکاندا

ئاژاوە و قەیرانخوڵقێنی و ناجێگری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوی دەبرێ و سەبارەت بە پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستەکان لەلایەن وەزارەتی خەزێنەدارییەوە خراوەتە لیستی ڕەشی گەمارۆوە. بە گرنگیدان بە قسە و هەڵوێستەکانی پێشووی سەرکۆماری ئەمریکا و ستراتیژییە نوێیەکەی، بێ تەفاوەتیی ترامپ و بەڕێوەبەرایەتییەکەی بە نیسبەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە کە هەموو بەڵگەکان ڕۆڵی ئاشکرای سپای پاسداران لە دروستکردنی شەڕێکی دیکەی ناوچەییدا دەسەلمێنن؛ جێی سەرسووڕمانی زۆر کەس و لایەنن. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدا لەگەڵ ئەوەدا کە جێبەجێکردنی پیلانێکی دژمنکارانەی ستراتژیک بەدژی نەتەوەی کوردە، هەرلەوکاتەدا نادیدەگرتن و دەمەلاسکەیەکی روونی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران دایە.

دووهەم، ئەو هێرشە بۆ سەر کوردستان دوای گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کرا و ئێستاش بەغدا دەڵێ لە ئەگەری وتوویژ لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر پرسە ناکۆکەکان بە هیچ شێوەیەک ڕیفراندۆم و ئاکامەکەی قسەی لەسەر ناکرێ. هەروەها هەم لە بەرەی حکومەتی ناوەندی و هەم لە نێوخۆی هەرێمەوە کۆمەڵە دەنگێک بەو ئاقارەدا دەبیسترێ کە تاوانی ئەو دەستدرێژی و کاولکارییە بخرێتە ئەستۆی گشتپرسییەک کە کراوە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەگوترێ ئەستاندنەوەی ڕەواییە لە بڕیارێکی هەرە ڕەوای کورد لەو هەرێمەدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرپرسایەتیی سەرەکیی خوڵقانی ئەو دۆخە لە ئەستۆی ئەو لایەنەیە (حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا) کە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عیراق وەڵامی ماف و داواکانی کوردی بە ئاگر و ئاسن داوەتەوە. کورد لە باشووری کوردستان لە مێژووی نە هێندە دووردا چەند جار خەبات و شۆڕشەکەی بۆ ماف و ئازادییەکانی لەلایەن حکومەتی پاشایەتی و کۆماریی عێراقەوە سەرکوت کراوە، لە ١٩٧٥دا وەک ئێستا پیلانی نێودەوڵەتییان لە دژی گێڕاوە، ئەنفال کراوە، بە بۆمبی شیمیایی لێی دراوە و لە کۆڕەوی میلیۆنیدا ناچار بە جێهێشتنی زێدی باب و باپیرانی کراوە، بەڵام ڕاست لەو کاتەدا _ ٢٠٠٣ لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەدام_ کە ئەودەمیش دەیتوانی باسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکا، بڕیاری دا لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە شانسێکی دی بە هاوبەشی و بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێ بدا. ئەوەی هەرەسی بەو مەیلە و بە ئەزموونی پێکەوە ژیان لە عیراقدا هێنا بێ بەڵێنیی حکومەتی ناوەندی و سیاسەتی شۆڤێنیستیی بەغدا بوو کە بە پاوانخوازی و نادیدەگرتنی دەستوور و بنەماکانی تەوافوق و شەراکەت، بە کردەوە هەرێمی کوردستانی خستە سەر ڕێچکەیەک کە بیر لە ڕێگا و بژاری دیکە بۆ ئایندەی خۆی بکاتەوە.

سێهەم، هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەو شەڕ و بەرگرییە خوێناوییەی کە لەگەڵ دوژمنێکی قەستەسەری ئاسایش و ئەمنیەت لە جیهاندا وەک داعش کردی، دنیای ڕۆژاوای قەرزداری خۆی کرد. لە ماوەی چارەگە سەدەیەکیش لە دەسەڵاتی دوفاکتۆی کورد لە عیڕاق ئەزموونێکی باشی لە خۆبەڕێوەبەری و ڕێزگرتن لە پرەنسیپە جیهانییەکانی وەک وێکهەڵکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان و ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان پێشکێش کردوە. هەر بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا کە دنیای ڕۆژاوا هەرێمی کوردستان وەک دۆست و هاوپەیمانێکی ستراتژی و وەک مۆدێلێکی شیاوی پاراستن چاو لێ بکا و پشتیوانی بێ. ئەوەی تا ئێستا دیومانە ڕووی دزێوی ئەو دیپلۆماسییە بە تایبەت لە ساڵانی شەڕ لەگەڵ داعش بوو، وەک بڵێی کوردیان هەر بۆ شەڕی داعش دەویست و ماف و داوا ڕەواکانی کوردیش _کە هەر هەمووی لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانەن کە خۆیان پێناسەیان کردوون_ وا دیارە لای ئەوان ئەوەندە گرینگ نیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا لەسەری بەکردەوە وەجواب بێن.

چوارەم، بەداخەوە ئەوی برینی ئەمجارەی بەژانتر کردوە ئەوەیە کە ئەگەر کورد تا ئێستاش دۆست و پشتیوانی جێی متمانەی نییە لە نێو وڵاتاندا، لەنێو خۆیشیدا ناکۆکی و دووبەرەکی بینەقاقای گرتوە. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەیبینین و دەیبیسین وەدیهاتنی خەونی نەیارانی کوردە کە هەمیشە کۆشکی هیوایان لەسەر کاولکردنی کوردستان و لێدان لە شکۆی نەتەوەیی و یەکیەتیی کورد هەڵچنیوە. ئاراستەی پێشهاتەکان و داهاتووی کورد لە هەرێمی کوردستان دیارە، یان دەبێ دەست لە شکۆی و دەسکەوتەکانی چەند دەیە ڕابردووی بشوا و بێ گەڕانەوە بۆ پاشخانی خەباتی مافخوازی و سەروەریخوازیی قایل بەو قەدەرە بێ و ببێتەوە بە بەشێک لە حکومەتی ناوەندگەرا، یان پێویستە خەبات و ململانێ بۆ مانەوەی ئەو، پاراستنی دەسکەوتەکانی و وەدیهێنانی خەونە مێژوویی و ڕەواکەی بکا.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەش وەک بێ پشتیوان مانەوەی تا ئێستای کورد لە دنیای دەرەوە و گەلەکۆمەی وڵاتانی نەیاری ناوچە لە دژی کورد پێمان دەڵێن تەنیا بەخت و تەنیا ڕێگای دەربازکردنی کورد لەو قۆرتەی ئێستا و گەیاندنی ئەو بەلەمە لە دەریای تۆفانی و پڕ شەپۆلی ناوچە بۆ کەنارەکانی ئارامی، یەکیەتی و یەکبوونەوەی هەرچی زووتر و هەرچی قایمتری کوردە. گەڕانەوە بۆ دەنگ و داوای خەڵک و گرنگیدان بە ویست و چاوەڕوانیی ئەوان؛ ئەزموون وەرگرتن لە شکان و نەهامەتییەکانی ئەم دواییانە؛ کاراکردنەوەی هاوپەیمانی و دامەزراوە نیشتمانییە هاوبەشەکانی کورد لە باشوور و ڕێککەوتن لەسەر نەخشەڕێگایەکی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و بنیاتنانەوەی ئایندە لە ریزی ئەو هەنگاوانەدان کە لەو قۆناغەدا زەروورەت و ئەولەوییەتیان هەیە.

مستەفا مەلوودی:

# هیندێ لە حیزبەکان ئەگەر و مەرجی نەگونجاویان هەیە کە کۆسپن لەبەردەم دروستبوونی یەکیەتیی بەکردەوەی زیاتردا

دیمانە: مەنسوور مروەتی

«کوردکاناڵ» لەو ڕۆژانەدا وتوویژێکی نیزیک یەک سەعاتەی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. لەو وتوویژەدا کۆمەڵە پرسێکی وەک هەڵسەنگاندنی خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخستن و شێوەی مودیرییەتی ئەو بزووتنەوانە، نەخش و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە چۆنیەتیی خۆدیتنەوەیان لەو بزووتنەوانەدا و هەروەها پرسی پێوەندیی نێوان حیزبەکان و کۆسپەکانی بەردەم یەکیەتیی بەکردەوەیان چەند تەوەرێکی سەرەکیی ئەو وتوویژە بوون. «کوردستان» بەباشی زانی پوختەیەک لەو وتوێژە بڵاو بکاتەوە

**کاک مستەفا با پێش هەموو شتێک باسێک لەو حەرەکەتانەی ئەو دواییانە بکەین، ئەوەی لە بانە و سنە و بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان بەبۆنەی ڕیفراندۆمەکەی باشووری کوردستان کرا، ئەو حەرەکەتانە خۆڕسکن یان ڕێکخستنی حیزبەکانی لە پشت؟**

جارێکی دیکەش دەسخۆشی لە خەڵکی ڕۆژهەڵات و لەو کەسانە دەکەم کە ئەو حەرەکەتانە ڕێک دەخەن. ئەو حەرەکەتانە حەرەکەتێکی تازە نین لە خەباتی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو حەرەکەتانە لەلایەن چالاکانی مەدەنی، خەڵکی ئاگا و وشیار و لەسەر هەستی ڕۆژهەڵات بەرنامەی بۆ دادەنرێ و هیدایەت دەکرێ و خەڵکیش بە متمانەوە دەچنە پشتیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نەخشی حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەواوەتیی ئەو جووڵە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن نادیدە بگرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپرسییەکەی باشوری کوردستاندا و ئەو ڕۆژەی خەڵک لێرە چووە سەر سندوقی دەنگدان، داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد لەو ڕۆژەدا ئەوانیش بە وەڕێخستنی کەرنەڤاڵی شادی و خۆشی شوێنکاری خۆیان هەبێ لە پرسێکی سیاسیی گرینگدا کە پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوەیەکەوە هەیە. بۆیە ئەم حەڕەکەتانە بەشی هەموو لایەکی پێوەیە، بەشی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، کەواتە نەخش و دەوری حیزبەکان و چالاکانی مەدەنی و لەسەر هەست بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات هەمووی پێکەوە ئاراستەی بەرەوپێشچوونی ئەو خەباتەن.

**جەنابت ئەمە بە کاری هاوبەشی چالاکانی نێوخۆ، خەڵک بە گشتی و حیزبەکانی دەزانی. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە مودیریەت و دوایە هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان، ئەوەی کە بکرێ ئیمتیازێک لە حاکمیەت وەربگیرێ یانی دواتر ڕەنگدانەوەیەی دیاری هەبێ، ئەوە کێ دەیکا؟**

ئەمن پێموایە هەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی ئەمنیەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وایکردوە کە جیاکارییەکی بەو شێوەیە لە نێو حەرەکەت و بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتدا دابنێین، دەنا بە گشتی کار و تیکۆشانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵسوورانی چالاکانی مەدەنی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواوکەری یەکترین. چوون لە هەموو ڕەهەندەکاندا ئەوەی دەکرێ بەرجەستەکردنی داوا و مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستانە. سروشتییە چەندی هەماهەنگیی نێوان ئەو لایەنانە زیاتر و تۆکمەتر بێ، ئەوەندەش ئاکام و دەسکەوتەکان بەرهەستترن.

**کاک مستەفا جەنابت نەتشاردەوە کە پشکی شێرەکە بە خەڵک دەدەی و ئەو چالاکانەی کە لە نێوخۆن، بەڵام حیزب هەیە هەمووی بە ئی خۆی دەزانێ و دەڵێ ئەوە هەموو ئێمە کردوومانە. ئەم قسەیەی جەنابت زۆر لەگەڵ بۆچوونی حیزبەکانی دیکە نایاتەوە.**

ئەمن قسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مێژووی ٧٢ ساڵ خەبات و بە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو هێز و توانای لە خەڵکەکەی وەرگرتوە. ڕەنگبێ زۆر جار غیابی حیزبە سیاسییەکان لە هەندێ پرسدا دەرکەوتبێ، بەڵام خەڵکەکە قەت لە حەرەکەت نەکەوتووە و هەموو دەرفەتێکی قۆستۆتەوە تا پیشانی بدا کە میللەتێکی زیندوو و لەسەر هەستە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناتوانێ و ناکرێ نەخشی خەڵک نەبینێ و پێچەوانەی ئەوە بە غەدر لە مێژووی خۆی و غەدر لە ئامانجەکانی خۆی دەزانێ.

لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی خەڵکی کوردستان لە پشتی ئەو حیزبە بوون، بە تایبەت لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا. بۆیە حیزبی دیموکراتیش گرینگیی زۆر بە نەخش و ڕۆڵی خەڵک دەدا و هەر ئەوەی کە کوردکاناڵ هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و ئیعترازیی خەڵک بەو شێوەیە بەرجەستە دەکا، ئەوە دڵنیایی و قووەتی قەلبێکی زۆرتری داوە بە حەرەکەتەکە.

**کاک مستەفا ئاماژەت بەتایبەتی بە ١٠ ساڵ ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ١٠ ساڵەی ڕابردوودا زۆر باسی ئەوەی کردووە کە ئێمە دەبێ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بە جەماوەری بکەین و زیاتر گرینگی بە چالاکییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا بدەین. تا چەند لە کاری خۆتان ڕازین و پێتان وایە تا چەند ئەو جموجۆڵانە مۆرکی حیزبی دێموکراتیان پێوەیە؟**

جارێ با لە پێشدا زوڵم لە حیزبی دێموکرات و لە مێژووی ٧٢ ساڵەی نەکەین کە هەمیشە و بەردەوام گرینگی و بایەخی بە حەرەکەت و چالاکی و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات داوە، بۆیە ئەو ١٠ ساڵە زیاتر بەرچاوە چونکی لە جێدا سەردەمەکە و جۆری خەبات و تێکۆشانەکە گۆڕاوە. ئێستا دەرفەتەکە بۆ خەڵک لە زۆر بارەوە چاکتر ڕەخساوە و خەڵکیش باش و دروست ئیستفادەی لێ کردوە. یانی ئەگەر پێش ٢٠_٣٠ ساڵ لەوە پێش بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخ و هەلومەرجی حیزبەکان دەرفەتی خۆنواندنیان زۆرتر بوو و زیاتر دیار بوون؛ نەخشەکە زیاتر بە حیزبەکان دەدرا و ئێستا وەزعەکە بە جۆرێکە خەڵک نەخش و ڕۆڵی زیاتر دەبینێ. ئێمە دەبێ هەر دوو بەشەکە ببینین، هەم تێکۆشانی ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەم چالاکی و بزووتنەوەی سیاسی کۆمەڵایەتیی خەڵک کە ئامادەن تێچووی زۆر و قورسیشی بۆ بدەن.



وردەکێشەکانی نێوان حیزبەکان بەداخەوە تا ئێستاش ڕێگر بووە لەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش و گوتار و زمانحاڵێکی یەکگرتوومان هەبێ بۆ ناساندنی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەتا نەگەینە ئەو ئەنجامەش هەر لایەنە و بە جیا کاری خۆی دەکا و بە لایەکدا دەڕوا، بەڵام ئەگەر بگەینە ئەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێ و لە ژێر چەترێکدا خۆمان ببینینەوە، ئەوکات هاوکێشەکان دەگۆڕێ

**کاک مستەفا باست لەوە کرد کە هەموان دەبێ پێکەوە کار بکەین و مودیریەتی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. با بە سەراحەت بیڵێین هەر ئەو دە ساڵە خەڵک بەردەوام داوایان لە حیزبەکان کردووە یەکبگرن و یەکیش ناگرنەوە. بەو دۆخە چۆن مودیرییەتی ئەم جموجۆڵانە دەکرێ؟**

ئەو بەشە لە گلەیی خەڵک کە بۆ حیزبەکانیان لەت بوون و دابەش بوون ڕەوایە و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش حەقە ئەو گلەییەی خەڵک بە هێند بگرن و لە پرۆسەی بردنەپێشێی کاری خۆیاندا گرینگی و بایەخی پێبدەن. با لەو پێوەندییەدا قسەیەک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەردووک حاڵەتدا باش جووڵاوەتەوە، یەکەم ئەوەی لە دە

⟸

ساڵی ڕابردوو بە تایبەت پێنج ساڵی ڕابردوودا شێلگیرانە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەر یەک. پڕۆژەمان بووە و مایەشمان لە خۆمان داناوە. دیارە ڕاستە کە هەوڵەکان هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوون، بەڵام هەنگاوی باشمان بەرەو پێش ناوە.

لە بوارەکەی دیکەشدا، واتە لە ئاستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ حیزبەکان یەک و دوو، یان بە تێکڕاش هاوکاریی مەوریدیمان بووە کە یارمەتیی کردوە بە پڕۆسەکە، بەڵام پێویستە بیبەینە مەیدانێکی بەربڵاوتر و کاراترەوە.

> ئەوەی زیاتر کۆسپی بەردەم بووە هاوپەیمانییەکی گەورە بووە هاوکارینەکردنی ئەو حیزبانە لەگەڵ یەکترییە کە پێشتر یەک بوون و دوایە لەت بوون. حیزب هەیە پێیوایە مەسەلەن فڵان حیزب نابێ ئەو ناوەی لەسەر بێ کە ئەو ناوە بە جۆرێک وێکچوویی لەگەڵ ناوی ئەو هەیە، لە حاڵێکدا ئەگەر بێین مەنتیقی قانوونی چاو لێ بکەین ناوەکان ئەوەندە جیاوازیی دیار و قانوونییان هەیە کە نەتوانێ کۆسپ بێ

**بەڕێز کاک مستەفا بەڵام هەموو لایەنەکان هەر ئەو قسەیە دەکەن و باس لەو زەروورەتە دەکەن، ئەدی کەی ئەوە وەدی دێ؟**

هەر ئەوەی کە هەموومان بە بایەخەوە باسی دەکەین و لامان گرینگە، ئەوە خاڵێکی موسبەتە، بەڵام ئەمن پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە هێندێک لە حیزبەکان هێندێ مەرج و ئەگەریان هەیە کە گونجاو نین و لە جێی خۆیاندا نین. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو مەرجانەی نین، هەر بۆیە هەنگاوێک لە حیزبەکانی دیکەی لەپێشتر دەزانم. هەر ئەوەی کە ئەو کێشانەی نێوان حیزبەکان بنەبڕ نابن، بۆ ئەو شەرت و شرووتە بێ جێیە دەگەڕێتەوە کە لە نەزەر منەوە بە قازانجی ئەو حیزبانەش نییە و لە تەواوەتیی خۆیدا بە زیانی هەموو لایەکمانە. بەڵام بەو حاڵەش من ناهۆمێد نیم.

**دەکرێ بفەرمووی ئەو شەرت و شروتە چین کە باست کرد؟**

مەسەلەن حیزبێک پێیوایە مەسەلەن فڵان حیزب نابێ ئەو ناوەی لەسەر بێ کە ئەو ناوە بە جۆرێک وێکچوویی لەگەڵ ناوی ئەو هەیە، لە حاڵێکدا ئەگەر بێین مەنتیقی قانوونی چاو لێ بکەین ناوەکان ئەوەندە جیاوازیی دیار و قانوونییان هەیە کە نەتوانی کۆسپ بێ. ئەوە نموونەیەکە...

**بمبوورە دێمە نێو قسەکەت، ئەوە بۆ ناوە و لە نێوان دوو حیزب دایە. بەڵام مەسەلەن حیزب هەیە ڕوانگەیەکی ئیدۆلۆژییانەی بۆ پرسە سیاسییەکان هەیە و پێی وایە فڵانە حیزب کە مەسەلەن ڕوانگەیەکی ئیسلامیی هەیە نابێ لەگەڵ ئەو دانیشێ.**

ئەو کۆبوونەوانەی لەو ماوەیەدا بوومانە مەگەر لە حاڵەتێکدا دەنا کەمتر سێبەری ئیدۆلۆژیی حیزبەکانی بەسەرەوە بووە، ئەوەی زیاتر کۆسپ بووە هاوکارینەکردنی ئەو حیزبانە لەگەڵ یەکترییە کە پێشتر یەک بوون و دوایە لەت بوون. بۆ نموونە لە نێو ئەو حیزبانەی کە پێکەوە کار دەکەین سازمانی خەبات هەیە کە لە ڕابردوودا باکگراندی ڕەوتێکی ئیسلامیی هەبوو، بەڵام دەبینین لە کار و بەرنامەدا نەتەوەیی دەجووڵێتەوە. دیسان خۆ ئەگەر هەموو حیزبەکان لە باری ئامانج و فیکر و ڕێبازەوە هەموو شتێکیان یەک بێ، ئەوە دەبێ بە یەک حیزب. بۆیە من پێم وایە قەت نابێ ئەوە ببێتە کۆسپ، خۆ ئەگەر کۆسپیش بێ هەر حیزبە و بە ئەزموونێکی زۆری سیاسی ئەگەر نەتوانین بەسەریدا زاڵ ببین؛ ئەدی چۆن دەتوانین پڕۆسەیەکی قورسی خەباتی سیاسی بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەمان ڕێبەری بکەین و بیبەینە پێشێ؟

> ئەو تێکۆشانە مەدەنی و کلتووری و فەرهەنگییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە و چالاکانی نێوخۆ بەڕێوەی دەبەن، لە بەتنی خۆیدا سیاسییە و ڕەهەندێکی دیکەی خەباتە و خەڵکی ئێمە چاکی دەست پێ کردووە. نەخش و جێگەی حیزبەکانیش لەو جموجۆڵانەدا دیارن و حیزبەکان لەسەریانە کە یارمەتیدەری ئەو بزووتنەوانە بن بۆ ئەوەی لە فۆرم و هەروەها ئامانجدا کارەکانی بەباشی بباتە پێشێ

**کاک مستەفا دەمەوێ شتێکی دیکە باس بکەم، ئەوەی کە پرسیار یا ڕەخنە و گلەیی خەڵک یان چاوەدێرانی سیاسی و بە تایبەتی خەمخۆرەکانی حیزبی دێموکرتە. ئەوەی کە دەڵێن ساڵانێکە هەوڵ دەدرێ لە غرووری خەڵکی ڕۆژهەڵات دەدرێ. ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخرێنە پەراوێزەوە. با ڕێوڕەسمی ناشتنی بەڕێز مام جەلال وەک دوانموونە بێنمەوە، وانییە؟**

ئێمە وەکوو حیزبێکی سیاسیی واقعبین دەرکی هێندێک بابەت و واقعییەتەکان دەکەین. ڕاستییەکەی وایە کە ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر مولاحیزاتێکی سیاسی کە حیزبەکانی باشوور هەیانە لەگەڵ ئێران، زۆریان ڕیعایەت دەکەین کە شەرت نییە وابێ و زۆریش دروست نییە وابێ. لام وایە جێگە و پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەو شوێنانە تا ئەو جێیەی کە زیان بە پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و دراوسێکەی نەگەیەنێ، دەبێ دیار و بەبایەخ بێ. دیارە ئەو لەتبوونانەی ساڵانی ڕابردووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش کاریگەریی سلبیی خۆی بووە. کەواتە ئەگەر لەلایەک هۆی سەرەکیی ئەو بابەتە ملاحیزەی زیادە لە حەد و پێویستی هەرێمی کوردستانە، لایەکی دیکەشی بۆ ناتەبایی و پرش و بڵاوی خۆمان دەگەڕێتەوە.

> ئەو لەتبوونانەی ساڵانی ڕابردووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کاریگەریی سلبیی لەسەر ئێعتبار و پێگەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان داناوە. ئەگەر لەلایەک هۆی سەرەکیی تا ڕادەیەک پەراوێزخرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ملاحیزەی زیادە لە حەد و پێویستی هەرێمی کوردستان بە نیسبەت ئێرانە، لایەکی دیکەشی بۆ ناتەبایی و پرش و بڵاوی خۆمان دەگەڕێتەوە

**باشە خەڵک ئەو کەمایسیە دەبینێ، باشتر نییە ئێوە گرینگیی زیاتر بدەن بەو بەشە؟**

ئێمە لە دانیشتنەکانمان لەگەڵ یەکتریشدا ئەو باسانە دەکەین و ڕەخنە لە خۆمان دەگرین. وردەکێشەکانی نێوانمان بەداخەوە تا ئێستاش ڕێگر بووە لەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێ و زمانحاڵێکی هاوبەش و یەکگرتوومان هەبێ بۆ ناساندنی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەتا نەگەینە ئەو ئەنجامەش هەر لایەنە و بە جیا کاری خۆی دەکا و بە لایەکدا دەڕوا، بەڵام ئەگەر بگەینە ئەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێ و لە ژێر چەترێکی هاوبەشدا بین، ئەوکات ئەم خوێندنەوانە جۆرێکیتر دەبن.

**هەڵبەت سیاسەتی پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵات ناگاتە هیچ کوێ. هەر لە جەنگەی پێشوازی لە ڕیفراندۆمەکەی باشوور دیمان کە بە سەدان هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمیان دا «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە». ئەوە لە جێی خۆی، بەڵام پێت وانییە کە ئەگەر ئەو کەلەبەرەی نێوان حیزبەکان زیاتر بێ مەجال بۆ دەستێوەردان و تەماح بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی دیکەوە دروست دەبێ؟ پێت وانییە دەبێ جارێکی دیکەش دەست بە دانیشتنەکانتان بکەنەوە؟**

لام وایە ملاحیزاتی سیاسیی ناوچە پێمان دەڵێ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکان بە دەستێوەردانی نامەسئولانە وانەکەن زیان بە بزووتنەوەی سیاسیی بەشەکەی دیکە بگەیەنن. جیا لەوە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ خاوەن و بێ مێژوو و بێ کەسایەتیی خۆی نییە تا ئەگەر لایەنێکی سیاسیی دەرەکی نیازی ئەوەی هەبێ بە ئاسانی بتوانێ خۆی تاقی بکاتەوە. دیارە دەبێ بۆ خۆشمان ئاگامان لەوە بێ و بۆ ئەوەی خاوەنی هەڵگرتنی ئەو مێژوو و ئیعتبار و کەسایەتییە بین، هیچ کاممان بە تەنیا ناتوانین مەیدانداری بکەین، کەواتە دەبێ بە هەموومان کارەکە بکەین. دیارە باسمان کرد کە دانیشتنو گەیشتن بە ئاکامێکی دڵخواز وەزیفەیەکی سیاسییە لەپێش دەمی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کەمتر لە هیچیان بۆ ئەو مەبەستە ماندوو نەبووە. هەڵبەت دیسان دەڵێم کە دەبێ بە سەر کۆسپەکانی بەردەمماندا زاڵ بین.

**کاک مستەفا جەنابت وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بە خەڵک دەڵێی کە خۆت فەرمووت بە پێشەنگیان دەزانی. چی بەو حیزبانە دەڵێی کە ڕەخنەت لێ گرتن و چاوەڕوانیت لێیان هەبوو؟**

ئەگەرچی ئەوەی دەیڵێم چەند پاتەیە، بەڵام دیسانەکەش سپاسی خەڵکی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، بە تایبەت پێشەنگەکانی خەباتی جەماوەری و مەدەنی. حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرمایەی مەعنەویی ئەو خەڵکەیە و میللەتیش بە سەخاوەتەوە ڕۆڵەکانی بەو حیزبە بەخشیوە. بزووتنەوەی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئۆمێد و پشتبەستن بە خەڵکی خۆی دەستی پێ کردوە و جێی خۆشحاڵییە کە دەبینین خەڵکیش قەت حیزبەکەی بێ هیوا نەکردوە و سەنگەرەکانی حیزبی دێموکرات لە هیچ ئاستێکدا و قەت لە کوڕان و کچانی وڵات خاڵی نەبووە و ئەوە جێگای قەدرە.

دوایە پێویستە بڵێم ئەو تێکۆشانە مەدەنی و کلتووری و فەرهەنگییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، لە بەتنی خۆیدا سیاسییە و ڕەهەندێکی دیکەی خەباتە و خەڵکی ئێمە چاکی دەست پێ کردووە. هیوادارم بە وردبینیی زیاتر و بە مودیرییەتی باشتر و ئازایەتیی و بوێریی پترەوە درێژەی هەبێ و لەو ئیدامەدانە دەتوانێ بزووتنەوەی سیاسیی ئێمە زۆر بەرێتە پێشێ. نەخش و جێگەی حیزبەکانیش لەو جموجۆڵانەدا دیارن و حیزبەکان لەسەریانە کە یارمەتیدەری ئەو بزووتنەوانە بن بۆ ئەوەی لە فۆرم و هەروەها ئامانجدا کارەکانی بەباشی بباتە پێشێ. خەڵک نابێ ماندوو بێ لەو ڕەوتەی دەستی پێ کردوە و یەکیەتی و کاری بە کردەوەی حیزبەکانیش یارمەتی دەدا دەسکەوتەکان زیاتر بن.

**ئەوە ڕوو بە خەڵک بوو، با پرسیارەکەم تیکراری بێ، بەڵام ئەدی ڕوو بە حیزبەکان؟**

وەک باسمان کرد ئێمە ساڵێک پێش ئێستا ڕاستەوخۆ سەردانی هەموو ئەو حیزبانەمان کردووە کە لامان وایە بەیەکەوە دەتوانین پڕۆسەیەک بەرینە پێشێ و داوامان لێ کردوون با بێین لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ کار و هاوکاریی هەمەلایەنە لە هەموو ئاستەکاندا کۆ بینەوە، چ لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا واقعی حاڵ وایە و ئێمە مەرکەزیەتەکەمان لە هەرێمی کوردستانە، چ بۆ کۆمەک کردن و هیدایەتکردنی بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی ببین بە زمانحاڵی میللەتەکەمان لە تاراوگە و لە هەموو زەرفییەتەکان بۆ بردنە پێشێی پرسی کورد کەلک وەرگرین.

بۆیە داوایان لێدەکەم ئەو شتە ورد و چووکانە کە لە خۆرا وەختی خۆمانی پێوە دەگرین و خۆمانی پێوە ماندوو دەکەین و تەنانەت دەبێ لەوە نیگەران بین کە نائومێدیشی پێ دروست دەکەین، با لەوانە واز بێنین. لە سبەینێ زووتر نییە. با لە دەوری یەک کۆببینەوە و ئەمن پێم وایە هەموومان ئەو ئیستعدادەمان تێدا درووست بووە و هەموومان ئەو نیازە دەرک دەکەین کە بە یەکەوە دەتوانین کاری گەورە بکەین. ئەوە ڕاستییەکە کە هیچ کاممان بە تەنیا ناتوانین ئەو نەخشەمان هەبێ کە خۆمان ئارەزووی دەکەین، کەوایە دەبێ بێینە سەر واقعییەتەکان و دەبێ بە یەکەوە کار بکەین. بۆ ئەوەش ئێمە ئامادەین و درێژە بە هەوڵەکانیشمان دەدەین و هیوادارم هاوڕێیانمان لە حیزبەکانی دیکەش هەر بەو نەفەسە و هەر بەو ئیحساسی مەسئولییەتەوە بێنە پێشێ، بەڵکوو بتوانین لانیکەم هەر ئەمساڵ ئاکامی باشی لێ وەرگرین.

**زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ ئەوەی کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا.**

سپاس بۆ ئێوەش.

***

# توتالیتاریسم و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

باوان عەلیزادە

ناوەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بەڵام نیزیک بە چوار دەیە لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە و ئاکار و ڕەفتارەکانی پێمان دەڵێن نە کۆمارییە و دەنگی خەڵک و ئیرادەی خەڵکی تێدا بەرجەستە بووە، نە ئیسلامییە و ڕێز لە بایەخە ئیسلامی و مرۆییەکانی تاک و کۆمەڵ و مرۆڤایەتی دەگرێ. ئەدی پێناسەی ئەم ڕێژیمە چییە، لە یەک وشەدا ڕێژیمێکی توتالیتێر.

نیشانەکانی دیاریکردنی نیزامێکی توتالیتێر چین کە ئێمە دەمانەوێ بەبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بگرین.

لەهەموو سیستمێکی توتالیتێردا ڕۆژنامەکانی ڕەخنەگری حکومەت دادەخرێن و ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرەکان تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێ، ئەوەی چل ساڵە بە بەردەوامیی لە ئێران دەیبینین.

زاڵکردنی سانسۆڕی ڕەها بەسەر هەموو بەستێنەکانی وەک میدیا و ڕاگەیاندن، ئینتێرنێت، چاپەمەنی، کتێب و گەیشتن و سوورانەوەی زانیاری یەکێکی دیکە لە ڕەفتاری ڕێژیمە توتالیتێرەکانە، لە تەنیشت ئەوە کەوتنە زیندانی هەموو ئەوانەی تانە لە ڕەفتاری حکومەت دەدەن و ڕەخنەی لێدەگرن؛ بابەتێک کە لە ئێراندا نەک ئۆپۆزیسیۆنەکەی، بگرە کاربەدەست و لە نێوخۆی دەسەڵاتیشدا کەس حاشا لەوە ناکا، ئەو تایبەتمەندییە لە کردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە ژێر ناوی ڕێوشوێنە نیشتمانی و میللی و ئاینییەکان بە قانوونی کراوە و جێ خراوە و ئێستا سیستماتیک بەڕێوەدەبرێ.

ئابووریی حکومەتی و داخراو تایبەتمەندییەکانی دیکەی سیستمە توتالیتێرەکانە. لەو جۆرە سیستمانەدا حکومەت زاڵە بەسەر هەموو جومگە ئابوورییەکانی وڵات و پاوانی هەموو جووڵەکانی وەبەرهێنان و بازاڕ و هاوردە و هەناردەی کردوە، ڕێک وەک ئەوەی لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی ئیسلامیدا دەیبینین.

لە ڕێژیمە توتالیتێرەکاندا قسەی هەوەڵ و ئاخر یەک کەس دەیکا. ڕێبەر و کەسی یەکەمی ڕێژیم هەرچی هێز و دەسەڵاتە لە چنگی خۆی ناوە و ڕێگە لە دروستبوونی هەرچەشنە گۆڕان و جموجۆڵێک دەگرێ کە پێی وایە جێ بە دەسەڵاتەکەی لێژ دەکا. ئەو هەوڵی جێخستنی تاکپەرەستی دەدا و خۆی بە نوێنگەی ئیرادەی ئاسمان و زەوی پێناسە دەکا. وەک ئەوەی لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا خامنەیی بە نوێنەری خوا لەسەر عەرزی دادەنرێ و دەزگای پڕوپاگندەی ڕێژیم ئەو کەسایەتییەی لێ دروست دەکەن.

لە ڕێژیمە توتالیتێرەکاندا ئیدئۆلۆژی و بنەما فیکرییەکانی دەسەڵاتی حاکم پێودانگی هەموو بیرکردنەوە و بزاوت و ڕەفتارێکە کە بێتوو کەس لێی لابدا، ئەوە تاوانبارە و دەبێ سزای خۆی وەرگرێ. لە ڕێژیمە توتالیتێرەکاندا جۆراوجۆرییەکان مانایان نییە و هەموو جۆراوجۆرییەکی سیاسی و ئێتنیکی و ئایینی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ. میدیای نیشتمانی و ڕاگەیاندنی سەراسەری وەک ڕادیۆ و تیڤی لە پاوانی حکومەت دایە و ڕێگە بە چالاکی و دەرکەوتنی تیڤی و ڕادیۆی ناحکومی بە هیچ کەس و لایەنێک نادرێ، هەر هەموو کاناڵەکانی پێوەندیی گشتی وەک پۆست و تەلەفوون و ئینتێرنێت لە بەردەستی حکومەت و ناوەندە ئەمنیەتییەکان دایە، ڕێک وەک ئەوەی کە لە ئێران دەیبینین.

لە نیزامە توتالیتێرەکاندا ئازادییە تاکەکەسییەکان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرتەسک دەکرێنەوە، ئازادیی ڕادەربڕین مانای نامێنێ و مافە مەدەنییەکانی خەڵک هیچ جێگە و پێگەیەکیان نییە، بەرهەڵستکاران و هەرچەشنە دەنگێکی ناڕەزایەتیدەربڕین بە توندترین و بێ بەزەییانەترین شێوە سەرکوت دەکرێ، ئەوەش وا دەکا کەسانێکی یەکجار زۆر لەو وڵاتە وەک پەناخوازی سیاسی ڕوو لە وڵاتانی دی بکەن، کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەبینین لەوەش کەمیی نەهێناوە.

بەڵام دوامەنزڵی ئەو ڕێژیمانە کوێیە و تەمەنیان چەندن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە مێژوودا بگێڕین، مێژوو پێمان دەڵێ هەموو ئەو جۆرە ڕێژیمانە مەحکووم بە نەمان و ڕووخانن، چونکی دەسەڵاتی سیاسی و هێزی حکومەت سەرچاوەکەی بۆ مرۆڤەکان و پێوەندیی دڵخوازانە و سەربەستانەی ئەوان لەگەڵ یەکتر دەگەڕێتەوە. هەر دەسەڵاتێکی سیاسی ئەگەر دەرکەوتەی ئیرادە و ویستی خەڵک بێ، دەمێنێ و لەسەر پێیە؛ بەڵام بێتوو هێز و دەسەڵاتی سیاسی بخرێتە پاوانی تاقمێک، درەنگ یان زوو ئەو دەسەڵاتە لە بن دێ و تۆماری دەپێچرێتەوە.

## سویس/ خۆپیشاندانی مەحکومکردنی هێرشەکانی سەر باشووری کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە، ١٨ ئۆکتۆبر کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی سویس لە شاری بێرن، پێتەختی وڵاتی سویس، بە مەبەستی مەحکومکردنی هێرشی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە هاوکاری سپای قودسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر باشووری کوردستان خۆپیشاندانێکیان پێک هێنا.

لەو ئاکسیۆنەدا پەیامی حیزبی دێموکرات لەلایەن زاهیر قادرحاجی خوێندرایەوە و لەلایەن کوردانی دانیشتوی وڵاتی سویس کۆمیتەیەک پێک هات کە سەردانی باڵوێزخانەی وڵاتانی وەک ئەمریکا، ئاڵمان، فەرانسە، ئیسرائیل و عەرەبستان بکەن بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای کورد لە باشوور.



مستەفا شەڵماشی

# قسەکانی ڕووحانی بەرامبەر بە کورد فریودان یان وەخەبەرهاتن*

ئـەوان هێنده لـە زەلـکـاوی شـۆوێنیزم ڕۆچـوون کـە پێیان وایـە هـەمـوو نـەتـەوەکـانی نـاوچـە دەبـێ کـڕنۆشیان بۆ بـەرن، نەتەوەکانی نێو ئێران دەبێ بە شارۆمەندیی پلە دوو ڕازی بن و هەمووان بێنە سەر خەتی فکریی دواکەوتووی ئەوان کە هیچ چارەسەرێکی بۆ گرفتی مرۆڤی ئەوڕۆیی پێ نییە و ئینسانەکان بە دوو دەستەی بڕیاردەر و کۆیلەی گوێ لە مست دابەش دەکا

ڕووحانی سەرۆک کۆماری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پەنای بردەوە بۆ چەکی فریودان کە ئێرانیەکان بەڕاستی تێیدا وەستان و بە خەیاڵی خۆی پێیوایە دەتوانێ بەو زمانە نەرمە کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان فریو بدا. هەر لەو کاتەدا نەیتوانی دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ کورد و مەسەلە ڕەواکـەی بشارێتەوە و سەرەڕای ئەوەیکە بڕیاری بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی بە هەڵە دانا، خەتاکەشی خستە سەر شانی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی لە باشوری کوردستان. ئەو ڕوو بە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان ڕایگەیاند کە زۆر سۆزی هەیە بۆ کورد، بەڵام بۆ ئەو کوردانەی کە بە بۆچونی ئەو خەتا نەکەن و داوای مافی خۆیان نەکەن. ئەو گوتی نایانەوێ فشار بۆ کوردەکان بێنن، بەڵام لە نێو قسەکانیدا گەیاندی کە مەبەستی ئەو کوردانەیە کە پشتیوانی ڕژیم بن. وادیارە ئاغای ڕووحانی ئاگای لێ نییە کە تەنیا بەخاتری ئەوەی خۆشحاڵیان بۆ پرسی ڕیفڕاندۆم دەر بڕیوە هەر ئێستا زیاتر لە سێسەد لاوی کورد لە لایەن حکومەتەکەی خۆیەوە گیراون و لە سیاچاڵەکانی ڕژیمەکەی دا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دان.

دیارە ئەگەر ئێرانیەکان بە گشتی و کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی بە شێوەیەکی مەنتقی و بە پێی هەل و مەرجی کوردستان لە لایەک و ئێران لە لایەکی دیکەوە سیاسەتیان کردبایە و لە بیری قازانجی هاوبەشی کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکە لە ناوچەدا بوونایە، دەبوو بەڕاستی دۆستی کوردبان و پشتیوانیان لە سەربەخۆیی کوردستان کردبایە، چونکە لە زۆر بـارەوە کـورد و فـارس و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران قازانجیان لەوە دایە کە دراوسێی باشی یەکتر بن و لە ئیمکاناتی یەکتر بەهرە وەرگرن، لە جیاتی ئەوەیکە بە درێژایی دەیان ساڵ پێکەوە لە کێشە دا بن و شەڕ و خوێنڕێژیان لە بەین دا ڕوو بدا و سەرمایەی ماددی و مەعنەوی هەموویان لە بەربەرەکانی لە گەڵ یەکتر دا بە فیڕۆ بچێ.

چ دەبو ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە بەر ڕووناکیی تاقیکردنەوەکانی وڵاتانی پێشکەوتوی دنیادا، کە هەمووشیان باش لێی ئاگادارن، هەوڵیان بدایە بۆ پێکهێنانی یەکیەتیەکی دڵخوازانە لە نێوان هەمو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کۆنفدڕاسیۆنێکی وەک یەکیەتیی ئوروپایان پێک هێنابا. چ دەبو کاربەدەستانی ئێرانی کە خۆیان زۆر بە زیرەک و لێهاتو دەزانن، لە جیاتی ئاژاوەنانەوە لە ناوچە، ئەزیەت و ئازاری نەتەوە بندەستەکانی ئێران، ئێعدامی ئازادیخوازان و ڕاوەستان لە دژی مافەکانی گەلانی ناوچە هەوڵی ئەوەیان دابایە کە پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانە لە ناوچەدا جێگیر بێ و هەموو نەتەوەکان ببنە خاوەنی مافەکانی خۆیان و هەمووشیان لە ئیمکانات و سەرمایەی ئەو ناوچە دەوڵەمەندەی جیهان پێکەوە کەڵک وەربگرن؟

بـەڵام مخابن ئـەوەی بیری لـێ نـاکـەنـەوە قـازانـجی هـاوبـەشی نـەتـەوەکـانی ناوچەیە. ئـەوان هێندە لە زەلکاوی شۆوێنیزم ڕۆچـوون کە پێیان وایـە هەموو نەتەوەکانی نـاوچـە دەبـێ کڕنۆشیان بۆ بـەرن، نەتەوەکانی نێو ئێران دەبێ بە شـارۆمـەنـدیی پلە دوو ڕازی بـن و هـەمـووان بێنە سـەر خـەتی فکریی دواکـەوتـووی ئـەوان کە هیچ چارەسەرێکی بۆ گرفتی مرۆڤی ئەوڕۆیی پێ نییە و ئینسانەکان بە دوو دەستەی بڕیاردەر و کۆیلەی گوێ لە مست دابەش دەکا.

ڕووحانی ئیددیعای کرد کە هۆگری بۆ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، ئەوە لە کاتێک دایە کە هەر بە بیستنی مەسەلەی ڕیفڕاندۆم لە باشوری کوردستان کێچ کەوتە کەوڵی ڕژیمەکەی و دەستیان کرد بە هات و هاوار و پەنا بردن بۆ دوژمنەکانی دیکەی کورد و ڕاگەیاندنی مانۆڕی نیزامی و هەوڵدانێکی سیاسی چڕ و پڕ لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بۆ ئەوەی بتوانن پێش بەوە بگرن کە باشووری کوردستان لە پرۆسەیەکی دێموکڕاتیدا بڕیار لە چارەنوسی خۆی بدا. کاتێکیش هەوڵەکانیان سەری نەگرت و کوردستان بۆ هەڕەشە و پلانەکانی ئەوان نەچەمایەوە، دەستیان کرد بە ڕێکخستنی مانۆڕی نیزامی لە سنورەکان و هەڕەشەیان کرد کە سنورەکان دادەخـەن، پەیوەندییەکان دەپسێنن و پشتیوانیی نیزامی لە دەوڵەتی شیعەی عێراق دەکەن تا هێرش بکاتە سەر کوردستان. قاسمی سولەیمانی کە ئارشیتێکتی ئاژاوەیە لە ناوچەدا وەخۆ کەوت و میلیشیاکانی خۆی جووڵاند کە بە ناوی حەشدی شەعبی لە نێو عێراقدا زۆرتر بۆ تەشەنە پێکردنی ناکۆکیەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق دروستی کردوە. بە پێی هێندێک هەواڵ هەر ئێستا بە شێکی بەرچاو لە حەشدی شەعبی و سوپای قودس لە سنوری پارێزگای کەرکووک لە حاڵی ئامادەباشی دان بۆ هێرش کردنە سەر پارێزگای کەرکووک.


ئاغای ڕووحانی ئەگەر هێندە دڵسۆزی کوردە و بە قەولی خۆی هۆگریی بۆ کورد هەیە، با دەستوور بدا سوپای قودس و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم دەست لە ئاژاوەگێڕی دژی خەڵکی کوردستان هەڵگرن. با زیندانیەکانی ئەم دواییانە کە زیاتر لە ٣٠٠کەسن و تەنیا بە خاتری خۆشحاڵی دەربڕین بۆ ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی براکانیان لە باشووری کوردستان دەستبەسەر کراون ئازاد بکا. با فشار لە سەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگرێ و خاڵە سنووریەکان نەبەستێ کە ژیانی بەشێکی زۆر لە ناوچە سنووریەکان بەستراوەتەوە بە ئاڵوویر لەو سنوورانەدا. با دەستور بدا چیدی کۆڵبەرانی کورد نەکوژن کە بۆ پاروە نانێک مەجبوورن کۆڵبەری بکەن.

بەڵام ئاغای ڕووحانی ڕاست ناکا، ئەو نەک تەنیا هیچ هۆگریەکی بۆ گەلی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستان نییە، بەڵکو وەک هەموو دوژمنانی دیکەی نەتەوەی کورد چاوی بە وە هەڵنایە کە لە بەشێکی کوردستان دا ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی بکرێ و ئەو گەلە ژێر چەپۆکەی کە زیاتر لە سەد ساڵە چاوەڕوانی ڕۆژێکی وا دەکا، بتوانێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەکار بێنێ و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ.

ئاغای ڕووحانی وەک عادەتی هەمیشەیی ڕێژیمەکەی، لە لایەکەوە فریو دەدا و ڕیاکاری دەکا و لە لایەکی دیکەشەوە هێرش دەهێنێ و جینایەت دەکا. ئەو مەبەستی ئەوەیە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هانای براکوردەکانیان لە باشورەوە نەیەن و بە خاتری ئەوان شەقامەکان نەشڵەژێنن. بەڵام خەیاڵی کاربەدەستانی ئێران و ڕێژیمەکانی دیکەی دژی کورد خاوە، ئەگەر فشاری زۆرتر بێنن و نیازیان هەبێ ئەزموونی باشوور تێکبشکێنن، جۆش و خرۆشی کوردستانیان لە ڕۆژهەڵات و باکور و باشور و ڕۆژ ئاوا، تەختی دەسەڵاتیان وەلەرزە دێنن و دوڕگەی ئارامیان لێ دەشێوێنن.

* ئەو وتارە چەند ڕۆژ پێش هێرشی حەشدی شەعبیی سەر بە ئێران بۆ سەر باشووری کوردستان نووسراوە

# ئێرانییەکان و پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس



عومەر باڵەکی

دوابـــەدوای گشتپرسییەکـەی هـەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق زۆر دەنگی نارەزایەتی نەک هەر نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لە نێو خەڵکانی دیکەش لە ئێران سـەری هەڵدا کە هەتا ئاستی هەڕەشە و چاو سوورکردنەوە لە دەسەڵاتی هەرێم و خەڵکی کوردستان چوون. لە نێوەدا هێندێک بەنـاو ڕووناکبیر و شـارەزای قانوونیش بە ناحەق کەوتوونەتە نێو بازنەی دژایەتیی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بێ ئەوەی بۆ چرکەیەک لەگەڵ ویژدانی خۆیان خەڵوەت بکەن و پرسیار لە خۆیان بکەن ئەوی ئەوان بە ناوی پاساوی قانوونی بۆ ڕەدکـردنـەوەی گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان دیهێنەوە لە جێی خۆی دایە؟ یان بۆ هەر کاتێک نەتەوەی کورد لە هەر کام لە پارچەکان داوای وەدەستخستنەوەی مافەکانی خۆی کرد بە زمانی هەڕەشە و پاکتاوی ڕەگەزی و سیاسەتی سەرکوت بەرەنگاری دەبن؟ یا لە هەلومەرجی هەرێمی کوردستاندا کە توانی لە فەزایەکی تـەواو دیموکراتیکدا و لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگەوە بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بڕیار لە سەرچارەنووسی خۆی بدا، پەنا دەبەنە بەر خوێندنەوەی جیاواز لە یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بڵێن ئەو گشتپرسییە لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان ناتەبایە.

وەدستخستنی مافەکانی بە گژ دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیدا چۆتەوە و پاشان بۆ سەرخستنی شۆڕشی دژی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمیکی دیموکراتێک شانبەشانی نەتەوەکانی دیکـەی ئێران چـالاک بـووە و خوێنی داوە. داوی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی گەلی کورد چاوەڕوانـی ئـەوە بـوو مافەکانی بە ڕەسمی بناسرێ و لە بەڕیوەبردنی وڵاتدا بەشدار بێ، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی تازە پێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی وەڵامی نیازپاکی و ئاشتیخوازیی کوردیان بە ئاگر و ئاسن دایـەوە و هەر بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتن کە ڕێژیمی پەهلەوی بڕیبووی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕێبەریی جووڵانەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کوردی لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستـانی کـەوتبوو سـەر شانی، شوعارەکەی دیموکراسی بۆ ئێران و خودمـختـاری بۆ کـوردسـتـان بـوو، هـەروەهـا هەمیشەش لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ڕێگای چارەسـەری کێشەی نێوان دەسـەڵات و گەلی کورد تەنیا دانیشتن لە سەر میزی وتوێژ و لێک تێگەیشتنە. بـەڵام ئایا ئاغای عیمادەدین بـاقی نـازانـێ کـە تیرۆریستەکانی کـۆماری ئیسلامی ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد، دوکتور قاسملوویان لە سەر میزی وتوویژ شەهیدکرد، ئەویش وتووێژ لە سەر بنەمای پەیامی ئاشتی و



لـەو نـووسـیـنـەدا فـۆکـوس دەکـەمـە سـەر بەیاننامەی ٢٦٠ پارێزەرەکەی دادگوستەری و نووسینێکی عیمادەدین باقی_ لە ڕوخسارە دیارەکانی ئیسلاح تەڵەبەکان_ کە هەوڵیان داوە بە هێناوەی بەڵگەی زۆر، بـەڵام دوور لـە زانستی دادپـــەروەی، بە دەمـارگـرژی ئیستدلالی ئـەوە بکـەن کە گشتپرسییەکەی هـەرێـمی کـوردسـتـان پـێـچـەوانـەی قانوونە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانە و ناشەرعییە.

ئاغای عیمادەدین باقی جارێ هەر لە پێشەکیی نوسراوە دورودرێژەکەیدا چاو لە ئاستی مافی کورد وەک نەتەوەیەک دەنووقێنێ و بە پەلە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکا و دەڵێ: «لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ساڵی ١٣٦٠ چەند ڕێکخراوێکی توندئاژووی ناسیونالیستی بە هەڵگیرساندنی شەڕ بە تەما بوون ئێران لەت لەت بکەن، بەڵام بە هەوڵ وهیمەتی هەمووڵایەک کوردانی میانەڕۆ بە سـەر ئـەو توندڕەوانـەدا زاڵ بوون و ئیزن نـەدرا پارچەیەک لە خاکی ئێران جیا بێتەوە.» لە بەیاننامەی پارێزەرانیشدا بـەو شـێـوەیـە بـاس لـەو بـابـەتـە دەکـرێ: «ئاشتی و ئەمنیەت لە گرینگترین بنەماکانی مـافی مـرۆڤـن و لـە ڕێـگـای حـورمـەتـدانـان بۆ ئوسوولی لەمێژینەی قانوونە نێونەتەوەییەکان وەک مافی حاکمییتی میللی، سەربەخۆیی و تەواوەتیی ئەرزیی وڵاتـەکان دابین دەکـا...»

بەڕاستی ئەو دەستە لە پارێزەران و کەسانی وەک عیمادەدین باقی ئاشنا بە مێژووی کورد نین، یا خۆیان لە ئاستی ڕاستییەکان گێل دەکەن و زیاتر لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان و دەسەڵات پێ لە ویژدانی خۆیان دەنین کە ئاوا دەڵێن. لانیکەم مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان شاهیدی بۆ ئەوە دەدا کە هیچ کام لە جووڵانەوەکان دروشم و بەرنامەیان جیابوونەوە لەو وڵاتانە نەبووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا هێناگۆڕیی ئەو باسە و جیابوونەوە لەو وڵاتانە و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی مافی بێ ئەملاولای کوردە. بۆ نموونە ئەوەی ئاغای عیمادەدین باقی لە سـەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان باسی دەکا ئەسل و ئەساسی نییە، چونکی کورد لە ئێران پێش هـاتـنـەسـەرکـاری کـۆمـاری ئیسلامی بۆ

چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا.

لە لایەکی دیکەوە پاراستنی ئاشتی و ئەمنیەت لە ناوچەکەدا هەر وەک گوترا هەمیشە ویستی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووە و لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا خەبات و بەرگریی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاشتی و مافی ڕەوای ئینسانی بـووە، بـەڵام ئـەوە هەمیشە دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر کوردستان بوون کە شەڕیان بە سەر کوردستاندا سەپاندووە، و لـە جینایەتی جەنگی ڕا بگرە هەتا دەگاتە ژینۆسـاید، دەستیان لـە کـورد نـەپاراستوە.

واباشە ئیمزاکەرانی بەیاننامەی پارێزەران و عیمادەدین باقی و هاوبیرەکانیان بە جێی ئەوە کورد و جووڵانەوەکانی بە شەڕئەنگێزی تاوانبار بکەن، یەکەم کاریان ئەوە بێ کە چاو بە نێوەڕۆکی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا بخشێنن کە لە (الف)ی سەرەتاوە هەتا (ی) کۆتایی پڕە لە پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان، مەزهەب و ئایین و مافەکانی مرۆڤ؛ چونکە قانوونی ئەساسیی ئێران وا داڕێـژراوە کە تەنیا لە بەرژەوەندیی نەتەوە و مەزهەبێکدایە . ئەو بەڕێزانە کاتێک باس لە پاراستنی حاکمییەتی میللی دەکـەن چاوەڕوانیی شتێکی زۆر سەیریان لە تاکەکانی نەتەوەیەک هەیە کە هیچ هەستێکیان بۆ ئەو حاکمییەتە نییە. ئـەو بـەڕێزانـە کە ئاشنا بە قانوونن دەبێ مانای ئەو دەستەواژەیە باش بزانن کە بە چی دەگوترێ حاکمییەتی میللی و چۆنیش دەبێتە جێگای ڕێز. کاتێک حاکمییەت دەبێتە میللی کە سەرچاوەکەی هەڵقووڵاو لە خەلک بێ و تەعبیر لە ئیرادەی خەلک بکا یان لە وڵاتێکی وەک ئێران کە فرە نەتەوەیە، سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵات وا دابڕێژرێ کە لە ڕووی قانوونی و کردارییەوە هەموو لایەک بەبێ جیاوازی خۆی تێدا ببیننەوە و لەو خۆ دیتنەوەدا تاکی هەر نەتەوەیەک شانازی بە هاووڵاتیبوونی خۆی بکا. بەڵام چ لە ڕابـردوودا وچ لە ئێستادا تاکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەو هەستەی لا دروست نەبووە کە خۆی بە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە بزانی کە تێیدا دەژی، لەبەر ئەوەی لە ڕووی قانوونییەوە مافی بەشداریی لە جومگەکانی بەڕێوەبەری وڵاتدا نییە و ناتوانی

کاریگـەریی هـەبێ لـە سـەر دیـاریکردنی چارەنووسی خۆی لە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیدا تەنیا لە سەریەتی کە گوێڕایەڵی دەسـەڵات بێ. هەر بۆیە تاکی کورد بە گشتی مـادام خـۆی لـە چـوارچـێوەی حاکمییەتی ئەو دەوڵەتانەدا نابینێتەوە بە دوای ڕێگا چارەیکدا دەگەڕێ کە بتوانێ پێناسەی نەتەوەیی و شوناسی خۆی پێ بکا . ئەگەر وایـە داوای کورد چ لە باشووری کوردستان لە ڕێگای گشتپرسی و چ لە پارچەکانی دیکە لە ڕێگای خەباتی فرە ڕەهەندەوە لە چوارچێوەی هەموو ئەو قانوونانەدا جێ دەگرن کە لە بواری پاراستنی مافی نەتەوە ژێر دەستەکان و مافی مرۆڤەوە دەرچوون. هەروەها دەبێ بەو بەڕێزانە بڵێم ئەوە قانوونی ئەساسی ئێران و ئـەو وڵاتـانـەی کوردستانیان بـەسـەردا دابـەش کراوە لەگەڵ نێوەڕۆکی جاڕنامەی گەردونیی مافی مـرۆڤ و مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەی حقوقی سیاسی _ مەدەنی ناتەبان، نەک داوای کورد بۆ دیاریکردنی چارەنـووسـی خـۆی لـە ڕێگای گشتپرسییەوە.

بە پێی ماددەی (١)ی پەیماننامەی مافە سیاسی _ مەدەنییەکان؛ «هەموو نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە خودمختار بن و بە پێی ئەو مافە نەتەوەکان ئازادەن هەلومەرجی سیاسیی خۆیان دەستنیشان بکـەن و هـەلـومـەرجی پـەرەپـێدانی ئـابـووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆیان ئازادانە دابین بکەن.» بـەڵام ئاغای عیمادەدین باقی دەیەوێ بە پشتبەستن بەو مادەیە لە پەیماننامەی مافە مـەدەنـی _ سیاسییەکان، گشتپرسیی هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی قانوونە نێودەوڵەتییەکان دابنێ و دەڵـێ: «ئـەو ماددەیـە تایبەت بـووە بە ئـەو وڵات و نەتەوانەی لەژێر چاوەدێری(تحت قیـمـومـیت)دا بـوون و دوای شـەڕی جیهانی دەبوایە چارەنووسیان ڕوون کرابایەوە.» لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییە وەبیر ئەو بەڕێزانە بێنمەوە کە ئـەوەی کـوردی لـە مـافی بـە دەوڵـەتـبوون بێبەش کردوە ئەوە نییە کە کوردستان وڵاتێکی «مستعمرە» نەبووە بەڵکوو لەو سەردەمەدا کە نەتەوەکانی ژێردەست ئازاد دەبوون و دەوڵەتی خۆیان پێکدێنا، بە هۆی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی بێ ئەوە پرس بە گەلان بکرێ نەخشەی دەوڵەت_نەتەوە نوێیەکان دادەڕێژران و لەو نێوەشدا کوردستان و نەتەوەی کورد لە هەمووان زیاتر زیانی بەرکەوت و بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرا. لە هەمان کاتدا دەبینین کە بـەرژەوەنـدیی زلهێزەکان چەندین دەوڵەتی دیکەیان هێنا سەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی جیهان کە نە «مستعمرە» بوون و نە لە پێشدا بەو شێوەی ئێستا بوونیان هەبووە . هەر وەک لە سـەرەوە باسمان کرد مـادەی (١) ی پەیماننامەی مافە مـەدەنـی _ سیاسییەکان باس لـەوە دەکا کە هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ خودموختار بێ ولێرەدا خوێندنەوە بۆ وشەی خودمختار ئەوە نییە کە ئاغای عیمادەدین باقی باسی دەکا، بەڵکوو لـەو مـادەیـەدا خودموختار بەو مانایە هاتووە کە هەموو نەتەوەیەک ئازادە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی چونکە هەر لەومادەیەدا هاتووە کە:»نەتەوەکان هەلومەرجی سیاسیی خـۆیـان ئـازادانـە دیـاری دەکـەن ...»

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەی پارێزەراندا هاتووە «کە پێکهێنانی دەوڵەتێکی (قومی) لە دەراوسێیەتی ئێران ئەویش بە ناوی یەکیک لە پارێزگاکانی ئێران بە ئاشکرا پێشێلکردنی قانوونە نێونەتەوەیەکانە و هـەم دەبێتە هـۆی دنـەدانـی جیاییخوازیی و پێشێلکردنی سەربەخۆیی و حاکمییەتی میللی و تەواوەتیی ئـەرزی وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانی عیراق و لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکی گـەورەی ئەمنیەتییە لە سەر جیهان بە تایبەتی لـەسـەر نیشتمانی خۆشەویستمان ئـێران... «

کاتێک ئـەو خاڵە دەخـوێنمـەوە باشتر بۆم دەردەکـەوێ کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چەندە ویرانە. کاتێک پارێزەری قانوون و مـافی ئینسانەکان چـەنـدە نـاشارەزایـانـە و ناقانوونیانە ئیستدلال دەکەن کە نابێ دەوڵەتێک بە ناوی کوردستان پێک بێ، چونکە ناوی یەکیک لە پارێزگاکانی ئێرانە (پارێزگای کوردستان). یانی ئـەوان نازانن یان چونکە باسی کوردە خۆیان لە گێلی داوە کە لە دراوسێیەتیی ئێران وڵاتی ئازربایجان هەیە، ئەویش لە کاتێدا دوو پارێزگای ئـێران هـەر ئێستا بـەو نـاوە لـە سـەر ئـەرزی واقع هەن و لانیکەم هەتا ئێستا نەزانراوە چ لە

ل٥

کوردستان
ژمارە:٧١٢
٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٦ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

# له سەرکەوتندا هەمووکەس قارەمانه
# ئازا ئەو کەسەیە لە شکستیشدا قارەمان بێ

سامان خزری

**هاودەردی لەگەڵ بەشەکانی دیکە ئەگەر هەوڵ وتەقەلای بەکردەوە بۆ ڕزگارکردنی بەشەکەی خۆمانی لەپشت و لەپێشەوە نەبێ خۆفریودان و کوردایەتیی بێ باج و خەراجە. ئەگەر ئێران زۆرجار چاو لە دەربڕینی هەستی هاودەردی بەرامبەر بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەپۆشێ، لە خۆشەویستی بۆ کوردان نییە، بەڵکوو دەیەوێ بڵێ کورد لە ئێران لە هیچی کەم نیە و هە رئەوەندەی ماوە خەمی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان بخوا**

دۆستێکم لە نێوخۆی وڵات هەیە کە زۆرجار بە تەلەفون قسەی لەگەڵ دەکەم و لەهەموو بابەتێک دەدوێین. دوێنێ (دووشەممە ٢٤ی ڕەزبەر) دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕووداوەکانی کەرکووکی باشووری کوردستان بە پەشۆکاوییەوە تەلەفونی بۆ کردم و دوای چاکوچۆنییەکی بەپەلە بە پشووسواری پرسی بۆخاتری خوا ئەوە چیە؟ دڵمان تۆقی، ئێستا لە هەمووماڵێک تازیەیە و هەموو کەس خەفەتبارە. هەرچەند لەوکاتەدا بۆخۆشم هەر بەقەد ئەو دۆستەم لێ دەزانی، هەرچۆنێک بوو کەمێکم دڵخۆشیی ئەو دایەوە و بەڕواڵەت ئارامم کردەوە. بەڵام لەپاڵ خۆمدا هەر بیرم لێدەکردەوە و پێیەوە دەتلامەوە. هەتا ئەمڕۆ پاش دەرکەوتنی بەشێکی دیکە لە ئەڵقەکانی ئەو سێناریۆ خەمبزوێنە، بیرەکە بوو بە هەوێنی ئەم وتارە.

بەداخەوە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پڕە لەو جۆرە تراژیدیایانە و کورد لە درێژایی ئەو خەباتە ڕەوا و پڕسەروەرییەدا زۆرتر ئەم جۆرە ڕۆژانەی تاقی کردۆتەوە و کەمتر بووکی ئاواتی لەمێژینەی لەباوەش گرتوە. داخی گەورەتریش ئەوەیە کە زۆرجار تراژیدییەکان پتر لەجارێک دووپاتە بوونەوە و کوردەکە کەمتر دەرس و ئەزموونی لێ وەرگرتوون. ئەگەر بمانەوێ لە ڕووداوە دڵهەژێنەکانی ئەو دوو ڕۆژەی باشووری کوردستان ورد بینەوە، بەجێیە شوێنەوارەکانی لەسەر ژیان و خەباتی کوردانی باشوور و کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و (لێرەدا خۆرهەڵاتی کوردستان) بە جیا بخەینە بەر باس.

### لەبارەی باشووری کوردستانەوە:

گەلی کورد لە باشووری نیشتمانی دابەشکراوی کورد، مێژوویەکی دووروودرێژ و پڕحەماسە و فیداکاری و قوربانیدانی هەیە. بەئاسانی دەتوانین بڵێین باشووری کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا پتر لە هەموو بەشەکانی کوردستان شانۆی خەبات و تێکۆشانی قارەمانانە بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییە ڕەوا و زەوتکراوەکانی نەتەوەی کورد بووە. بەو پێیە ئەم بەشەی خەڵکی کوردستان زۆر ڕۆژی پڕشنگداریان بەخۆوە دیون و زۆر ڕووداوی تاڵ و نەخوازراویشیان تاقی کردوونەوە. کەوایە لەو بارەیەوە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندن و دەگەڵ هەموو گەورەیی ئەم کارەساتە لەتوانایاندا هەیە لەو هەورازەش سەرکەون و ئەم کۆسپەش تێپەڕێنن.

بۆیە جێی دڵگرانی و سەرسوڕمانە کە دەبینین لەم نسکۆیەدا سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی باشوور بە جۆرێک هەڵچوون و شڵەژاوییەوە بەرەوڕووی ڕووداوەکە بوونەوە. چونکە کەوتوونەتە تۆمەتبارکردنی یەکتر و تەنانەت بێ پەروا ناووناتۆرەی وەک خائین و خۆفرۆش و کوردفرۆش بەسەر یەکتردا دەبەشنەوە. کار گەیوەتە جێگایەک کە نیگەرانی لە لێکترازان و دروستکردنەوەی دوو ئیدارەیی و لەوەش زیاتر دابەشکردنی باشووری کوردستان دڵ و هەناوی هەموو دڵسۆزێکی کوردی داگرتوە. واتە ئەگەر لە پەیمانی سایکس _ پیکۆ کوردستانی گەورە لەسەر دەستی دەسەڵاتە سەردەست و بێدەربەستەکان کرایە چوار بەش، ئێستا مەترسی هەیە دووەمین چووکترین بەشی وڵاتەکەمان لەسەر دەستی کورد خۆی بکرێتە سێ بەش: زۆنی زەرد و زۆنی سەوز و زۆنی «مۆر».

گومان لەوەدا نیە کە ئەوەی لەو دووڕۆژەدا بەسەر کورد و بزووتنەوە دادخوازانەکەی هاتوە یەکێک لە گەورەترین نەهامەتییەکانی مێژووی هەموو کوردستانە. بەڵام ئەمە نابێ دەستوپێ لە ڕێبەرانی کورد ون بکا و لەجیاتی هەوڵی یەکڕیزی و دۆزینەوەی هۆ یان هۆیەکانی ئەم کارەساتە، ڕیزەکانیان لێک بترازێنن و کارەساتێکی گەورەتر بخوڵقێنن. ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو پێکەوە و هەر حیزبە بەجیا و تەنانەت هەرسەرکردەیەک لەبەر خۆیەوە بیر بکەنەوە کە ئەوەی ڕووی دا چەندی خەتای خۆم و خۆمان بوو و چەندی بەهۆی نەخشە و پلانی دوژمنانەوە بوو. وەختی ئەوەیە هەر لایەنە بەشی خۆی لە بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ و ئازایانە داوای لێبووردن لە نەتەوەکەی بکا. ئاسانترین کار ئەوەیە لە هەر ڕووداوێکدا تۆمەت بدەیە پاڵ خەڵک و پاکانە بۆخۆت بکەی، بەڵام ئەمە ناتوانێ برینەکە چارەسەر بکا و زیانەکە قەرەبوو بکاتەوە.

### بۆ کوردی خۆرهەڵاتی کوردستان:

ئەوە کە کوردی خۆرهەڵات دڵی دەگەڵ کوردی باشوورە و لە سەرکەوتن و نەهامەتییەکانیدا خۆی بە شەریک دەزانێ هەستێکی زۆر پیرۆزی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتییە. دیتووشمانە کە لە زۆربەی ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی باشووری کوردستاندا هەست و سۆزی خۆرهەڵاتییەکان لە هی باشوورییەکان گەرموگورتر دەرکەوتوە و بەربڵاوتر خۆی نواندوە. بەڵام کوردی خۆرهەڵات دەبێ لەبیریان بێ کە پێش هاودەردی و هاوپێوەندیی کوردی باشوور و باکوور و خۆرئاوا ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەی گرنگتریان لەسەر شانە. دەگەڵ ئەوەی هەموو ویژدانێکی سالم دەزانێ کوردستان یەک وڵات و کورد یەک نەتەوەیە، نابێ ئەو ڕاستییە لەبەر چاومان ون بێ کە بەدەر لە ویستی ئێمە کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و ئەرکی بنەڕەتیی کوردی هەر بەشێک خەبات بۆ پساندنی کۆت و بەندی دیلی و ژێردەستی لە شان و ملی خۆیەتی.

دەگەڵ داوای لێبووردن لە هەموو ڕۆڵەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان و شانازی بە هەستی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی ئازایانەیانەوە، ئیزن دەخوازم بڵێم هاودەردی لەگەڵ بەشەکانی دیکە ئەگەر هەوڵوتەقەلای بەکردەوە بۆ ڕزگارکردنی بەشەکەی خۆمانی لەپشت و لەپێشەوە نەبێ خۆفریودان و کوردایەتیی بێ باج و خەراجە. با لەبیرمان نەچێ ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆرجار چاو لە دەربڕینی هەستی هاودەردی بەرامبەر بەکوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەپۆشێ، نە لەبەر دێموکڕاتبوونیەتی نە لە خۆشەویستی بۆ کوردانی دەرەوەی ئێرانە. هەر ئەو پیلانگێڕییە تازەیەی لە دژی کوردی باشوور کردی بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم بۆچوونەیە. کەوایە کۆماری ئیسلامی بەو چاوپۆشییە دەیەوێ وا بە دنیا نیشان بدا کە کورد لە ئێران لە هیچی کەم نیە و هە رئەوەندەی ماوە غەمی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان بخوا. قسەی خۆمان بێ تاڕادەیەکیش توانیویەتی لەو بوارەدا سەر بکەوێ.

دەردی کوردی خۆرهەڵات شتێک نیە هیچکەس بۆیان بەیان بکا. ئەمە ئازارێکە هەموو کوردێکی خۆرهەڵاتی بە ئێسک و پێست و گۆشت و خوێن هەستی پێدەکا و پێیەوە دەتلێتەوە. ئەمە دردێکیشە نە بەو هاودەردییانە دەرمان دەکرێ و نە جگە لەخۆیان بەهیچ کەس دەرمان دەکرێ. خۆفریودانیش نیە ئەگەر بڵێین کورد لە ئێران بەومەرجە بۆخۆی لە غەمی خۆیدا بێ ئاسۆیەکی ڕوونی لەبەر دەمە. چونکە داخوازەکانی ڕەوان، پلەیەکی بەرزی لە وشیاریی سیاسی و نەتەوایەتی هەیە و ئەگەر لە مەیدانەکەدا چالاک بێ دەتوانێ بەزوویی و بەئاسانی هاودەردییەکی بەرینی بیروڕای گشتیی جیهان و تەنانەت کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیش وەدەست بێنێ، چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەر لەجێدا ڕێژیمێکی بەدناو و بێزراو بووە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر لەڕادەی جیهانیدا تاک و تەریک کەوتۆتەوە.



کەوایە ڕۆژی بڕیار و هەستانەوەیە. پێویست ناکا (وەک زۆر جارمان دیتوە) چاومان لەخەباتی پێشمەرگانە یان چالاکیی حیزبە سیاسییەکان بێ. مەیدان بۆ دەربڕینی داخوازەکان زۆر و زەوەندن. دەبێ لە هەموو دەرفەتەکان کەڵک وەربگیرێ و هیچ بوارێکی تێکۆشان بە کەم نەگیرێ. خۆ ئەگەر شێوەی خەبات و بەرەنگاری کەم تێچووتر بێ زۆر باشتریشە و هەر هەنگاوێکمان دەتوانێ ڕێخۆشکەری هەنگاوی دواترمان بێ.

### له کۆتاییدا:

دەڵێن هەتا شەو تاریکتر بێ بەیانی ڕووناکتر دەبێ. لەخۆمانی ناگۆڕین کە ئەوەی دووشەممەی ڕابردوو ڕووی دا کارەساتێکی جەرگبڕ بوو کە هەر نەبێ بۆ ماوەیەک زۆر لە هیوا و هومێدەکانی لە دڵی دڵسۆزانی کورددا سڕیەوە. لە هەمووشی تاڵتر ئەوە بوو کە دیتمان ئەو گشتە «دۆست»ە هەرێمی و نێودەوڵەتییە کە هێندێ کوردی خۆشباوەڕ هومێدیان پێ بەستبوون لەو تراژیدییەدا متەقیان لەخۆ بڕی و حاشا لە هاودەردییەکی سەرزارەکییش، کە بەحەق بۆ پەندلێوەرگرتن دەبێ. بەڵام گەلانی ئازادیخوازی دنیا بەزۆر ئەزموونی وا تاڵدا تێپەڕیون و سەرەنجامیش بە ماف و ئامانجە ڕەواکانیان گەیشتوون. بە دڵنیاییەوە کوردیش لەو ڕێسایە هەڵنابڕێ.

لە گەورەپیاوێک دەگێڕنەوە کە دەڵێ: «قارەمان ئەوە نیە قەت نەکەوێ، قارەمان ئەوەیە دوای هەموو کەوتنێک هەڵستێتەوە». ئێمەش بێگومان پشت لەژێر باری ئەم نوشوستییە ڕاست دەکەینەوە. بەڵام با فێر بین نە له سەرکەوتندا لەخۆمان بایی بین و نە لە ڕۆژی تەنگانەدا بڕووخێین و ورە بەردەین و ناهومێد بین.

درێژەی:

# ئێرانییەکان و پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس

سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە نارەزایەتییەک بووبێ لەسەر ئەوە. لە لایەکی دیکەوە وادیارە ئەو بەڕێزانە ئاشنا بە جوغرافیای کوردستان نین، سەدان ساڵە ئەو ناوچەیە کوردستانە و هەر بە کوردستانیش دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەوە لانیکەم لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و نووسینەوەی قانوونی بنەڕەتیی نوێ بۆ عێراق، باشووری کوردستان وەک پێکهاتەیەکی سیاسی_ ئیداری بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە هەم لە نێوخوی عێراق و هەم لە کۆمەڵگای جیهانی بە حکومەتی ئێرانیشەوە بە ڕەسمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە.

لێرەدا پێویستە وەبیر نوسەرانی ئەو بەیاننامەیە بێنمەوە کە ناولێنانی پارێزگای سنە (ئەردەڵان) بە ناوی «کوردستان» لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی هۆکاری سیاسیی لە پشت بووە و مەبەستی ئەوە بووە کە بە کۆمەڵگای ئێران و جیهان بڵێن کورد لە ئێراندا هەیە و دەوڵەتی ئێرانیش مافی دەپارێزێ و تەنانەت ناوی ژێنگەگەشی پاراستوون و بەناوی پارێزگای کوردستان لە سەر ڕووبەری نەخشەی سیاسیی ئێراندا جێ گرتووە؛ کۆماری ئیسلامیش ئەو سیاستەی درێژە پێ داوە لە حاڵێکدا کوردستانی بەشی ئێران چوار پارێزگای (ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام) لەخۆ دەگرێ .

هەم بەیاننامەکەی «وکلای دادگستری» هەم وتارەکەی ئاغای عیمادەدین باقی باس لە بەسەرچوونی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکەن، بە داخەوە وادیارە ئەو تیورییە ڕاستە کە هەر نەتەوەیەک باڵادەست بوو لە جیاتی نەتەوەکانی دیکەش بیر دەکاتەوە. ئەو بەڕێزانە وادیارە مەسەلەی نێوخۆیی و دەرەکیان لێ تێک چووە و خۆیان لە پێگەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشور داناوە و لە جیاتی ئەوان بیر دەکەنەوە و لەجیاتی ئەوان بریار دەدەن. بێ ئەوە هەڵویستەیەک بکەن و بیر بکەنەوە کە ئەو شێوە باسکردن لە مەسەلەکان دەستتێوەردانە لە کاروباری وڵاتێکی دیکەدا کە لە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکاندا ڕێگەی پێ نەدراوە. ئەم ڕەخنەیەی ئەو بەڕێزانە لە کاتێک دایە کە نیزیک بە ٩٣لەسەدی ئەو کەسانەی بەشدارییان لەو ڕاپرسییەدا کردوە، بەدەم بانگەوازی سەرۆکی هەرێمەوە چوون و دەنگی «بەڵێ»یان داوەتێ. لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانیش لە ئاستی ناوچە و جیهانیشدا بە ئێرانیشەوە هەم لەو پرسە و هەم لە پرسەکانی دیکەدا کە پێوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێ، لەگەڵ سەرۆکی هەریم و دامودەزگای ئیداری و حکومیی ئەو هەرێمە هەڵسوکەوتیان کردووە.

لێرەدا پێویستە هەم پارێزەرانی نووسەری ئەو بەیاننامەیە و هەم کەسانی وەک عیمادەدین باقی بۆ چرکەیەکیش بێ لە فەزای پاراستنی ئەرزیی ئێران و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ! بێنە دەرێ و چاوێک بە سیستمی بەرێوەبەریی وڵاتەکەی خۆیاندا بخشێنن کە خۆشیان بەشێکن لەو سیستمە و بزانن لە ماوەی نیزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا چەندە مافی کەمینە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبییەکان لەو وڵاتەدا پارێزراوە؟ یان بە جۆرێکی دیکە تێ بفکرن و پرسیار لە خۆیان بکەن کە قانوونی ئەساسیی ئێران بەو هەموو کەموکورییەی کە هەیەتی سەدا چەندی جێبەجێ کراوە و لە خۆیان بپرسن ئایا لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەنگی خەڵک سەنگ و قورسایی هەیە کە وا بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانی باشوور بەردی پاراستنی دەنگی خەڵک لە سینگتان دەدەن؟ پرسیار لە خۆیان بکەن چ لە بواری قانوونییەوە و چ لە بواری عورفییەوە سەرکۆمار و مەجلیس کە بە ڕواڵەت هەڵبژێردراوی خەڵکن بەبێ شووڕای نیگابان و پەسندی ڕێبەری کە هیچ کامیان خەڵک هەڵینەبژاردوون؛ سەنگ و قورساییان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی ئێراندا چەندە؟ ئەو بەڕێزانە کاتێک دەتوانن باس لە کاریگەریی دەنگی خەڵک بکەن کە خۆیان و سیستمە سیاسیەکەیان باوەریان بە دەنگی خەڵک هەبێ.

بەیاننامەکەی «وکلای دادگستری» و نووسینەکەی عیمادەدین باقی و هەموو ئەو کەسانەی لەو ماوەیەدا لە ڕاستای ئەو دوو بۆ چوونەدا نەزەر و ڕوانگەی خۆیان لە سەر گشتپرسیی هەریمی کوردستان نووسیوە، بە دوای یەک ئامانجدا دەگەڕێن، ئەویش ترسیان لە بە دەوڵەتبوونی باشووری کوردستانە کە ببێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ گەلی کورد لە پارچەکانی دیکە. لە ڕاستیدا ئەو هات و هاوار و لە خۆدانەیان بۆ پارچەبوونی عێراق نییە بەڵکوو ترسی دواڕۆژی خۆیان هەیە و بۆیە بۆ ڕێگری لە سەرکەوتنی کورد لە هەر پارچەیەک لە کوردستان هەموو ڕێگایک دەگرنەبەر.

### له کۆتاییدا پێم باشە ڕوو بە کەسانە بڵێم:

١) ئەو سنوورانەی کە لای ئەوان پیرۆزە، بە هیچ جۆر لای کورد و هەموو ئەو نەتەوانەی بە زۆر بە وڵاتێکی دیکەوە لکێندەراوەن پیرۆز نییە، ئەوەش خەتای کورد نییە بەڵکوو دەسەڵاتداران و سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتانە خەتابارەن؛ چونکە هەتا ئێستاش حاشا لە مافەکانی کورد دەکەن و ئیزنیان نەداوە وەک هاووڵاتییەک بەشداربن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و ئەو هەستەی لا دروست بێ کە ئەویش شەریکە لە دروستکردن وگەشە پێدانی وڵات. بە داخەوە ئەو ڕاستییە تاڵە بە قانوون کراوە و لە قانوونی بنەڕەتی ئەو چوار وڵاتەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە هیچ مافێک بۆ کورد دەست نیشان نەکراوە، لە بەرامبەردا ئەرکدار کراوەن کە دەبێ پێبەندی ئەو قانوونەش بن!

٢) بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان و تەنانەت ئایینە ئاسمانییەکانیش هەموو نەتەوەیەک و هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە سەرچارەنووسی خۆی بدا، هەر بۆیە نەتەوەی کوردیش لەو بنەمایە بەدەر نییە و دەتوانی هەر کاتێک هەلی بۆ ڕەخسا بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا.

٣) ئەگەر دەتانەوێ ئێران یا هەر کام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە تووشی ئەو حاڵەتە نەبن کە لێی دەترسن پێویستە بەیاننامە و نووسینەکانتان ڕووی لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێ و باس لەوە بکەن کە چارەسەری مەسەلەی کورد وەک دەرفەت ببینن نەک هەڕەشە.

٤) کورد هیچ کات هۆکاری شەڕ و نائەمنی نەبووە، بەڵکوو هەموو کات فاکتەری بەهێز بووە بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و بە جێگای ئەوەی دژایەتیی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان لە حالی ئێستادا بە تایبەتی بکەن، هەوڵ بدەن لە دەردی کورد وەک نەتەوەیەکی لە ماف بێبەش کراو تێبگەن و هاوکاری بن بۆ چارەسەری ئاشتییانەی ئەو پرسە، نەک بە دژایەتیکردنی هاندەری بن بۆ شەڕ و نائارامیی زیاتر لە ناوچەکەدا. چونکە تا ئێستا دەبێ بۆتان دەرکەوتبێ نەتەوەی کورد کە لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا بەو هەموو نەهامەتییانەی بە سەرتان هێناوە، چۆکی دانەداوە، ئێستا کە هەلومەرجەکەش گۆڕاوە ملکەچ نابێ. ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە هەتا تێڕوانینی ئێوە ئەوە بێ کە لە گوتار و ڕەفتارتان دژ بە کورد دەری دەخەن و بە چاوی ئەمنیەتیەوە بروانە مەسەلەی کورد، بە خاترجەمی ئەو خەبات و مافخوازییە نەک کپ نابێ، بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ.

# هۆکارەکانی وەبەرنەهێنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



سەیران بایەزید حوسەینی

**یەکەیەکی ئابووری هەم بۆ هێنانی مەتریال و ماددەی خاوی پێویست بۆ کارگە و کارخانە، هەمیش بۆ ڕاگواستنی کاڵا و بەرهەم بۆ بازار، تێچوویەکی زۆری دەچێ. نەبوونی هێڵی ئاسن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی فڕگەی گەورە و ئۆتوبانی گونجاو بەدڵنیاییەوە بوار بۆ بەرهەمهێنان ناخۆش دەکەن**

کوردستان ئەگەرچی لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لەوە بێبەشترە دەوڵەمەند و وەبەرهێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، چونکی هۆکارەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنەر لە کوردستان هێندە سنووردارن کە کەمتر سەرمایەدانەرێک ڕیسکی خەواندن و وەگەڕخستنی سەرمایەکەی لە کوردستاندا دەکا.

ئامانجی سەرەکی هەر پڕۆژەیەک و ڕێکخراوێکی ئابووری ڕێکاوڕێک قازانجە. کەواتە بەدڵنیاییەوە یەکێک لە ڕێگەکانی زیاتر قازانجکردن، زانیاری لەسەر وردەکارییەکانی وەبەرهێنان و زاڵبوون بەسەر تێچووەکان و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەیانە. بەڵام لە کوردستان دەبینین هێندێک تێچوو لە سەرەتاوە هێند زەق دەنوێنن کە بەکردەوە کۆنترۆڵکردنیان ئاستەم دەنوێنێ. بۆ تێگەیشتن لەو بابەتە پێویستە چاوێک بە بەشێک لەو تێچووانەدا بخشێنین، کە ڕۆڵی بنەڕەتییان بۆ قازانج و زەرەر هەیە. ڕەوشی ڕێگەبانەکانی کوردستان چ ئاسمانی و چ وشکانی نالەبار و کۆسپی بەردەم وەبەرهێنانە.

سەرەڕای کوێستانی بوون و هەڵەمووتی ڕێگەکان، ئێشتاش کوردستان خاوەن ڕێگەی پان و بەرین و گونجاو نیە بۆ هاتووچۆ، ئەویش لە حاڵێکدا ڕێگەوبان یەکێکە لەو هۆکارانەی وەبەرهێنان ئاسان دەکا و سەرمایە ڕادەکێشێ.

تێچووی هاتووچۆش کە پێوەندی بە چەشنی چالاکیی یەکەی ئابوورییەوە هەیە دەتوانێ هۆکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی وەبەرهێنان بێ، چونکی کاریگەریی گرنگی لەسەر جووڵەی ئابووری هەیە. یەکەیەکی ئابووری هەم بۆ هێنانی مەتریال و ماددەی خاوی پێویست بۆ کارگە و کارخانە، هەمیش بۆ ڕاگواستنی کاڵا و بەرهەم بۆ بازار، تێچوویەکی زۆری دەچێ. نەبوونی هێڵی ئاسن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی فڕگەی گەورە و ئۆتوبانی گونجاو بەدڵنیاییەوە بوار بۆ بەرهەمهێنان ناخۆش دەکەن. ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە ڕێگای تەسک و دووبەرەیە بۆ هاتوچۆ کە بە یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنان دادەنرێ.

خاڵێکی دیکەی وەبەرهێنان لێخۆشبوون و مەعافبوون لە باج وماڵیاتە.

زۆربەی وەبەرهێنەران زۆر بەوردی چاویان لەسەر ڕێژەی معافییەتی باجە لە شوێن و جێ و مەکانی دروستکردنی یەکەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانەکەیان.

هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٣٨٨/٤/١٧ کە لە ناوەندی پارێزگای تاران گیرا، لەسەر پێشنیاری هاوبەشی وەزارەتی باری ئابووری و دارایی، وەزارەتی پیشە و کانگەکان و جێگری بەرنامەڕێژی و چاوەدێری ڕاهبوردیی سەرکۆماری و بە پشتبەستن بە تێبینی (١)، ماددەی (١٣٢)ی هەموارکراوی قانوونی باجە ڕاستەوخۆکانی پەسند کرد.

بەپێی ئەو قانوونە ئەو کارگە و پیشەسازییە تازانەی لە شارۆچکە پیشەسازییەکانی دەرەوەی ١٢٠ کیلۆمێتریی پارێزگای تاران دەکرێنەوە بۆ ماوەی دە ساڵ، معافیەتی باج بە پێی ماددەی (١٣٢)ی قانوونی باجە ڕاستەوخۆکان و چاکسازییەکانی دوای ئەوەش دەیانگرێتەوە.

سەرۆکی گشتی ڕێکخراوی باجی وڵاتیش ڕایگەیاندوە کە ئەو یەکە ئابوورییانەی لە ساڵی ٩٥ەوە دەست بەکار دەبن، معافیەتی باجی پێنج ساڵە دەیانگرێتەوە، کە بە کردەوە نەهاتە دی. بە واتایەکی دی سیاسەتی هاندان بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر کەمە.

هەروەها ئیمکاناتی سنوورداری شارۆچکە پیشەسازییەکانی کوردستان (نەبوونی ناوەندی ئاگرکوژێنەوە و سیستمی پاڵاوتنی ئاوەڕۆی هێڵی بەرهەمهێنان و ...) بەکردەوە وەبەرهێنەران بۆ وەبەرهێنان هان نادا.

یەکێک لە هۆکارەکانیش بەتەواو مانا سیاسییە. سیاسەتی ڕەسمیی دەیان ساڵەی حکومەت لە بارەی خوێندنەوەیان بۆ کوردستان و زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی کوردستانیان بە چەشنێک لە بەر چاوی ئەو خەڵکە ڕەش کردوە وەک بڵێی هەمیشە ئەو نیشتمانە بەرەی بەرەوەی شەڕ و ئاژاوە بێ.

سێبەری سیاسی و شەڕ بە چەشنێک ئەو کەوشەنەی داگرتوە کە بۆچوونی «دەنکە شەمچەیەک بەسە بۆ تەقینەوە»، ناتوانێ پەراوێزێکی ئەمن بۆ بەردەوامی چالاکیی ئابووری لە بیر و هزری وەبەرهێنەرێکدا چێ بکا. سەرەڕای ئەو سنوورە دوورودرێژە دەگەڵ وڵاتانی تورکیە و عێراق، هیچ شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکەوێتە سنووری ناوچە ئازادە بازرگانی وتا یبەتە ئابوورییەکان.

تەنیا ڕێککەوتن لەسەر زیادکردنی شارەکانی بانە و مەریوان وک ناچەی ئازادی بازرگانی کە ئێشتاش بوارێکی گونجاوی بۆ خۆش نەکراوە ناتوانێ دڵی وەبەرهێنەران گەرم بکا. لەلایەکی دیکەوە زۆربەی گەڵاڵەکان لە کوردستان لەسەر کاغەز و لە چوارچێوەی بەڵگەدا ماونەتەوە و کردەیی نەکراون.

بە کورتی و پوختی پەراوێزخستنی کوردستان لە بواری ئابوورییەوە سیاسەتی ڕەسمی و نەنووسراوی ڕێژیمە، کە لە هەموو بوارێکەوە گوڕەپانەکانی ژیانی لە خەڵک سنووردارتر کردۆتەوە.

# ستراتژیی نوێی کۆشکی سپی دەتوانێ قەرەبووی ناکامییەکان بکاتەوە؟



ئالان بەهرامی

سەرەنجام ستراتژیی سەرکۆماری نوێی ئەمریکا و کۆشکی سپی سەبارەت بە حکومەتی ئێران ڕاگەیەنرا. دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری ئەمریکا لە وتارێکی تایبەتدا لەم پێوەندییەدا پابەندبوونی ئێرانی بە «بەرجام» پشتڕاست نەکردوە. بەم چەشنە ئەو مانەوە یان نەمانەوەی ئەمریکا لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیەی بە کۆنگرێسی ئەم وڵاتە سپارد.

وا دیارە سەرکۆمار و دەوڵەتی نوێی ئەمریکا گەیشتونەتە ئەم بڕوایە کە «بەرجام» نەیتوانیوە چوارچێوەیەک بۆ مەزنیخوازی و سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دابنێ. بۆیە ترامپ بە ڕوونی ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێگەی لە تاقیکردنەوەی مووشەکە بالستیکەکان لەلایەن ئێرانەوە ناگرێ، توانای پشکێنەرەکان بۆ چاوەدێری بەسەر دامەزراوەکانی ئێران دا سنووردارە.

لە ستراتژیی نوێی کۆشکی سپی بەرانبەر بە ئێران ڕێگەگرتن لە درێژەی مەزنیخوازی و دەوری تێکدەرانەی کاربەدەستانی تاران لە سیاستی دەرەکیدا پێداگریی لەسەر کراوەتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا بەڕوونی ئاماژە بەم دەورە تێکدەرانە و تیرۆریستییە کراوە کە ئەم ڕێژیمە لە ڕێگای سوپای قودسی سوپای پاسدارانەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بگرە دوورتریش دەیگێڕێ. هەر بۆیە ترامپ وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکای ڕاسپاردوە سوپای پاسدارانی ئێران بخاتە لیستی گەمارۆکانییەوە.

ئەوە کە سیاسەتی گشتیی کۆشکی سپی سەبارەت بە «بەرجام» چ دەبێ، بەستراوەتەوە بە بڕیاری کۆنگرێسی ئەم وڵاتە. بەڵام ئەوەی ڕوونە درێژەی پابەندبوونی کۆشکی سپی بە بەرجام نیشانەی پرسیاری گەورەی لەبەردەم دایە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ترامپ و دەوڵەتی نوێی ئەمریکا بەکردەوە لەم ڕاستییە گەیشتوون کە ملدانی ئێران بە ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی نەک دەستی ئەم ڕێژیمەی لە درێژەپێدان بە بەرنامەی پەرەپێدان بە مووشەکە بالستیکەکان، کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکییشیان هەیە، کورت نەکردۆتەوە، بەڵکوو لە ئاکامی ئەم ڕێککەوتنەدا تواناو سەرچاوە داراییەکانی ڕێژیمی تاران هەم لەم بوارەدا و هەم لە بواری پەرەپێدان بە سیاسەتی مەزنیخوازانە و دەستیوەردەران لە ناوچەدا زیادی کردوە.

لەم نێوەدا بەڵام وڵاتانی ئورووپایی هاوپەیمانی ئەمریکا لە پرسی ناوکیی ئێراندا ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەیە. ئەوان (ئاڵمان، بریتانیاو فەرانسە) وێڕای پێداگری لەسەر نیگەرانییەکانی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئاژاوەگێرانە و مەزنیخوازانەی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرنامەی مووشەکیی ئێراندا، پێیان وایە ناکرێ ئەم پرسانە لەگەڵ «بەرجام» کە دوای ساڵانێک وتووێژ وەدەست هاتوە، تێکەڵ بکرێ. ئەوەش ڕەنگە ئەو گومانە لەلای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دروست بکا کە بە پشتیوانیی ئورووپاییەکان بەر بە کارتێکەریی گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا بگرن یان دەرەنجامە نەرێنییەکانی هەڵوەشانەوەی «بەرجام» کەم بکەنەوە. بەڵام ئەوە ناتوانێ لە گومانێک زیاتر بێ، چونکە باڵادەستی ئابووریی ئەمریکا ڕێگە لەوە دەگرێ کۆمپانیە ئورووپاییەکان لەگەڵ ئێران بکەونە مامەڵە یان لەم وڵاتە سەرمایەکانیان وەگەڕ بخەن. بۆ وێنە هەر لە ئێستاوە لە ترسی توندتربوونی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێران پلەی ریسکهەڵگریی ئاڵوێری ئابووری لەگەڵ ئێران بە خێرایی هەڵکشاوە.

گەمارۆ ئابوورییە سەپێنراوەکانی ئەمریکا بۆ سەر سوپای پاسداران کە بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی ئێرانی لە ژێر دەست دایە و لە ڕاستیدا وەک دەوڵەتی سێبەر دەور دەگێڕێ، دەتوانێ لە کردەوەدا کاردانەوەی جیددیی لەسەر ئابووریی ئێران هەبێ. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم گەمارۆیانە دەتوانن ببنە هۆی لاوازبوونی سیاسەتی مەزنیخوازانە، دەستێوەردەرانە و تیرۆریستیی ئێران لە وڵاتانی ناوچە؟ ئەزموونی گەمارۆ جۆراوجۆرە ئابوورییەکان لەوانە گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا یان گەمارۆ سەپێندراوەکانی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریان خستوە کە ڕێبەر و کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی لە ژێر هیچ کام لەم فشارانەدا دەستیان لەم سیاسەتەیان هەڵنەگرتوە. تەنانەت ئەوان هەوڵیان داوە بە وەمەترسی خستنی بەرژەوەندیی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەدا، ئەوان ناچار بکەن لە بەستێنەکانی دیکەدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.

لەم پێوەندییەدا وتەبێژی پینتاگۆن ئاماژەی بە خاڵێکی سەرەکی کردوە کە دەرخەری ئەم ڕاستییەی سەرەوەن. وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دوابەداوی ڕاگەیەنرانی ستراتژیی ترامپ بەرانبەر بە ئێران گوتی: «خەریکی تاوتوێکردنی هێندێک بیاڤی نوێین بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ هاوپەیمانانمان گوشار بخەینە سەر ئێران، بۆ ئەوەی باڵادەستیی ناجێگیرکەرانەی ئێران پووچەڵ بکەینەوە و توانای پەلاماردەرانەی ئێران بە تایبەت لە بواری پشتگری لە گرووپە تیرۆریستی و میلیشاییەکان سنووردار بکەن.» ڕاستییەک کە واشینگتۆن تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، گرنگیی پێویستی پێ نەداوە یان لە بەرژەوەندییدا نەبوە لە کردەوەدا هەنگاوی بۆ هەڵێنێتەوە.

## کورد و ستراتژیی تا ئێستای ئەمریکا بەرانبەر بە تاران

کورد لە کوێی سیاسەتی ئەمریکادا خۆی دەبینێتەوە؟ وڵامی ئەم پرسیارە پێوەندیی بە جۆری بەرژەوەندییەکانی واشینگتۆن لە ناوچەدا هەیە. بۆ وێنە لەگەڵ ئەوەدا لە باشووری کوردستان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا تا ئەو جێگایە لەگەڵ بەرژەوەندیی کورد دێتەوە کە کورد یەکپارچەیی خاکی یەکەی سیاسیی عێراق بپارێزێ. کێشەکانی ئەم دواییانەی نێوان هەرێم و دەوڵەتی عێراق بە ڕوونی چوارچێوەی سیاسەتی کۆشکی سپیی بەرانبەر بە باشووری کوردستان دەرخست. تا ئەو جێگایەی کە دیتمان تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی تاران لە کێشەی

> ئەوەی کە تا ئێستا لە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتی کۆشکی سپی بەرانبەر بە تاران لە ناوچەدا بینراوە دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئەمریکا لە ناوچەدا ناکرێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کورد و بەرژەوەندییەکانی هەبێ

نێوان هەرێم و بەغدادا نەک پشتگریی کوردی نەکرد، بەڵکوو بە پێڕەوەکردنی جۆرێک سیاسەتی خۆپارێزانە، بەکردەوە یارمەتیی بە بەرژەوەندییەکانی تاران و دەوڵەتی ژێر نفووزی ئێران لە بەغداش کرد. ئەوە ڕاستییەکە کە هەر ڕۆژی دوای ئەم ڕووداوانە لە میدیاکانی ئەمریکادا بە شکستی سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەدا لەقەڵەم درا.

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆشکی سپی لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، سەرەڕای هەموو ناتەباییەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە، بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەدیوە پشتگریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و دیمۆکراتیکی کورد بکا. تەنانەت پرسی پێشێلکرانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش نەبۆتە هۆی ئەوە واشینگتۆن هان بدا، ڕێژیمی تاران بخاتە ژێر گوشارێکی جیدییەوە.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەوەی کە تا ئێستا لە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتی کۆشکی سپی بەرانبەر بە تاران لە ناوچەدا بینراوە دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا ناکرێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کورد و بەرژەوەندییەکانی هەبێ. ئەوەی سەلماوە بریتییە لەوە کە لەوانەیە یەکترگرتنەوەی بەرژەوەندی لە هێندێک ئاستی دیاریکراو و سنووورداردا لە پێوەندیی لەگەڵ پارچەیەک یان چەند پارچەی کوردستاندا بەدی بکرێ. بۆیە زۆر گرنگە کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستاندا لە پێشدا بە فاکتۆرکردنی هێز و پێگەی خۆی کەڵک لە ململانێیەکانی نێوان واشینگتۆن و تاران وەربگرێ.

## دوا قسە

ستراتژیی دەوڵەتی ترامپ بەرانبەر ڕێژیمی تاران کە لەودا بە ڕوونی دەست لەسەر خاڵە لاوازەکانی «بەرجام» و بەگشتی ناکامیی واشینگتۆن لە بەرانبەر سیاسەتی دەستێوەردەرانەوە و تیرۆرپەروەریی ڕێژیمی تاران و سوپای پاسداران لە ناوچەدا نراوە، بە ناکامییەکی دیکە و دەستەوەستانییەکی دیکەی کۆشکی سپی دەستی پێکرد. ئەویش بریتی بوو لە چاونووقاندن و ڕاگەیاندنی بێلایەنی بەرانبەر هێرشی میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی دەستپەروەردەی سوپای پاسداران و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی قاسم سلێمانی لە باشووری کوردستان. پیلانێک کە لانیکەم لە کورت ماوەدا باڵانسی هێزی بەتەواوی بە قازانجی هێزەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەدا گۆڕی. ئەوەش ئەم پرسیارە دەخوڵقێنێ ستراتژیی نوێی واشینگتۆن بەرانبەر بە تاران چ جیاوازییەکی لەگەڵ ستراتژیی پێشووی ئەم وڵاتە بەرانبەر بە تاران هەیە؟

ڕووداوەکانی داهاتوو زیاتر وڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە.



> کێشەکانی ئەم دواییانەی نێوان هەرێم و دەوڵەتی عێراق بە ڕوونی چوارچێوەی سیاسەتی کۆشکی سپیی بەرانبەر بە باشووری کوردستان دەرخست. تا ئەو جێگایەی کە دیتمان تەنانەت ئەمریکا بەرانبەر دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی تاران لە کێشەی نێوان هەرێم و بەغدادا نەک پشتگریی کوردی نەکرد، بەڵکوو بە پێڕەوەکردنی جۆرێک سیاسەتی خۆپارێزانە، بەکردەوە یارمەتیی بە بەرژەوەندییەکانی تاران و دەوڵەتی ژێر نفووزی ئێران لە بەغداش کرد

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕیفراندۆم



ئازاد مستەوفی

ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبر لە باشووری کوردستان ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بەڕێوەچوو کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی مەدەنیانە شارەکانی ئەو پارچەی کوردستانیان بەبوونیان و داواکردنی خواستە نەتەوەییەکەیان پتر ڕازاندەوە. خۆپیشاندانی بەرینی خەڵک و دەنگدانەوەی لە میدیاکانیی جیهاندا بووە هۆی نیگەرانیی دەسەڵاتی داگیرکەر و لە هەمان کاتیشدا ئەم پرسە هاتەئاراوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە گەلێ شێوازی خەباتی بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی تاقی کردووەتەوە و لە پێناویشیدا هەموو جۆرە گیانفیداییەکی کردووە؛ ئایا دەکرێ داوای «ڕیفراندۆم» بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی بکا؟

لە حەوت ئەسڵی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، باسی ڕیفراندۆم کراوە. ئەسڵەکانی ٦،٥٩،٩٩،١١٠،١٢٣،١٣٢،١٧٧؛ بەڵام پاش هاتنەسەرکاری ئەم دەسەڵاتە تەنیا سێ جار ڕیفراندۆم کراوە کە ئەویش هەر لە پێناو دەسەڵات و قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا بووە. لە ڕێکەوتەکانی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ (بەڵێ یان نا بە کۆماری ئیسلامی)، ١٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (پەسندکردنی دەستوور)، ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٨ (پەسندکردنی چاکسازییەکان لە قانوونی ئەساسیدا).

> باشترین میکانیزمێک بۆ ئەوەی دۆسیەی نەتەوە بەشخوارەکان بچێتە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە تا چەند دەستەبژێری سیاسی، یاسایی، فەرهەنگی، ڕۆشنبیران و ئەوانی دیکەی نەتەوە بەشخوراوەکان لە بەرامبەر پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەیان دڵسۆزن و هەتا چەند خاوەن توانا و لێهاتووییەکی ئەوتۆن کە بتوانن ڕای گشتیی وڵاتان بەلای دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیاندا ڕابکێشن

یەکەم کەس لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە داوای بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی کرد سەرکۆماری ئەوکات، د.ئەبولحەسەن بەنیسەدر بوو کە بۆ چارەی کێشەکانی نێوان خۆی و سەرۆک وەزیرانەکەی ئەم بابەتەی وروژاند، بەڵام یەکێک لە موخالفینی توندی ئەو محەمەد خاتەمی بوو کە ئەویش نەیدەزانی سەردەمانێکی دی لە سەرکۆماریی خۆیدا وەکو هەڕەشەیەک بەکاری دێنێ و دیارە بەقسەی نەکرا. هەروەها ئەحمەدینەژادیش لە سەردەمی سەرکۆمارییەکەیدا لە باسی دانی «یارانە»دا بابەتی ڕیفراندۆمی وەکو هەڕەشەیەک هێنایە ئاراوە کە دواتر بەناردنی نامەیەک بۆ مەجلیس کێشەکەی کۆتایی پێ هات.

بێگومان کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەیان چینێکی مامناوەندن کە هەندێ لە پێداویستییەکانیی سەرەتایی ژیانیان، بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆیانەوە دابین کردووە و «تاران» وا چنگی خستووەتە نێو چڵ و پۆی ژیانیانەوە کە جێ پەنجەی ستەم لە هەموو بەشەکانی ژیانیان بەدی دەکرێ. بۆیە حیزبێکی سیاسیی بەرهەڵستکار لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە بیرۆکەی ئەوەی هەبێ کە چۆن ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی گرفتی تێ نەکەوێ و بۆ گەیشتن بەمافەکانیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕەوتی مەدەنی پشتگیریی زیاتری لێ دەکرێ، هەنگاوی ژیرانە و پێویست بنێ. لە ڕوانگەی توێژەر و مامۆستایەکی زانکۆوە کە تایبەت بۆ ئەم بابەتە قسەم لەگەڵیدا کرد لە پێناسەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گوتی: «کۆمەڵگەیەکی ئێحساسییە و ناسیۆنالیزمی کلاسیک زاڵە بەسەریدا و لە بواری جووڵەی شۆڕشگێڕانەشەوە چاوەڕێی کرداری نەرمیان لێ بکەن».

کاتێک ئۆپۆزسیۆنێک نەتوانێ لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە کێشەکەی خۆی چارەسەر بکا و داگیرکەر زاڵ بێ بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا؛ ناچارە کەڵک وەربگرێ لە یەکێک لەو «سۆفت پاوێر»انەی کە حیزبێکی سیاسی بەرهەڵستکار دەتوانێ بە دژی دەسەڵاتێکی داگیرکەر بەکاری بێنێ. ئەویش کەڵکوەرگرتنە لە یاساگەلی



دوکتور یاسین ئاشوور

نێودەوڵەتی و پەنابردنەبەر دامودەزگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دادگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەم دۆخەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕیفراندۆم دەکرێ؟

بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم و هەروەها پارادۆکسەکانی نێوان ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ و یاساگەلی نێودەوڵەتی تەوەری ئەم ڕاپۆرتەیە کە هیوادارم بتوانرێ ڕۆچنەیەکی نوێمان بۆ بکاتەوە. سەرەتا سەرنج دەخەمە سەر ڕیفراندۆم و «گشتپرسی Plebiscite» کە لە میدیاکاندا ئەم دوو چەمکە سیاسییە خراونەتە پاڵ یەک.

دکتۆر یاسین ئاشوور، مامۆستای زانکۆ و دوکتۆرای زانستی سیاسەت لە وەڵامی پرسیاری جیاوازیی ڕیفراندۆم و Plebiscite چییە، دەڵێ: «ڕیفراندۆم بە یەکێک لە ڕووکارە گرنگەکانی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ دادەنرێ کە تێکەڵەیەکە لە نێوان سیستەمی نوێنەرایەتیی دیموکراسی ڕاستەوخۆ. ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ گەل بەو پێیەی کە ئەوان سەرچاوەی دەسەڵاتن

> یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە یاسای نێودەوڵەتی دەگیرێ ئەوەیە کە تەنیا بۆ دەوڵەتە نەک بۆ نەتەوە. تەنانەت نەتەوەیەکیش کە ژینۆساید کراوە ئەگەر خۆی دەوڵەتی نەبێ هەر ناچارە لە ڕێی ئەو وڵاتەوە کە لێی دەژی، دەوڵەتەکەی ئەم سکاڵایە بەرز بکاتەوە، بۆیە ڕاستە دەڵێن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبوا ناوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان با

بۆ وەرگرتنی زانینی ڕاوبۆچوونیان دەربارەی ئەو بابەتەی کە دەخرێتە بەردەمیان کە بە ‹بەڵێ› یان ‹نەخێر› دەنگی لەسەر بدەن. ڕیفراندۆم تەنها فۆرمێک نییە بەڵکوو لە چەندین فۆرمی جیاواز پێک هاتووە». لەوانە:

**لە ڕووی بابەتەوە**، ڕیفراندۆم بەپێی ئەو بابەتانەی کە چارەسەری دەکا، جیاواز دەبێ. وەک ڕیفراندۆمی (دەستووری_ سیاسی_ تەشریعی). هەریەک لەمانە بەپێی مەبەستەکانیان جیاوازە و ڕێوشوێنی خۆی هەیە بۆ کردنی.

**لە ڕووی هێزی پابەندبوون بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم یان ئەوەتا کە حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی وڵات پابەند دەبن بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەکەوە؛** واتە ئەگەر زۆرینە، دەنگی بە ‹بەڵێ› دا، ئەوکات ئەو بابەتەی خراوەتەوە ڕیفراندۆمەوە دەبێ ئەنجامەکانی جێبەجێ بکرێ. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا واتە لە ڕاپرسیی ڕاوێژکاریدا (Plebiscite) زۆر جار تەنها بۆ زانینی ڕای گەلە. حکوومەت یان پارلەمانیش دەتوانن پابەندی ئەنجامەکەی نەبن. واتە ئەگەر ئەنجامی (Plebiscite) ‹بەڵێ› سەرکەوتنی بەدەست هێنا مەرج نییە لەسەر حکوومەت یان پارلەمان کار بە ئەنجامەکەی بکەن. واتە زیاتر بۆ زانینی ئارەزووی خەڵکە بەڵام لە ڕیفراندۆمدا دەبێ حکوومەت و پارلەمانیش ناچار بکرێن کار بە دەرەنجامەکەی بکەن».

لە وەڵامی پرسیاری نەتەوەیەکی ژێردەست لە حکوومەتێکی دیکتاتۆریدا کە بڕیارەکانی نێودەوڵەتی قبووڵ ناکا، چۆن گەلە ژێردەستەکەی دەتوانێ داوای ڕیفراندۆم یان Plebiscite بکات؟

دکتۆر یاسین ئاشوور دەڵێ: «وەک لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێداوە و چەمکی (نەتەوەی ژێردەست)ت بەکارهێناوە، ئەوە دەرئەکەوێ ئەم وڵاتە جارێ بڕوای بەئازادیی گەلان و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان نییە. چونکە لەم جۆرە وڵاتانەدا هەمیشە نەتەوەی ژمارە زۆر [اکثریت]، بە کۆمەڵێک پاساوی ئایدیۆلۆژی، جا چی سیاسی بێ یان ئایینی، دەیەوێ ئیرادەی خۆی بەسەر گەلانی نێو وڵاتەکەدا بسەپێنێ و هەمیشە ئەوان بکەری سەرەکیی هەموو کایەکانی دەوڵەت بن.

کەواتە هەر لە بنەڕەتدا ئەو جۆرە وڵاتانە کە تۆ ناوت بە دیکتاتۆری بردوون کەمترین بڕوایان بەژیانی دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئازادانە و ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتەکانی نێو وڵاتەکە نییە؛ بۆیە زۆر ئاساییە لەلایەن دەسەڵاتی ئەم وڵاتانەوە پەرچەکردار و ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێک بۆ ئازادی بدرێ. بێگومان لە نێو ئەم جۆرە سیستەمە سیاسییانەدا نەتەوەی دووەم یان ‹ژێردەستە› ناتوانن نە ڕیفراندۆم نە (Plebiscite) ئەنجام بدەن. چونکە ئەم دوو پرۆسەیە خۆی مەغزای سەرەکیی نێوەڕۆکی دیموکراسییە. بەو پێیەش کە لە نێو سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا، دیموکراسی ئەستەمە بۆیە ئەم دوو پرۆسەیەش گەلێک ئەستەم دەبێ. تاکە ڕێگەیەک کە ڕیفراندۆمی تیادا ئەنجام بدرێ ئەوەیە کە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە هەروەها لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە فشاری جددی و زۆر بخرێتە سەر دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە دیکتاتۆریانە و ملکەچی ئەوە بکرێن کە ڕێز لە ئیرادەی گەلان بگرن. بێگومان ئەمەش دەکەوێتە سەر بەهێزی و لاوازیی وڵاتەکە».

دکتۆر یاسین ئاشوور لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆ ئەوەی دۆسیەی نەتەوەیەکی ژێردەستە بڕواتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ چی بکرێ؟ گوتی: «باشترین میکانیزمێک بۆ ئەوەی دۆسیەی نەتەوە بەشخوارەکان بچێتە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە تا چەند دەستەبژێری سیاسی، یاسایی، فەرهەنگی، ڕۆشنبیران و ئەوانی دیکەی نەتەوە بەشخوراوەکان لە بەرامبەر پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەیان دڵسۆزن و هەتا چەند خاوەن توانا و لێهاتووییەکی ئەوتۆن کە بتوانن ڕای گشتیی وڵاتان بەلای دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیاندا ڕابکێشن و ڕووی ڕاستەقینەی نەتەوەکەیان پیشانی جیهان بدەن. بەم ڕێگەیە دەتوانرێ دۆستایەتی و سۆزی دەرەوە بۆ دۆسیەی نەتەوەکەت ڕابکێشی و لە چوارچێوەی لۆکاڵی بیهێنییە دەرێ و بیکەیتە پرسێکی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە زۆرجار وڵاتانی دیکە دەبنە ڕێگر لە بەردەم ئەم کارەدا».

لە یاسا و زانستی سیاسەتدا بەسەرنجدان بەوەی کە ڕیفراندۆم بۆ شێوازەکانی سیاسیی دەوڵەتە بەڵام Plebiscite بۆ کاروباری زۆر گرنگ کە پەیوەندی بە دەسەڵاتی حکوومەتەوە هەیە، کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەروەها ڕیفراندۆمیش بۆ کاروباری ئاسایی نەک کاروباری گرنگی دەوڵەتی، کەڵکی لێوەردەگیرێ. بەواتایەکی دی ڕیفراندۆم لە Plebiscite دەچێ و جۆرێکە لەو کە ناتوانێ خۆ لە کاروباری گرنگ و دەسەڵاتی حکوومەتەکان و گۆڕینی ڕژێم و دەستوور بدا. بۆیە Plebiscite لە یاسا و زانستی سیاسەتدا پێی دەوترێ Representative Democracy واتە دیموکراسی نمادین.

> واقعی سیاسی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێمان دەڵێن بۆ وەرگرتنی ئازادانە و ڕاستەوخۆی دەنگی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان پێشتر دەبێ هەوڵی تۆکمەی دیپلۆماسی لە ئاستێکی بەرین لە دادگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا درابێ، یەکێک لەو فاکتەرانەش کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ ئەو بڕیارانەن کە وڵاتانی زلهێز بەپێی بەرژەوەندیی و سیاسەتی دەرەکی خۆیان بەرامبەر ئێران دەیدەن

ئەم باسە تیۆرییانە و واقعی سیاسی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن کە لەم دۆخەی ئێستەدا، بۆ وەرگرتنی ئازادانە و ڕاستەوخۆی دەنگی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان پێشتر دەبێ هەوڵی تۆکمەی دیپلۆماسی لە ئاستێکی بەرین لە دادگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درابێ. یەکێک لەو خاڵانەی کە لەم پێوەندییەدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ دۆزی ڕەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدژی داگیرکەر ئەو بڕیارانەن کە وڵاتانی زلهێز بەپێی بەرژەوەندیی و سیاسەتی دەرەکی خۆیان بەرامبەر ئێران دەیدەن کە دەتوانین لە نوێترینیاندا ئاماژە بە سیاسەتەکانی سەرکۆماری وڵاتە



سیروان حەمەشەریف

یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٠/١٣ دەربارەی سپای پاسداران بکەین.

ترامپ ئەو هێزەی بە هێزێکی تیرۆریست کە لە دەست ڕێبەریی ئێران دایە ناو برد و هەروەها وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکاش پاش ئەم قسانەی سەرۆکی وڵاتەکەیان، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا گەمارۆی بەسەر تەواوێتیی ڕێکخراوی تیرۆریستی سپای پاسداراندا ڕاگەیاند. کورد لە ڕۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ژینۆساید کراوە و لە دادگەی میکۆنۆسیش تیرۆریستبوونی دەوڵەتی ئێران سەلمێنرا و سەدان ئەندامی حزبی دیموکراتیش بەدەست سپای پاسداران تیرۆر و شەهید کراون.

### یاسای نێودەوڵەتی و ڕیفراندۆم

پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی و مامۆستای زانکۆ، مامۆستا سیروان حەمەشەریف لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە کورد چی بکا دەنگی بگاتە کۆمەڵگە و مەحکەمەی نێودەوڵەتی و باسی دۆسیەکانی خۆی بکا، گوتی: «زۆر گرینگە کورد کە نەتەوەیەکە دەیەوێ باسی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بکا لە بواری نێودەوڵەتییەوە وا هەڵسوکەوت بکا کە بینوێنێ نەتەوەیەکی پێشێلکار نییە. لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە یاسای نێودەوڵەتی دەگیرێت ئەوەیە کە تەنیا بۆ دەوڵەتە نەک بۆ نەتەوە. تەنانەت نەتەوەیەکیش کە ژینۆساید کراوە ئەگەر خۆی دەوڵەتی نەبێت هەر ناچارە لە ڕێی ئەو وڵاتەوە کە لێی دەژیت، دەوڵەتەکەی ئەم سکاڵایە بەرز بکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی عێراق لە دادگەی نێودەوڵەتی لاهە ئەندام بێت ئەوکات کوردی باشوور دەتوانن سکاڵا لەسەر دەوڵەتەکەیان تۆمار بکەن و بێگومان ئەمە گرفت و کۆسپێکە لە بواری نێودەوڵەتییەوە کە لەبەردەم کوردی زیاتر لە چل ملیۆنیی بێدەوڵەتدا هەیە. باشترین چارسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتە بۆ ئەوەی کە لە بواری نێودەوڵەتییەوە باسی ژینۆساید و ئەو تیرۆرانە بکەی کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە».

لە وەڵامی ئەوەی کە کورد لە ڕۆژهەڵات چۆن دەتوانێ هەوڵ بۆ ڕیفراندۆم بدا لە کاتێکدا ژێردەستەی وڵاتێک و حکوومەتێکی دیکتاتۆرە کە گوێ بە یاساکانی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ نادا، سیروان حەمەشەریف دەڵێ: «دەسەڵاتی ئێران بەهۆی هەڵسوکەوتەکانییەوە کارێکی وەهای کردووە کە دەرگەکانی نێودەوڵەتی بەسەر خۆیدا داخستووە و بەچاوی هەموو جیهانەوە سەرۆک ترامپ باسی تیرۆریستبوونی سپای پاسدارانی کرد. باشترین ڕێگەچارە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کە بتوانێ ئەویش ڕۆژێک ڕیفراندۆم بەڕێوە ببا ئەوەیە کە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو خواستەکانی پلانێکی تۆکمە دابنێ. بۆ نموونە ئەم هەلەی کە دەربارەی سپای پاسداران ئاماژەم پێدا، بیقۆزێتەوە. واتە بەیەکگرتوویی خۆیان لە دەرەوەی وڵات دیپلۆماسییەکی بەرین وەڕێ بخەن و لەم دەرفەتەدا دەنگی خۆیان بە میدیاکانیی جیهان و ڕای گشتیی خەڵک بگەیەنن و لۆبی بکەن کە باسی ژینۆساید و تیرۆرەکانی دەسەڵاتی زاڵدا بکەن».

ئەو پسپۆڕەی یاسای نێودەوڵەتیدا لە درێژەی قسەکانیدا ئەو گلەییەشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە لە ڕاستیدا بەهۆی یاساکانی نێودەوڵەتییەوە «نەتەوە یەکگرتووەکان نییە بەڵکوو دەوڵەتە یەکگرتووەکانە». مامۆستا سیروان حەمەشەریف بۆ گەیشتن بە ڕیفراندۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی لێدوانەکەیدا گوتی: «دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەوری سەرەکی دەبینێ و لۆبیکردن زۆر پێویستە بۆ ئەوەی دۆسیەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەلایەن ئێرانەوە، ئاشکرا بکرێن. میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینۆساید و تیرۆرەکان و پێشێلکارییە مرۆییەکانی ئێران دژی کورد بەتەواوی و بەوردی باس بکەن و هەروەها حزبەکانیش لە ڕێی ئەو میدیایانەی کە لەبەردەستیان دایە، ئینتیمای نەتەوەیی لە تاکی کورد دروست بکەن و هەمیشە ئامادە بن لە هەر دەرفەتێکدا کەڵکی خۆیان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان وەربگرن. ڕۆژهەڵات دەبێ بەهەر شێوازێکی گونجاوی نێودەوڵەتی باسی مەزڵوومییەتی خۆی بۆ جیهانیان بکات و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بیسەلمێنێ کە دەوڵەت جیاکاریی دەکا و لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا دووچاوگی بەرچاو هەیە».

کوردستان
● ژمارە: ٧١٢
٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٦ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧

## ئیسلامی سیاسی [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

### ( ٣٠ )



حەسەن حاتەمی

### زانکۆ و گرینگییەکانی

خوێندی باڵا لە ئێراندا، زۆر کۆنە. بەڵام لە دوای دروستبوونی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣١٣را، ئەو شوێنە وەک پێگەیەکی زانستی، سیاسی، ڕووناکبیری، کاریگەریی تایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا، هەبووە. توێژی خوێندکار هەم بۆ داخوازی سینفیی خۆیان و هەم چاکسازی لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ دەسەڵات کێشەی هەبووە. بیر و باوەڕی چەپ و عەداڵەتخوازانە و پێشەنگ بوون لە چالاکییەکاندا، بەهۆی مامۆستاکانی زانستگە، بەتایبەتی لە بەشەکانی یاسا، سیاسەت، فەلسەفە، ئابووری و زانستە مرۆییەکان لە رۆژەڤدا بوون.

لەساڵی ١٣١٦دا، گیرانی ژمارەیەک مامۆستا و خوێندکار کە ٥٣ کەس بوون و پاشانیش هەر بەو ناوە پێناسە کران، گرینگیی پرسی بزووتنەوەی خوێندکاری و کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتی، زەقتر کرد. دادگایی و بەندکردنی ئەوان و پاشان کۆشتنی دوکتور تەقی ئەرانی_ یەکێک لە هەڵکەوتەکان لە ئێران کە لە وڵاتی ئاڵمان دوکتوڕای فیزیکی ئەتۆمیی خوێندبوو و مامۆستای زانای زانکۆ بوو_ دوو ساڵ دوای تێپەڕکردنی زیندانییەکەی لە زیندان، مەسەلەی خوێندکاری کرد بە کێشەیەکی جیدیتر لە نێوان دەسەڵات و زانکۆدا. گۆڤاری دنیا کە ئەرانی و هاوبیرانی بڵاویان دەکردەوە، کاریگەریی زۆری لەسەر توێژی خوێندەوار هەبوو.

لە ڕەزبەری ساڵی ١٣٢٠دا پەهلەویی یەکەم (ڕەزا شا)، لەبەر لایەنگری لە وڵاتی ئاڵمان _لەشەڕی دوویەمی جیهانی دا_ بە هۆی وڵاتانی موتەفیق (سۆڤیەتی پێشوو، ئەمریکا و بریتانیا)، لە دەسەڵات لابرا و بۆ دوورگەی موریس لە ئافریقای باشوور دوورخرایەوە. پاش ئەو ڕووداوە زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بوون و بەشی هەرەزۆری گرووپی ٥٣ کەسی، لەگەڵ بیر چەپەکان، حیزبی توودەی ئێرانیان پێک هێنا. لەو کاتی ڕا بەردی بناخەی تێکۆشانی پتری خۆێندکاران بەهۆی نەبوونی تێکۆشانی ئازادانەی حیزب و ڕێکخراوەکان داندرا.

ماوەی ١٢ ساڵ ئازادیی ڕێژیی لە ئێراندا و دروستبوونی فەزایەکی نوێتر لەپێشوو و ڕووداوە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، بەتایبەتی دامەزرانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و شوێندانەریی گرینگیان لە کۆمەڵگەکانی خۆیان_ هەر چەند بەداخەوە ماوەیەکەیان لە نزیک ساڵێک تێنەپەڕی_ و پاشان قبووڵی بەناچاری سەرۆک وەزیریی دوکتور محەممەدی موسەدیق و ژمارەیەک وەزیر لە لایەن پەهلەویی دووهەم (محەممەد ڕەزا شا) وە و دروستبوونی زانکۆی تەورێز _ ساڵی ١٣٢٦_ بزووتنەوەی خۆێندکاریی بەرەوسەر چوو.

کوودێتای ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢(١٩٥٣) و گێڕانەوەی پەهلەوی دوویەمی راکردوو، بۆسەر دەسەڵات، توندوتیژی و دادگاییە ناعادڵانەکانی د. موسەدیق، و ژمارەیەک لە گیراوەکانی دیکە، ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ ناڕەزایەتیی لە زانکۆی تاران، لەکاتی هاتنی ریچارد نیکسۆن _جێگری سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا_ بۆ ئێران ڕووی دا. خوێندکارەکان هێرشی نیزامییان کرایە سەر و سێ کەس لەوان بە ناوەکانی قەندچی_ لایەنگی جەبهەی میللی_ و شەریعەت ڕەزەوی و بوزورگنیا – لایەنگرانی حیزبی توودە_ کوژران و چەند کەس بریندار و ژمارەیەکیش گیران. لەو کاتی ڕا، هەموو ساڵێ، یادی ئەو ڕۆژە خوێناوییە دەکرێتەوە. ڕێژیمی شا، لە ماوەی ٢٥ ساڵ دوای کوودێتادا، نەیتوانی سەنگەری ناڕەزایەتیی زانکۆکان کپ بکا.

دوای سەرنەکەوتوویی ڕیفۆرمی ١٣٣٩_ ١٣٤٢ لە لایەن پەهلەویی دووم و دەسەڵاتبەدەستەکانی و ئیزننەدان بە حیزب و ڕێکخراوەکانی دژبەر بەشێوەی یاسایی، تێکۆشانی چریکی و چەکدارانە لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوە چەکدارییەکانی ڤیێتنام، کووبا، ئەلجەزایر و... دوو ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئیران_ لە ساڵی ١٣٤٤_و چریکە فیداییەکانی خەڵقی ئێران _لە ساڵی١٣٤٩_ دروست بوون. زۆربەی ڕێبەرانی ئەو دوو ڕێکخراوەیە، خوێندکار یا دەرچووی زانکۆکان بوون. هەروەها، خوێندکاران لە وڵاتانی ئوروووپایی، ئەمریکا و کانادا بەدژی سەرەڕۆیی و تەپەسەری ڕێژیمی شا، زۆر چالاک بوون و کۆنفیدڕاسیون پێگەیەکی گرینگی لەو خەباتەدا، هەبوو.

لە گەرمەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بەتایبەتی لە دوای ڕەزبەری ١٣٥٧دا، زانکۆ و قوتابخانەکان شوێنی گرینگی ناڕەزایەتییەکان بوون و تەنانەت زانکۆی تاران وەک سەنگەری ئازادی ناوی دەبرا.

#### دەفتەری تەحکیمی وەحدەت

دوای ٢٢ ی ڕێبەندان و ئازادی ڕێژیی لە ئێران بۆ ماوەیەکی کورت، تێکۆشانە سیاسیی و فەرهەنگییەکان لەنێو زانکۆکاندا، بەشێوەی نوێ پەرەیان گرت. چونکە دەسەڵات و کۆمەڵگە، بەرەو وەزعێکی نوێ دەچوون. پێکهاتەی زۆربەی زیندانییە سیاسییەکانی دەیەی ٥٠ لە ڕێژیمی شادا، خۆێندکارانی زانکۆ یا دەرچووانی زانکۆ بوون. بەپێی مێژووی زانکۆ_ کە بە کورتی باس کرا_ مەسەلەی سیاسی و دامەزرانی ژمارەیەک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەرایی لە ئێران، هەڵقوڵاوی هەناوی زانکۆکان بوون. بۆیە بەپێی کێش و فەزای نوێ، زانکۆکان ناوەندێکی گرینگی سیاسی بوون و بەشێک لە ڕێکخراوە سەرانسەریەکان، بە ناوێک خوێندکارانی لایەنگری خۆیان سازمان دابوو. سێ پێکهاتەی بەهێز بە ناوەکانی «خوێندکارانی پیشگام_ ئەندامان و لایەنگرانی چریکە فیداییەکان_»، « سازمانی خوێندکارانی موسڵمان _ئەندامان و لایەنگرانی موجاهیدینی خەلق_» و « خوێندکارانی دێموکڕات_ لایەنگرانی حیزبی توودە_»، لە زانکۆ و زانستگەکاندا چالاک بوون.

خوێندکارە ئیسلامگەراکانیش لە دەیەی ٢٠ی هەتاوی بەولایەوە لە چوارچێوەی «ئەنجومەنە ئیسلامییەکان»دا، هەڵسووڕ بوون و بەپێی هەلومەرج تێ دەکۆشان. ئەوان زۆرتر چالاکییەکانیان بە دژی گرووپە چەپەکان بوو. لە دەیەی ٤٠دا، و بەدوای دامەزرانی موجاهیدینی خەڵق و بەتایبەتی لە ساڵی١٣٥٧ دا، بە هاتنەبەرباسی پتر و داسەپاندنی ئا. خومەینی وەک ڕێبەری ڕاپەڕین، خوێندکارانی موسڵمان، لە پێشوو چالاکتر بوون.

«لە هاوینی ١٣٥٨دا، ژمارەیەک لە نوێنەرانی بەشی خوێندکارە ئیسلامییەکان چوونە لای ئایەتوڵڵا خومەینی و دامەزرانی یەکیەتیی خوێندکارانیان لەگەڵ باس کرد. ئەویش پشتیوانی لێکردن.(١)

لە مانگی گەلاوێژی ئەو ساڵەدا، ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی ٢٢ زانکۆ، لە زانکۆی ئەمیر کەبیری تاران کۆبوونەوە و بابەتەکانی «ئیسلامی ناب، خەتی ئیمام و چۆنیەتی بەربەرەکانی لەسەر کارتێکەریی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و هەروەها دژایەتیی لەگەڵ گرووپە چەپ و میللیگەراکان» تاوتۆێ کران.

پێڕەو و بەرنامەی سەرەتایی ئەنجومەنە ئیسلامییەکان لە هاوینی ١٣٥٨ ئامادە کران. یەکەم شوڕا کە بریتی بوون لە: حەبیبوڵڵا بێتەرەف، موحسین میردامادی، ئیبراهیمیئەسغەرزادە، .... سەیدزادە و محموود ئەحمەدی نێژاد و... ئەوان بۆ درێژەی کارەکانیان ناوی کاتیی «دەفتەری تەحکیمی وەحدەتی ئەنجوومەنی ئیسلامی»یان لێنا. ناوبراوان چونە لای ئا. خومەینی و داوای نوێنەری تایبەتیی ئەویان لە ڕێکخراوەکەیاندا، کرد. (٢)

**سەرچاوەکان:**

١ و ٢: گفتگوی علی شکوری راد، دیروز و امروز دفتر تحکیم وحدت، سایت جهان امروز.

## دژوازییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕێزگرتن لە تەواویەتیی ئەرزی(٢_٢)

### (باشووری کوردستان وەک نموونە)



ڕەحمان سەلیمی

لە بەشی یەکەمی ئەو باسەدا هەوڵ درا بە وەردانەوەی بەڵگەنامەکانی یاسای نێودەوڵەتی و هەر دوو پرەنسیپی دانپیانراوی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕێزگرتن لە پاراستنی تەواویەتیی ئەرزی، ئاماژە بەو پارادۆکسانە بکەم کە لە نێوان ئەو دوو چەمکە لە دەقەکانی یاسادا بوونیان هەیە. لێرەدا بە پشت بەستن بەو بەڵگەنامانە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاست یاسای نێودەوڵەتی شی دەکەمەوە و وڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە کە سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکەوێتە کوێی ئەو بەڵگەنامانە و مافی جیابوونەوەی ئەو یەکە جوغرافیایی _ نەتەوەییە چەندە ڕەوایە؟

کاتێک چاو لە بڕیارنامەکانی ٢٦٢٥ و ١٤١٥ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین خاڵێکی زۆر گرینگی تێدا بەدی دەکەین. بە پێی ئەو دەقانە پاراستنی تەواویەتیی ئەرزی وڵاتێک بەندە بە دوو مەرجەوە، یەکەم ئەوەی کە دەوڵەت نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکی وڵات بکا و مەرجی دووەم بریتییە لەوەی کە هەڵاواردن لە نێوان گرووپە ئینسانییە جیاوازەکاندا نەکرێ.

پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەتی ناوەندی عێراق پابەندی ئەو مەرجانە بووە؟ ئایا هاووڵاتیی کورد و نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو ئەو مافانەیە کە هاووڵاتییەکی عەرەب یان نەتەوەی عەرەب هەیەتی؟ ئایا هەڵاواردنی نەتەوەیی بە نیسبەت کورد کراوە؟

بۆ بەرچاوڕوونی سەبارەت بە ڕوانینێکی حقووقی بە پێگەی کورد لە عێراقدا پێویستە ئاوڕێکی مێژوویی لە پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا بدەینەوە.

بە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆری عوسمانی پاش شەڕی جیهانیی یەکەم و دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بە بێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی دێمۆگرافی و فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی، کەمینەی سوننی لە بەغدا بە پشتگیری زلهێزەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. ئەو کەمینەیە بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتدارێتیی خۆی هەوڵی سڕینەوەی جیاوازییەکانی دا و لەو پێناوەدا پەنای بۆ هەر دوو ڕەهەندی نەرمامێری و ڕەقامێری برد. لە لایەک بە سیاسەتی یەکسانسازیی فەرهەنگی و ئاراستەکردنی دامودەزگا پەروەردەییەکان بۆ چەسپاندن و زاڵکردنی فەرهەنگی ناوەند و هەروەها ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی هەر شوناسێکی دیکە، ڕووحی بەرەنگاری و دوورکەوتنەوە لە ناوەندی لە کوردەکان (و بە شێوازێکی جیاوازتر شیعەکان) بەهێز کرد. لە لایەکی دیکەوە بە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتی فیزیکی و لەنێو بردنی کوردەکان لە چوارچێوەی چەندین پڕۆژە و پڕۆسەی جیاواز لە قۆناغە جیاوازەکاندا وەک ڕاگواستنی زۆرەملێ و بە عەرەب کردنی ناوچە کوردییەکان و سەرەنجام عەمەلیاتی ئەنفال وەک گەورەترین ژینۆسایدی سەدەی بیستەم پاش شەڕی جیهانیی دووەم و زۆر کارەساتی دیکەی لەو چەشنە، کۆتایی بە هەموو ئەو بەستراوەییە زۆرەکییە هێنا کە پڕۆژەی دروستکردنی عێراق مەبەستی بوو. ئەنجامی کۆی ئەو سیاسەتە داپڵۆسەرانە بێ متمانەییەکی گەورەی لای کورد لە ئاست ناوەند لێ کەوتەوە. سەرەڕای ئەو بێ متمانەییە لە دوای کۆتاییهاتنی فەرمیی بەعسیزم و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی عێراق، کوردەکان بوونە دینامیزمی سەرەکیی بنیاتنانەوەی عێراق، بە هیوای ئەوەی کۆتایی بە عەقڵییەتی فاشیزم لە عێراق هاتووە و هەموو پێکهاتەکان دەتوانن بەشدارییەکی ڕاستەقینەی بەڕێوەبردنی عێراقی نوێ بکەن.

لە دوای ڕووخانی سەددام و جێگۆڕکێی دەسەڵات لە عەرەبی سوننییەوە بۆ عەرەبی شیعە و بە هۆی ڕابردووی هاوخەباتیی نێوان کورد و شیعە، متمانەیەکی پشتبەستوو بە نەبوونی تێگەیشتنی ستراتژیک لای کوردەکان دروست بوو، کە زۆری نەخایاند کوردەکان ڕوخساری ڕاستەقینەی فاشیزمی شیعیان بۆ دەرکەوت و بەو قەناعەتە گەیشتن کە پێکهاتەیەکی زیادە و پەراوێزخراون و فاشیزمی عەرەبی لە هەر دوو جۆری شیعی و سوننیدا جیاوازییان نییە و کورد ناتوانێ بەشێک بێ لە عێراق.

#### شیکردنەوەی یاسایی بە هۆی نەبوونی دەق

هەر وەک ئاماژەمان پێکرد دەقێکی ڕوون لە یاسای نێودەوڵەتیدا نییە کە جیاییخوازی وەک ماف بۆ نەتەوەکان بسەلمێنێ [بە تایبەت پاش کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم]، لە وەها حاڵەتێکدا دەتوانرێ پشت بە شیکردنەوەی دەقەکان و نموونە عەینییەکان ببەستین.

هەر گرووپێکی هێمۆژێن کە دانیشتووی جوغرافییەکی دیاریکراون مافی ئەوەیان هەیە شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان دیاری بکەن و یاساناسان ئەوە وەک بەشێک لە مافی مرۆڤ پێناسە دەکەن. بە پێی ئەو بۆچوونە هەروەک چۆن مافی مرۆڤ مافێکی ئەزەلی و ئەبەدییە بۆ هەموو مرۆڤەکان، مافی جیابوونەوەش وەک مافێکی کۆلێکتیڤ قابیلی سازشکردن نییە و ناتوانرێ بە هیچ پاساوێک پێشێل بکرێ.

کورد دەتوانێ تیۆری مافی سەرەتایی وەک شیکردنەوەیەکی یاسایی بۆ شەرعییەت دان بە مافی جیایی خوازی بەکار بێنێ. هەر وەک چۆن ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی دیاریکردنی شوێنی ژیان لە ئازادییە بنچینەییەکانی تاکەکانن و بە مافی سەرەتایی ئەژمار دەکرێن و بە هۆی ساوکە بوونی ئەو چەشنە لە مافەکان لە ئاستی جیهانیدا، تەنانەت لە یاسای دیکتاتۆرلێدراوترین وڵاتانی جیهانیشدا دەبینرێن و هیچ گرووپ و لایەنێک ناتوانێ بە ئاشکرا گومانیان بخاتە سەر، بە هەمان شێوە مافی جیابوونەوە مافێکی سەرەتاییەو ئەو شیکردنەوە لە نەبوونی دەق دا هێزی یاسایی هەیە و دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ.

هەر گرووپێکی هێمۆژێن کە دانیشتووی جوغرافییەکی دیاریکراون مافی ئەوەیان هەیە شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان دیاری بکەن و یاساناسان ئەوە وەک بەشێک لە مافی مرۆڤ پێناسە دەکەن. بە پێی ئەو بۆچوونە هەروەک چۆن مافی مرۆڤ مافێکی ئەزەلی و ئەبەدییە بۆ هەموو مرۆڤەکان، مافی جیابوونەوەش وەک مافێکی کۆلێکتیڤ قابیلی سازشکردن نییە و ناتوانرێ بە هیچ پاساوێک پێشێل بکرێ

#### ئەمری واقع، سەرچاوەی ڕەواییەت


زۆرجار سەپاندنی ئەمری واقع دەبێتە مایەی بەدیهێنانی ڕەواییەتی یاسایی و پاش ئەوەی دۆخێکی دیاریکراو وەک ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو بە واقع، ئەوا لەگەڵ پێشوازی و دانپیانانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەوڕوو دەبێتەوە و دەبێتە ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لە نموونە دیارەکانی ئەو شێوازە لە دروستبوونی دەوڵەت، کۆچی جوولەکەکانی سەراسەری جیهان بۆ ئیسرائیل و کڕین و هەندێک جار داگیرکردنی زەویی موسڵمانان و لە ئەنجامدا ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی خستە دۆخی ئەمری واقعەوە، [جا گرنگ نییە پاساوی سیاسی لە پشتەوە بووبێ یان نا] و دەبینین دواجار ئیسرائیل دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و وەک وڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

کەواتە دەتوانین بڵێین زۆربەی کات هێز جا چ سەربازی بێ، تێکنۆلۆژی بێ، دیپلۆماسی بێ ... دەتوانێ بەدیهێنەر و سەرچاوەی هێزی یاسایی بێ، هەر چەندە هیچ دەقێکی یاسایی لەو بارەیەوە نییە.

#### وتەی کۆتایی

باشووری کوردستان بە پێی هەموو ئەو پێوەرانەی ئاماژەمان پێکرد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و جیابوونەوە لە عێراقی هەیە، کە بە کورتی لەو خاڵانەی خوارەوەدا کورتی دەکەینەوە:




١) کورد لە باشووری کوردستان نەتەوەیەکە کە خاوەنی خاک و خەڵک و دەسەڵاتی سیاسییە و لە یەکیەتییەکی ئارەزوومەندانەدا لەگەڵ عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننی وڵاتی عێراقیان پێک هێناوە و یاسای بنەڕەتی زامنی ئەو یەکگرتووییە و مانەوەی ئەو قەوارە سیاسییەیە. پێشێلکردنی یاسای بنەڕەتی واتای کۆتایی هاتنی ئەو قەوارەیەیە. جێبەجێ نەکردنی بڕگە جیاوازەکانی ئەو یاسایە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەتوانێ پاساوێکی یاسایی بەهێز بێت بۆ جیابوونەوە لە ناوەند.

٢) بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دیفاکتۆیەکی بەهێز کە خاوەن پەیوەندییەکی فراوانی دیپلۆماسی و ئابووری و سیاسییە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەروەها بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خاوەن ئاستێکی بەرز لە ڕێزگرتن لە نۆرم و بەها نێودەوڵەتییەکانە، دەتوانرێ وەک هۆکارێکی گرینگی سەلمێنەری شیاویەتی بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتی پێ ببەسرێ.

٣) پێویستە گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەوڵەتانی دەوروبەر و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (بە تایبەت ئەندامانی هەمیشەیی) دڵنیا بکاتەوە کە دەبێتە هۆکاری پەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچە.

# ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو لە نێوان ئیسڕائیل و ئێران



ئێلیۆت ئابرامس*
و: کەماڵ حەسەنپوور

لە ئامریکا باس و خواسەکان لەبارەی ئێران لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆرتر لەبارەی بەرجام، ڕێککەوتننامەکەی ناوەکیی سەردەمی ئۆباما، بووە. لە خۆرهەڵاتی ناوین، شتەکان جیاوازن.

هۆیەکەی ئەوەیە لە کاتێکدا کە ئێمە مشتومڕمان بووە، ئێران چالاک بووە و ئیسڕائیل بەرپەرچی داوەتەوە. ئیسڕائیل لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ١٠٠ جار هێرشی کردۆتە سەر بنکەی جۆراجۆر لە سورییە و، کاتێک کە زانیویەتی ئێرانییەکان هەوڵ دەدەن کەرەستەی پێشکەوتوو بۆ حیزبوڵڵا لە لوبنان بنێرن بۆمبارانی کردوون. مانگی ڕابردوو ئیسڕائیل ناوەندی بەناو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە مەسیاف، شارێک لە ناوەندی سورییە، کە بنکەیەکی سەربازیی بوو و دەگوترا لەوێ چەکی شیمیایی و بۆمبی دەقیق بەرهەم دەهێندرا بۆمباران کرد. ئێستا ڕاپۆرتەکان (وەک ئەوەی کە ئالێکس فیشمەن لە ڕۆژنامەی یێدیوت ئاخرۆنۆت دا بڵاوی کردەوە) باس لەوە دەکەن کە ئێران بەتەمای دروستکردنی فرۆکەخانەی سەربازیی لە نزیکی دیمەشقە، شوێنێک بۆ سۆپای پاسداران کە بتوانێ لەوێ جێگیر و چالاک بێ. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئێران و ڕێژیمی ئەسەد خەریکی دانوستان لە بارەی دابینکردنی بنکەیەکی هێزی دەریایی لە ڕۆخی تارتوسن و ئەوەی کە ئێران لەوانەیە لەشکرێک سەرباز لە سورییە جێگیر بکا.

ئیسڕائیل ناتوانێ ئەو شتانە قبووڵ بکا و ئەو پەیامە دەگەیەنێتە ڕوسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەزیری بەرگریی ڕوسیە بەمزووانە سەردانی ئیسڕائیل دەکا، دوای ئەو وەزیری بەرگریی ئیسرائیل سەردانی واشینگتۆن دەکا. هەوڵەکانی پێشووی ئیسڕائیل بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای پوتین پێش بە ئێران بگرێ (لە ماوەی چوار سەردانی ناتانیاهو بۆ موسکۆ لە ساڵی ڕابردوو) شکستیان هێناوە، ئەوە نیشانی دەدا کە پێویستە ئیسڕائیل بۆخۆی ئەوکارە بە تەنیا بکا، مەگەر سیاسەتی نوێ بەرامبەر ئێران کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ باسی لێوە دەکرێ پێش بە بڵاوبوونەوەی حزووری سەربازیی و نفوزی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بگرێ.

جارێ ماوەیەتی تا ئاکامەکەی ببینین. دەنگۆیەکان باس لەوە دەکەن کە بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ لەوانەیە سوپای پاسداران وەک گروپێکی تێرۆریستی پێناسە بکا، ئەوە دەتوانێ ڕێگا بۆ دامودەزگاکانی دژی تێرۆریزم خۆش بکا کە پێش بە پەرەئەستاندنی بگرێ. دانوستانەکان لەسەر بەرجام بە هەر کوێیەک بگەن، وێدەچێ لێک تێگەیشتنێکی بەربڵاوتری لە نێو بەڕێوەبەرایەتی لەبارەی بەربەرەکانی لەگەڵ دەوری سەربازیی پەرەئەستێنی ئێران لە عێراق، سورییە، لوبنان و شوێنی دیکە لە ناوچە هەبێ.

بڕیاری ئامریکا هەرچی بێ، ئەگەر ئێران بەکردەوە حزووری سەربازیی گەورە و هەمیشەیی لە سووریە هەبێ، کە بە بنکەی هەمیشەیی هێزی دەریایی و پێگەی هێزی ئاسمانیی و هێزێکی بەرچاوی وشکانیی تەکمیل بکرێ، ئیسڕائیل دەبێ بڕیاری چارەنووسساز بدا. حزوورێکی ئەوتۆی ئێران لە مەدیتەرانە و لە سەر سنووری ئیسڕائیل هاوسەنگیی سەربازیی لە ناوچە دەگۆڕێ و دۆخی ئاسایشی ئیسڕائیل لە بنەڕەتدا دەگۆڕێ. دەبێ لەبیرمان بێ کە بە پێی ڕێککەتننامەی بەرجام کە ئۆباما ڕەزامەندیی لەسەر دا، بەربەستەکانی سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران ٨ ساڵی دیکە کۆتاییان پێ دێ و ئێران لەوانەیە ئێستا بەرنامەی موشەکیی بالیستیکی خۆی تەکمیل بکا و هیچ پشکنینێک لە بنکە سەربازییەکان ناکرێ کە لەوانەیە توێژینەوە لەسەر چەکیی ئەتۆمی لە ئارا دابێ. هەر وەک لەو دواییانەدا سێناتۆر تام کاتن باسی کرد، «ئەگەر ئێران ئەمڕۆ بەرنامەیەکی نهێنیی ئەتۆمیی نەبێ، ئەوە یەکەم جارە لە ماوەی جیلێک دا.» ئیسڕائیل لەوانەیە ١٠ ساڵ لە دۆخێک دوور بێ کە لەودا ئێران چەکی ناوەکی و بنکەی سەربازیی لە سووریە هەبێ و دەتوانێ تەنانەت چەکی ئەتۆمیی لە سووریە، تەنیا چەند مایل دوور لە سنووری ئیسڕائیل جێگیر بکا.

فیشمەن، سەرتۆپی هەواڵنێرانی سەربازیی ئیسڕائیل دەنووسێ «ئەگەر هەوڵە سیاسییەکانی ئیسڕائیل بێ بەر بێ، ئێمە [ئیسڕائیل] بەرەو ناکۆکیی زیاتر لەگەڵ ئێران دەڕۆین. ئەو ئاکامە و هەوڵەکانی ئێران بۆ وەڕاست گێڕانی، دەبێ لە بیری کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، لە کاتی فکر کردنەوە لە سیاسەتی تازە بەرامبەر بە هەوڵە بێ کۆتاییەکانی ئێران بۆ دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی ناوین، بێ.

* سەرچاوە: کاونسڵ ئان فارین ریلەیشنس

# ترامپ ڕێگا بە ئێران دەدا کە دەست بە سەر عێراقدا بگرێ؟

نیویۆرک پۆست _ بێنی ئاڤنی
و: کەماڵ حەسەنپوور

ئەگەر سەرکۆمار ترامپ دەیەوێ پێش بەوە بگرێ کە ئێران گشت وڵاتی عێراق بکاتە ژێر دەستەی سوپای پاسداران، دەبێ زۆر خێرا هەڵوێستی بە کردەوە لە بارەی قەیرانی کوردستان بگرێ.

ڕۆژی دووشەممە هێزە عێراقییەکان دوای شەڕێکی کورت بەسەر شەڕکەرە کوردەکاندا سەر کەوتن و دەستیان بەسەر شاری کەرکوک لە باکووری عێراق داگرت. ئەوان بێ ئێمە نەیان دەتوانی ئەو کارە بکەن.

کاتێک داعش لە ٢٠١٤ هێرشی کردە سەر عێراق، سوپای ورەدۆڕاوی عێراق هەرەسی هێنا، چەکدارەکانی شوێنەکانی خۆیان جێهێشت و رایان کرد. بەغدا بە توندی سەرشۆڕ کرا. دوایی شەڕکەرانی کورد، کە بە پێشمەرگە ناسراون، چوونە نێو کەرکوک و ئەم شارە گرنگەیان لە جیهادییەکان پاراست. لەو کاتەوە، سوپای عێراق لە لایەن ئامریکا ڕاهێنانی زیاتری پێکراوە و چەکوچۆڵی باشتری پێدراوە و شانبەشانی هێزی پێشمەرگە شەڕی دژی داعشی کردووە. ئێستا کە داعش نزیکی لەناوچوونە، سوپای عێراق ڕووی کردۆتە کەرکوک و کوردەکانی بە ناوی یەکگرتوویی نەتەوەیی ڕاوناوە.

هێرشە سەرکەوتووەکە وەک خاڵێکی باش بۆ حەیدەر العیبادی تۆمار دەکرێ. ئەو پاش گشتپرسییەکەی ٢٥ی سێپتامبر کە لەویدا بەشێکی بەرچاو لە کوردانی عێراق دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، هەوڵی یەکگرتوو ڕاگرتنی عێراقی داوە. کەوابوو ئامریکا دەبێ دڵخۆش بێ، نا؟ هەرچۆنێک بێ ڕاوێژکارە ئامریکاییەکان سوپای عێراقییان کردە ماشێنێکی شەڕکەری جێی متمانە و نیشانیان دا کە شایانن. جگە لەوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە دژی ئەو گشتپرسییە بوو کە لەلایەن ڕێبەری کورد مەسعود بارزانی ڕا گەیەندرا.

کێشەکە ئەوەیە کە سوپای عێراق لە تێکشکاندنی کوردەکاندا تەنیا نەبوو. بەشی هەرە زۆری پێکدادانەکان لە لایەن میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە ئەنجام دران، کە بەشێکی بەرچاو لەوان سوێندی وەفادارییان بۆ سوپای پاسداران خواردوە، ئەوانیش بە هەمان شێوە چەکوچۆڵی ئامریکاییان پێ دراوە.

ڕۆژی هەینی سەرکۆمار ترامپ سوپای پاسدارانی ئێرانیبە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناوبرد و وەزارەتی دارایی ئابلۆقەی نوێی بەسەر ئەم گرووپەدا سەپاند بۆ ئەوەی کە پێش بە پەرەگرتنی نفوزی جیهانیی ئەو بگرێ.

سەررەڕای ئەوە کەوتنی کەرکوک بێگومان «سەر کەوتنێکی گەورە بۆ فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران قاسم سولەیمانی بوو»، هەر وەک زەلمای خەلیلزاد نوێنەری پێشووتری ئامریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە منی گوت. خەلیلزاد لایەنگری تێوەگلانی ئامریکا لە دانووستانی نێوان بەغدا و هەولێر، پێتەختی کوردستانی عێراقە.

دانوستانێکی لەم شێوەیە دەبێ ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتی نەوتی کەرکوک بگرێتە خۆ. بە قسەی خەلیلزاد، لە کۆتاییدا دەبێ باسی مافی چارەی خۆنووسینی کورد بکرێ. بە قسەی ناوبراو: ”ئەوە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە کە کوردەکان، کە دۆستی باشی ویلایەتە یەکگرتووەکانن، ناسەقامگیر و شکست خواردوو بن.“

سەرەڕای ئەوە، لە کاتێکدا کە قەیرانی کوردستان خەریکی سەرهەڵدان بوو، بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ شتێکی زیاتر لە بانگەواز بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خاکی عێراق نەکرد. تەنانەت ئێستا هەندێک کەس شکستی کەرکوک وەک وانەیەک بۆ بارزانی و وەک بەڵگەیەک کە هەڵوێستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە بارەی بەرهەڵستکاری بەرامبەر بە گشتپرسی سیاسەتێکی دروست بووە دەبینن.

ترامپ ڕۆژی دووشەممە گوتی:“ ئێمە پێمان ناخۆشە کە پێکدادان لە نێویاندا هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئێمە لایەنگری لە هیچکامیان ناکەین.“

بێ هەڵوێستیی ئامریکا بەرامبەر بە سەربەخۆیی کوردستان جیرانەکانی کوردستانیان هاندا تا کارەکان بە شێوەی خۆرهەڵاتی ناوین بکەن: تورکیە، ئێران و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، هەڕەشەی شەڕیان کرد، تەنانەت کاتێک کە بارزانی خۆی لە ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی لە دوای ئاکامی گشتپرسی پاراست و پێشنیاری گفتوگۆی بە جیرانەکان کرد.

ئێستا کەرکوک، خەزێنەیەکی سەرەکیی ناوچە، خەریکە بکەوێتە ژێر ڕکێفی میلیشیایەک کە لە ژێر فەرمانی سولەیمانی، ژەنڕاڵی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دایە کە بە هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامیی شیعی ئێرانی لە جیهاندا تاوانبار کراوە.



سەرکەوتنە ساکارەکەی کەرکوک و بێ تەفاوەتیی ئامریکا دەتوانێ ببێتە هۆی زەختی زیاتری ئێران بۆ سەر ناوچە کوردییەکان. ئەگەر وابێ، چاوەڕوانی شەڕی خوێناوی بن و تا ئەو قەیرانە بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە، تێوەگلانی ئێران زۆرتر و بە هەمان شێوە دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتی عیبادیدا زیاتر دەبێ.


عیبادی دەمێکە گەمە بە هاوپەیمانییەکان دەکا و هیواداره هەم ئی ئامریکا و هەم ئی ئێران ڕاگرێ. بەڵام تەنیا ئامریکا دەتوانێ ناچاری بکا کە ڕاستیی داخوازەکانی کوردان قبوڵ بکا. تەنیا ئامریکاییەکان دەتوانن ڕێککەوتنێک بێننە ئاراوە کە پێش بە شەڕێکی درێژخایەن و خوێناوی لە نێوان بەغدا و هەولێر بگرێ، کە دەبێتە هۆی پاڵنانی عیبادی بۆ ناو ئامێزی ئێران.

ئامریکا خوێن و سامانێکی زۆری لە عێراق سەرف کردووە کە ئێستا کە داعش لە قەراخی لەناوچوونە ڕێگا بە ئێران بدا دەست بە سەر عێراق دابگرێ.

لە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئێچ ئار مەکماستێر بۆ خوارەوە، ڕاوێژکارانێک دەوری ترامپیان گرتووە کە بە باشی لە ڕاستییەکانی عێراق دەگەن. ئەوان دەبێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرن و هەرچی زووتر بەغدا و هەولێر ناچار بە دانووستان بکەن.

دەنا قاسم سولەیمانی بە شێوەی خۆی دەیکا.

# له حوجره‌وه



عادڵ مەحموودی

## مەلا محەممەد ڕەبیعی

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣١١ی هەتاویدا، لە گوندی «دەرەئەسپ»ی دیواندەرە منداڵێکی ژیکەڵە چاوی بە ژیان هەڵێنا و ناویان نا محەممەد. محەممەد کوڕی مەلاعەبدولحەکیم کوڕی مەلا محەممەدی ڕەبیع لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و ڕووناکبیردا یەکەم هەناسەکانی ژیانی هەڵمژی. ئەو یەکەم ڕستە و وشەکانی لە زاری دایکێکی خوێندەوار و ڕووناکبیرەوە بیست و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا و لە خزمەتی دایکیدا قورعانی پیرۆزی تەواو کرد و بووە جێگای سەرسوڕمانی بنەماڵە و کەسانی دەورووبەری.

محەممەد هەتا تەمەن دە ساڵی لە خزمەت باوکی و مامیدا وانەی زانستە ئاینییەکانی خوێند و وردە وردە دەستی بو هۆنینەوەی شێعر و نووسینی چیرۆک کرد و دواتر هەگبەی فەقییەتی کردە شان و ڕووی کردە حوجرە.

مەلا محەممەدی ڕەبیعی هەتا گەیشتە پلەی موستەعیدی زۆر لە حوجرەکانی کوردستانی لە دیوی گەرمێن و کوێستان کرد ودواجار لە حوجرەی گوندی قشڵاقی سپی لە خزمەت مامۆستا عەلائەددینی حوسەینیدا دوایین پلەکانی زانستی ئیلاهیاتی بڕی و ئیزنی مەلایەتیی پێ درا و لەگەڵ کچی مامۆستا عەلائەدین ژیانی هاوبەشیی پێک هێنا و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ هەر لە ئاوایی «قشڵاقی سپی»دا سەرقاڵی وانە وتنەوە و نووسین و وەرگێڕان بوو.

مامۆستا مەلا موحەمەدی ڕەبێعی، وێڕای ئەوەی دەستی نووسین و وەرگێڕانی هەبوو، وەک قورعان خوێنێکی دەنگخۆشیش ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو ساڵی هه (١٣٤٥وەکوو نوێنەری وڵاتی پاشایەتی ئێران لە کێبەرکێی نێودەوڵەتی قورعان خوێنیدا کە لە وڵاتی «پاکستان» بەڕێوە دەچوو بەشداری کرد و لەو کێبەرکێیەدا ٢٢ کە بەبەشداریی ٢٢ وڵاتی جیهانی بەڕێوەچوو، دوای «عەبدولباست عەبدوسەمەد»ی میسری پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

مامۆستا ڕەبێعی دوایە چوە تاران و وەک مامۆستای قوتابخانەی



«ئەردەبیلیەکان» و مزگەوتی «عیمادودەولە»ی شاری تاران دەستنیشان کرا، هەر لەو سەردەمەشدا لە ڕادیۆ کوردیی تاراندا بەرنامەیەکی بەڕێوە دەبرد.

ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی مامۆستا بوو بە بەرنوێژی مزگەوتی ئیمام شافیعی لە کرماشان و چالاکییە ئایینی و نیشتمانییەکانی لە ڕادیۆی کرماشان درێژە پێدا.

مامۆستا مەلا محەممەد کە خۆشەویست و جێی ڕێزی هەموو پێکهاتە ئاینییەکانی شاری کرماشان بوو، لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەوری هەرە بنەڕەتیی گێڕا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هاتنەئارای پرسی کورد، مامۆستا ڕەبێعی لەگەڵ ئەو وەفدانەی بۆ چەسپاندنی خودموختاری و مافە ڕەواکانی گەلی کورد سەردانی پێتەختی ئێرانیان دەکرد، چەند جارێک هاوسەفەریان بووە و لەسەرمێزی دانووستاندا لەگەڵ ئایەتوڵڵا تاڵەقانی دانیشتووە و لە زۆر بڕگە و قۆناغدا هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردوە.

مامۆستا مەلا محەممەدی ڕەبێعی لە تەمەنی پڕ سەمەری دا ٥٦ پەڕتووکی بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی نووسیون کە ٣٣ پەڕاویان چاپ و بڵاو بوونەتەوە، وەک: «بەچکەی بەنیادەم»، «سەراب عشق و اعتیاد»، «امپریالیست و سووسیال ئیمپریال» و «دووکاندارانی تەریقەت». مامۆستا هەروەها یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری «سروە» و دەوری سەرەکیی لە بەرجەستەکردنی ڕوحی نیشتمانی گێڕا و بۆ یەکگرتوویی کوردەکانی شیعە و سوونیی کرماشان هەوڵێکی زۆری دەدا و تاڕادەیەکیش سەرکەوتووبوو لەو کارە دا کە ئەوە زەنگێکی خەتەر بوو بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

دوای بڵاوبوونەوەی زنجیرە درامای «ئیمام عەلی» لە دژی نێوەرۆکی ئەم درامایە هەڵوێستی گرت و چەند نامەیەکی بۆ وەزارەتی ئیتلاعات و وەزارەتی پەروەردە نووسی و ڕایگەیاند کە ئەم درامایە دەبێتە هۆی نایەکگرتوویی و بە گژداچوونی شێعە و سوننەکان و چاولێکردنەکەی بە «حەرام» ڕاگەیاند.

چالاکییەکانی مامۆستا و ئەو باسانەی ئەو قسەی لەسەر دەکردن و شێوەی ڕوانینی بۆ پرسە ئایینی و نیشتمانییەکان ئەوی خستبووە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی و بۆیە لەلایەن ئیتلاعاتەوە گوشاری خرایە سەر و بەردەوام بانگ دەکرا و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرا. مامۆستا جارێکیان گەڕاوە ماڵێ و بە خێزانەکەی گوتبوو کە ئەشکەنجەیان داوە و وادیارە دەیانەوێ بیکوژن.

مامۆستا ڕەبێعی ڕۆژی ١٢سەرماوەزی ساڵی١٣٧٥ بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ سەرکارەکەی لە ڕادیۆی کرماشان لە ماڵ چووە دەرەوە، بەڵام نەگەڕایەوە. نیزیک سەعات یەکی نیوەشەوی هەمان ڕۆژ تەرمی بێ گیانی مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعی لە نزیک ترمیناڵی تاران _سنەدا دۆزرایەوە.

ڕۆژی بە خاکسپاردنەکەی، واتە ١٣سەرماوەز خەڵکی شاری کرماشان دژی تێرۆری مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعی خۆپیشاندانیان وەڕێ خست و خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە و ڕێژیم بە ناچار حکومەت نیزامیی لە زۆربەی ئەو شارانە ڕاگەیاند، بە تایبەت کەشە ئەمنیەتییەکە لە شاری سنە و شارەکانی پارێزگای کرماشان زیاتر بوو. لەو نارەزایەتیانەدا کە کار کێشرایە تێکهەڵچوون، خوێندکارێک لە شاری ڕوانسەر و ئەفسەرێکی هێزە نیزامییەکان گیانیان لە دەست دا و دەیان کەسیش بریندار کران و بە سەدان کەس گیران و خرانە بەندیخانەوە.

هەرچەندە هەتا ئێستاش ئەم تیرۆرە لەلایەن ناوەندە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دانی پێدا نەنراوە، هبەڵام مەرگی مامۆستا ڕەبێعی بە یەکێک لە قەتڵە زەنجیرەییەکانی دەیەی ٧٠ دادەنرێ و ڕاپۆرتی ریپۆرتێری نەتەوە یەکگرتوەکانیش کە ٢٨ی بەفرانباری ١٣٧٨بڵاوکراوەتەو،ە ئاماژە بە تێرۆر و لەنێوبردنی مامۆستا ئاییننیە سوننەکان کراوە کە یەکێک لەوان تێرۆری مامۆستا ڕبێعییە کە باسیان کردوە.

بە پێی بڵاوکراوەی ماڵپەڕی «سوننی نیووز» فەرماندەر و بکوژی مامۆستا ڕەبێعی پارێزگاری ئەودەمی سنە و جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد «محەممەد ڕەزا ڕەحیمی»یەە کە بە یەکێک لە گەندەڵکارانی شەقامی «فاتیمی» ناوی دەرکرد و لە زۆربەی گەندەڵییەکانی سەردەمی ئەحمەدی نژاددا تێوەگلاوە و دەسەڵاتدارانیش بەباشی ئەوەدەزانن، بەڵام لەبەر دیزەبەدەرخۆنەکردنی قەتڵە زەنجیرەییەکان و ئاشکرانەبوونی لایەنە شاراوانەکانی ئەو تێرۆرانە کە یەکێکیان مامۆستایە، ناوبراو بەرەوڕووی بەدواداچوونی قەزایی نەکراوە.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش

# جەتەر و قارەمانەتییەکی کەم وێنە



برایم چووکەڵی

ئاسمانی خەباتی پڕشنگداری حیزبی دێموکرات و مێژووی فیداکاری و لەخۆبوردوویی حیزبی دێموکرات پڕ ئەستێرەیە، هەر ئەستێرەیەک کە دڕی بە شەوەزەنگی بێدادی داوە و بۆتە ڕووگە بۆ ئەوەی نوێژی ئیخلاسی لەبەر دەم دابەستی.

کەم نین ئەو سوارچاکانەی ئەگەرچی لە مەیدانی نەبەرد و بەرەنگاری دژی دوژمنانی گەلدا گلان، بەڵام کاروان کاروانیان لە دووی خۆیان هێناوە و بوونە ڕەمزی هەرمان و مانەوە و، ئەو مێژوویەی ئەوان خوڵقاندیان بوونە وانە بۆ نەوەکانی دوارۆژ. لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا سەرێک دەدەین لە مێژووی پڕ سەرەوەریی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە شومالی کوردستان.

پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێزەکانی شەهید سەرگورد عەباسی، حاتەم، نەحۆ و دەستەی زەربەتی هێزی شەهید ئاوارە بۆ مەئمووریيەت لە ناوچەی شومالی کوردستان خەریکی گەشتی سیاسی و نیزامی بوون. لە درێژەی گەرانی سیاسی نیزامیی لە ناوچە شەوی ١٣ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٣ بۆ ئەوەی زەبرێک لە هێزە داگیرکەرەکانی ڕێژیم بدەن و بڵێن کە کوردستان جێگەی ئێوە نیە، چوونە نێو شاری سەڵماس.

دەستەیەک لە هەڵۆ تیژباڵەکانی حیزبی دێموکڕات لە نزیک موڵگەی سپای پاسداران چوونە سەنگەرەوە و دەستەیەکی دیکەش بۆ پشتیوانیی ئەوان لە حاڵی ئامادەباشدا مانەوە. لکێکی دیکەش کۆنترۆڵی جادەی ورمێ_ تارانیان بە درێژای ٥ کیلۆمیتر خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و دەستەیەکی دیکەش بۆ شیرکەتی ڕێگاوبانی حکومەت دامەزران.

بە بەبڕیاری فەرماندەری عەمەلیات و لە کاتێکدا ڕێژیم قەت چاوەڕوانی ئەو هێرشەی نەدەکرد، هێرش بۆ سەر بنکەی سپای پاسداران دەستی پێکرد و لە هەموو لایەکەوە ئاگر لە سەر پشتی هێزەکانی ڕێژیم کرایەوە. لە ماوەیەکی کەمدا بنکەی سپای پاسداران لە نێو شار لەبەر یەک هەڵتەکا و هێزەکانی پێشمەرگە دوای مانۆڕێک بە نێو شاردا بێ ئەوەی کەسیان خوێنی لە لووت هاتبێ، لە نێو شار هاتنە دەر. ئەو پێشمەرگانەش کە لەسەر جادەی ورمێ_ تاران بوون، دەستیان بە ڕاگرتنی ماشێنەکان و کۆکردنەوەی خەڵک کرد و کۆبوونەوەیان بۆ گرتن. لەو کاتەدا ماشێنێکی هێزەکانی ڕێژیم گەیشتە شوێنەکە و گوێی بە فەرمانی بوەستەی پێشمەرگەکان نەدا. پێشمەرگەکان بەر ڕەگباریان دا و پاش ئاگردانی ماشێنەکە و تەواوبوونی ئەو بڕگەیەش لە عەمەلیاتە، ئەو بەشەش لە پێشمەرگەکان ماڵاواییان لە خەڵک و جەماوەری کۆوەبوو کرد و شوێنەکەیان بەجێهێشت.

ڕێژیم کە زەبرێکی کاریگەر و گورچکبڕی وێ کەوتبوو، بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر هێزێکی زۆری پێوشوێنی پێشمەرگەکان خست، بەڵام فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگە کە پێشبینیی ئەوەشیان کردبوو، لە گوندی «بەردییان» بەرەنگاری هێزی زۆر بەڵام بێ ورەی دوژمن بوونەوە. شێرە کوڕان و کچانی دێموکرات لە مەڵبەندی شومال کە دەیان جار حەماسەی لەو چەشنەیان خوڵقاندبوو، لەو عەمەلیاتەشدا زەبرێکی وەها گورچکبڕیان لە ڕێژیم دا کە دەبێ بە دەیان چیرۆک بنووسرێنەوە.

ڕێژیم کە لە سێ قۆناغدا زەبری قورسی وێکەوتبوو، بە پیشەی جارانی چەکی قورس و تۆپخانەی خستەکار، بەڵام تەیرەکانی دێموکرات بە ورەی بەرز و سەربەرزییەوە شەڕگەیان بەجێهێشت و بەرەو گوندی «جەتەر» داگەڕان.

دوژمن لەگەڵ شکستە یەک لە دوای یەکەکانی بەڵام دیسان دەسهەڵگر نەبوو. ئەو برینە قورسەی هەڵیگرتبوو، لە ڕوانگەی خۆیەوە پێویستیی بە سارێژکردنەوەیەکی خێرا و دەمودەست هەبوو. بۆیە دیسان بە هێزێکی زیاترە شوێنی پێشمەرگەکان کەوت و ڕۆژی دواتر_ نیوەڕۆی ١٥ی بەفرانبار_ لەژێر ئاگری توندی تۆپخانەدا هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگەکان. پڵینگە چنگ بە خوێنەکانی چیای ئاگری و دەستەی زەربەتی هێزی قەندیلی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی دوو ڕۆژ بوو لەسەر بە بەردەوامی لەبەرەی شەڕدا بوون، بەڵام بێ ئەوەی تۆزی ماندوویەتییان لێ نیشتبێ و تۆزێ دوودڵ بن، بەڵێنیان دا بەو ساردە زستانە ئاگرێکی وەها لەسەر پشتی دوژمنی داگیرکەر بکەنەوە بۆ هەتاهەتایە لە مێژوودا بنووسرێتەوە.

هێزی دوژمن کە ورەی هاتنەپێشێی نەبوو، سەرەتا دەستی بە ئاورێارانی گوندی جەتەر و سەنگەری پێشمەرگەکان کرد و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا گەیشتە نیزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە. ئا لێرەدا بوو کە عیشق بە نیشتمان و بڕوا بە ڕەوایی خەبات وەها ئاگرێکی خستبووە دڵی پێشمەرگەکانەوە کە بێ ترس لە دانانی گیان بەرەنگاری دوژمن ببنەوە. پاش چەند سەعات شەڕی سەنگەر بە سەنگەر ئەوەی لە شەڕگەدا دەبیندرا کەلاکی زۆر و زەوەندی هێزەکانی دوژمن بو کە ئەمجارەیشان بە قورسی تێک شکابوون.

هێزەکانی ڕێژیم ناچار بە پاشکەشە کران، بەڵام نیو کاتژمێری پێ نەچوو کە هێزی پشتیوان و تازەنەفەسی ڕێژیم لە شاری سەڵماس گەیشتنە جێ. شەڕی سەنگەر بە سەنگەر دەستی پێ کردەوە و هەتا ئێوارێی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو. ئەوەی لەو شەڕە بەجێ ما، حەماسە و سەروەرییەکی دیکە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە بەخشینی گیانی ١٣ ڕۆڵەی کورد وەدەست هاتبوو، ئەوەش کە لە شەڕگەدا بەجێ ما، سەرشۆڕی و کەلاکی زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن بوو کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا و لە چەند بڕگەی عەمەلیاتیدا کەوتبوونە سەر عەرزی.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سارێژی ئەو برینە قورسەی هەڵیانگرتبوو، ڕۆژی دوایی قینی ڕەشی خۆیان بە سەر دوو گوندی دیکەی ناوچەکە «بۆتک» و «دێمە» ڕشت کە بە دەیان کیلومیتر لەو شوێنە دوور بوون. ئەو دوو گوندە لەلایەن هێزەکانی دوژمنەوە هیرشیان کرایە سەر و دوای دەرکردنی خەڵکەکە ئاگریان دان و سووتاندیانن.

ئەوەی لە سەر شەڕی جەتەر پێویستە بیزانین چەند خاڵی گرینگە: یەکەم ئەوەی ماوەی شەڕەکە سێ ڕۆژ بوو، هێزەکانی پێشمەرگە هەم لە نێو شار و هەم لە سەر جادە و هەم لە ناوچە و لە ماوەی سێ ڕۆژدا زەبری گورچکبڕیان لە دوژمن دابوو. دووهەم ئەوەی دزەکردنە نێو شار، ئەویش شارێک وەک سەڵماس و لێدان لە بنکەی سپای پاسداران وەک هێمای دەسەڵاتی سەرکوتی ڕێژیم دیسان لە کاتێکدا لە دەبوا دەبێ بە نێو دەیان گوندی ئازەری نشیندا بۆی بچی و بگەڕێیەوە، حەماسەیەکە کە تەنیا پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکڕات دەتوانن بیخوڵقێنن. دواجار ئەوەی کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرت سەلماندی کە زۆری و زەوەندی و کۆک و پۆشتەبوونی هیزی دوژمن قەت ناتوانێ چۆک بە ئیرادە و باوەڕی پێشمەرگە دابدا، هەر ئەوەش بۆتە ڕەمزی مانەوەی پێشمەرگە و خەباتی گەل و نیشتمان بۆ ڕزگاری.

# بیری چەپ و دۆزی سەربەخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(٧_٦)

## بیری چەپ و پرسی نەتەوەیی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠ هەتا ١٣٥٧ی هەتاوی



د. کامران ئەمین‌ئاوە

پاش ڕووخانی دەوڵەتی ڕەزاشا، حیزبی توودەی ئێران وەکو جێگرەوەی حیزبی کۆمونیستی ئیران لە ١٠ی ڕەزبەری ١٣٢٠ دامەزرا. لە بەرنامەکانی حیزبی توودەی ئێران لە ٢ کۆنگرەی یەک [١٠ گەلاوێژی ١٣٢٣] و بە تایبەتی کۆنگرەی ٢ دا کە دوو ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلليی ئازەربایجان لە ٥ی بانەمەڕی ١٣٢٧ پێکهات، لە بەندی ١٠ی بەشی خەباتی سیاسیدا تەنیا باسی» ئازادییتەواو بۆ کەمایەتییەکان لە کاروباری فەرهەنگی و ئایینیی خۆیان»دا(١) دەکرێ و باسێک سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی و مافی چارەنووسی لێنینی لە گۆڕێدا نیە. هەروەها لە پلینۆمەکانی ١ هەتا ٦ی حیزبی توودەی ئێران لە کۆی سەنەد و بەڵگەکانی حیزبی توودەی ئێران کە لە ساڵی ١٣٦٠دا بڵاو بۆتەوە،هیچ باسێک لەپرسی میللی لە ئیران وەبەرچاو ناکەوێ، بەڵام لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێران پاش پلنۆمی ٧ و کۆنفرانسی یەکگرتن لەگەڵ فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە هاوینی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بەشی «بریارنامەی پلینۆمی ٧ (گەورە) کۆمیتە ناوەندی حیزبی توودەی ئێران سەبارەت بە مەسەلەی یەکگرتویی ڕێبەری و سازمانی حیزبی چینی کریکار لە ئێران» لە بەندی ٤دا ئاماژە بە «بایەخ و هەستیاریی مەسەلەی میللی لە ئێران» دەکا و بە چەشنێکی ڕەسمی لە بەرنامەی خۆی، لە بەشی مەسەلەی میللیدا باسی «مافی کامیلی چارەنووسی گەلەکانی دانیشتووی ئێران» دەکا.(٢)لە درێژایی تەواوی ئەو ساڵانە کە بەسەر هەوەڵین بەیانییەی فرقەیکۆمۆنیستی ئێران تێپەر بووە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ڕێکخراوەکانی چەپی ئێرانی لە پرۆگرامی خۆیاندا باسی یەکیەتیی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و جاروبار مافی جیابوونەوە دەکەن بە هۆی بڕوامەندییان بە تەواوەتیی خاکی ئێران، یەکیەتیی چینی کریکار و دامەزراندنی سۆسیالیسم لە ئێراندا ئەم مەسەلەیە تەنیا لە سەر لاپەرەی پڕۆگرامەکەیاندا ماوەتەوەو کێشەی «میللی»یان وەکو پاشکۆی کێشەی چینایەتی پێناسە کردوە. سەرەڕای ئەوەش کە «خەبات بۆ یەکگرتنەوەی وڵاتە دابڕاوەکانی میللی»(٣) وەکوو چەشنێک لە خەباتی دژی ستەمی میللی پێناسە دەکەن، کاتێک ئەمباسە بە ئێران دەگا، بەپێی ئەم قسەیەی لێنین کە» بەرژەوەندی سۆسیالیسم سەرتر لە بەرژەوەندی و قازانجی میللەتەکان بۆ چارەنووسی خۆیانە»(٤) لە ڕوانگەی حیزبێکی سەرتاسەری چەپەوە، خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی وڵاتێک، یانی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی وڵاتی ئێرانن. تەنانەت کاتی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانە کوردیش نیشانەی ناسیۆنالیست و وەدواکەتوویی لێدەدەن. بۆ وێنە دوکتور گەلاوێژ یەکێک لە کادرە کوردەکانی حیزبی توودەی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بەم چەشنە باسی کۆمەڵەی (ژ. ک) دەکا: ئەم حیزبە لە ژێر دروشمی دژی فاشیستی، دژی فئودالی و خەباتی دژی کۆنەپەرەستی لە ماوەیەکی کورتدا نفووز و وەج و ڕێزێکی بێ وێنەی لە نێو خەڵکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێری کوردستان وەدەست هێنا(٥) [بەڵام] «دروشمی سەرەکیی کۆمەڵە وەکوو «کوردستانی گەورە» هۆی دوورکردنەوەی خەباتی گەلی کورد لە ڕاستییەکان، بەهێزکردنی دوژمن و لاوازکردنی گەلی کورد بوو.(٦)

دوکتۆر ڕەحیم قازیش لە تێزی خوێندنی بۆ وەرگرتنی دەرەجەی دوکتۆریی زانستی مێژوو لە ساڵی ١٩٧١ لە باکۆ دروشمی وێکخستنی تەواوی بەشەکانی لەتلەتکراوی کوردستان لە لایەن کۆمەڵەی ژ، ک بە هەڵە دەزانێ و دەڵێ: ئاشکرایە کە ئەمە ئامانجی تەواوی گەلی کودە بە تێکڕایی و، ئامانجی دوارۆژی جووڵانەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردە؛ بەڵام لە زرووف و سەردەمی کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا(تەنانەت ئێستاش) خەبات بەڕێوەبردن لەژێر ئەم دروشمەدا بە ئەنجامێکی پێویست و باش نەدەگەیشت.(٧)

دوکتۆر قاسملووش کە نزیک بە سی ساڵ ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، تەنانەت کاتێک لەم حیزبە جیادەبێتەوە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەگێڕێ، بەبیری چەپێکی ئێرانییەوە مەسەلەی سەربەخۆیی کۆمەڵەی ژ. ک لێکدەداوەتەوە و لە «چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا، کۆمەڵەی ژ. ک بە ڕێکخراوێکی ناسیونالیست و داخراو ناو دەبا کە بۆ «کوردایەتییرووت» هەوڵی دەدا و نەیتوانی «خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەگەڵ جووڵانەوەی هەمووی ئێران» لێکگرێ بدا.(٨) لە لایەکی دیکەوە دوکتۆر قاسملو ووەک دوکترینی خودموختاری سەرەتا لە کۆنفرانسی سێ‌هەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پاشان کۆنگرەکانی حیزب و بە تایبەتی لە بابەتێک بە ناوی «باسیک لە سەر دروشمی بنەرەتیی حیزب» لە ساڵی ١٣٦٤دا بە پێی نەبوونی بارودۆخ و هەڵومەرجی پێویست بۆ هێنانەبەرباسی دروشمی سەربەخۆیی یان فیدراڵیزم، «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» وەکو دروستترین دروشم لە قەڵەم دەدا و، لە باشترین شێوەدا تیوریزەی دەکا و ئەم دروشمە وەک بەرهەمی «لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ» ناودەبا. دوکتۆر قاسملو لەبارەی هێنانی دیموکراسی بۆ ئێران پێش خودموختاری بۆ کوردستان دەڵێ:»[...] دێمۆکراسیمان لە پێشەوە داناوە هۆی ئەوەیە کە هەم پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە کە گشتیترە، بەرینترە لە کوردستان و هەم هاتوینە سەر ئەم بڕوایە کە بەبێ دێمۆکراسیی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریشمان دەستکەوێ، ئەو خۆدموختارییە زامنێکی دیکەی نیە [...]. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان موخالیفی هەموو شێوە دیکتاتۆرییەکین کەوابوو بۆ ئێمە دێمۆکراسی وەک حیزبێکی دیموکرات هەدەفە. حیزبێکی دیموکراتین بۆ ئازادی یان بۆ ئازادی هەموو گەلانی ئێران تێ‌دەکۆشین». دوکتۆر قاسملو لەو بەشەدا کە باسی چەشنەکانی جێبەجێ کردنی مافی چارەنووس دەکا، سەبارەت بە خودموختاری کە شکڵی هەڵبژاردەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی مافی کورد لەو سەردەمەیە، ئاوا دەبێژێ: «شکڵی سێ‌هەم؛ دیاریکردنی چارەنووس بە شیوەی خودموختارییە. خودموختاری وەختێک دێتە گۆڕێ کە بە گشتی ئەو گەلە نەی‌هەوێ جودا بێتەوە، یانی واز لە سەربەخۆیی بێنێ. نەشی‌هەوێ یان بارودۆخی وڵات بۆ فیدراڵی لەبار نەبێ.»(٩)



### چەپ و مەسەلەی نەتەوەیی پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاویی

پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ی هەتاویی لە ئێران و ڕاگەیاندنی ڕەسمیی هاتنەمەیدانی سازمانێکی تازەی کوردستانی وەکوو «شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران _ کۆمەڵە» لە گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیر و کەسایەتیی کورد لە ڕیزیدا دەستیان بە کار و تێکۆشانی سیاسی کرد، بە هۆی نەبوونی کۆنسێپتێکی نەتەوەیی و گرێدانی بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ خەباتی چینایەتی لە کوردستان و ئێراندا گۆڕانکارییەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی کورد پێک نەهات و دروشمی خودموختاری هەر وەکوو دروشمی سەرەکیی کورد مایەوە.

«کۆمەڵە» خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو «بزووتنەوەی مقاومەتی کورد» کە بەشێک لە خەباتی شۆڕشگێرانە_دیموکراتیکی ئێران و سەنگەری سەقامگرتوویی دیفاع لە دیموکراسی لە ئێرانە، پێناسە دەکا. «کۆمەڵە» سەرەڕای دەربڕینی باوەری خۆی بە «مافی چارەنووس تا ئاستی جیابوونەوە»، خودموختاریی بە ویستی تایبەتمەندی گەلی کورد بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی لە قەڵەمدا، و وەکو بەشێک لە «پرولیتاریای ئاگای ئێران» هاوکات خۆی بە «نوێنەر و بەرەنگاری قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان» پێناسە کرد، بەم باوەڕە بوو کە لە نێو بزووتنەوەی میللی _دیموکراتیکی ئەو کاتی کوردستان، خەباتی چینایەتی لە نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا لە جەریانە و پەرەی گرتووە،»(١٠) هەر بەم پێیە، کۆمەڵە لە بڕیارنامەیەکدا کە لە جەنگەی شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات وەک سازمانی کوردستانی حیزبی کمۆنیستیی ئێران بڵاویکردوە، حیزبی دیموکرات بە«حیزبێکی بورژوازی لە بزووتنەوەی میللی کوردستان»(١١) ناو دەبا. کۆمەڵە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی کادر و ئەندامەکانی کورد بوون‌و گۆڕەپانی خەباتی ئەم ڕێکخراوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام بە پێی ئایدۆلۆژیا و بیرو هزری سیاسییەوە حیزبێکی تەواو چەپی ئێرانی بوو کە لە کاتی دامەزرانییەوە بۆ پێکهێنانی «حیزبی چینی کرێکاری ئێران»(١٢) و «خەبات لە پێناوی شۆڕشی دیموکراتی بە ڕێبەریی چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی»(١٣) تێکۆشا و چارەسەری مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران گرێ‌دا. لەم پێناوەدا کۆمەڵە بە ڕوونی لە وتارێکدا ئاماژەی کرد:» [...] ئێمە بۆ گەلی کورد تەوزیح دەدەین کە لە ئێرانێکدا کە هی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری وڵات بێ، مافی نەتەوایەتی بە باشترین شێوە بەدی دێ. ئێمە بە زەحمەتکێشانی کوردستان دەڵێین کە ئازادیی ڕاستەقینەی ئەوان و ڕزگارییان لە نەبوونی و چەوسانەوە و زوڵم و زۆر، بەهاوپەیوەندیی لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران تەئمین دەبێ».(١٤)

بەم چەشنە، حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و هێزەکانی چەپی سەرتاسەری بە تایبەتی حیزبی توودەی ئێران و سازمانی فیداییانی ئەکسەریەت [زۆرینە] لە ڕاستیدا لە سەقامگرتنی ئەم دروشمە لە «ڕەوانی کۆمەڵگادا» دەوری سەرەکییان گێرا و خودموختاری وەک باشترین ڕێگای چارەسەری کێشەی کورد ڕەخنەی کردە نێو مێشکی ڕووناکبیری کوردەوە.

***

سەرچاوەکان:

١)اسناد و دیدگاەها، حزب توده ایران از آغاز پیدایی تا انقلاب بهمن ١٣٥٧ ، چاپ اول ١٣٦٠. ص: ٦٦و ١٤٣
٢)سەرچاوەی سەرەوە لاپەرەی ٤٠٣ و ٤١٩
٣)کۆی نووسراەکانی لێنین، بەرگی ٢٣، لاپەرەی ١٩٨، وەرگیراو لە « در باره ملت ومسله ملی، احسان طبری، مردم، ارگام مرکزی حزب توده ایران، دورەهفتم، سال اول، شماره ٥٣، پنجشنبه ٢٥ مرداد ماه ١٣٥٨
٤)سەرچاوەیسەرێ
٥)«یک نقطه تحول بزرگ در تاریخ خلق کرد»، ع. گلاویژ، دنیا شماره ٩ - آذرماه ١٣٥٤
٦) یادی از جنبش دوم بهمن " نظری به پیدایش جنبش دموکراتیک در کردستان ایران" ع. گلاویژ، نشریه سیاسی تئوریک «دنیا»، دی ماه ١٣٥٦، شماره ١٠ ، سال چهارم دوره سوم ، هەروەها بروانە بابەتێکی رزا شەلتوکیلە: نشریه سیاسی تئوریک «دنیا»، دی ماه ١٣٥٨، شماره ٦، باز نشر
٧) بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد ١٩٤١-١٩٤٧، لاپەرەی ١٣٤ ڕەحیمی قازی. دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٢
٨)کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چڵ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی د.عبدالرحمن قاسملو، لاپەرەی ١٥-١٦
٩) تاقگەی هەقیقەت ١، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، باسێک لە سەر دروشمی بنەرەتیی حیزب، ١٣٦٤، لاپەرەکانی ٢٨٧-٢٨٥
١٠)پیشرو، ارگان تئوریک سیاسی، قطعنامەهای مصوب کنفرانس اخیر کۆمەله، جنبش مقاومت خلق کرد و مسئله ملی در کردستان. ٧ و ٨. شماره ٢ضمیمه ٢) ١٤مهر ٦٠)
١١)اطلاعیه پایانی سومین پلنوم کمیته مرکزی کومەله، قطعنامه نشست وسیع کمیته مرکزی کومەله در باره جنگ جاری میان حزب دمکرات و کومەله، ص. ٥،تیر ماه ١٣٦٤
١٢)بررسی انتقادی تجربه حزب کمونیست ایران، گۆڤاری «افق سوسیالیسم» شماره ٤
١٣)پێشرەوی ژمارە ٢ ئورگانی تیئوریک- سیاسیی کۆمەڵە، ١٣٦٠ی هەتاویی، وتاری لە کۆنگرەی یەکەمەوە بۆ کونگرەی دووهەم
١٤) پاشکۆی پێشرەوی کوردی، ژمارە ٢، ٥ی خەرمانانی ١٣٦٠، وتاری کۆمەڵە و مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان

### ئەنوەر عەزیزیان:

# هونەر بە بێ نیشتمان و میللەت ناتوانێ هیچ پێناسەیەکی هەبێ

دیمانە: شەونم هەمزەیی

دوانیوەڕۆیەکی پاییز بە شنەی بلاوێنی دەنگێکی ڕەسەن و زایەڵەی مۆسیقایەکی ئەهوورایی و مەقام و بەستە و حەیران بوونە میوانی دڵەکانمان، ئەوان کە لە سەردەشتی سەرسەوزەوە هاتبوونە دەشتە کاکی بە کاکییەکەی کۆیە، ئاوپڕشکێنی دڵی تاسەباریان کردین و گوڵبزەی شادییان خستە سەر لێوانمان و هیوادار بە ڕۆژانێکی خۆشی دیکەی پێکەوەبوون لەگەڵ یەکتریان کردین.
ئەو هەست و سۆزە نیشتمانییەی لە وشە بە وشەی شێعرەکان دەتکا و، لە لەرەی دەنگ و مۆسیقای ئەو بنەماڵە هونەرمەندەدا دەنگی دەداوە، وایلێکردین وەک «کوردستان» بە وتووێژێکی خۆمانە میواندارییەکی تایبەتیی کاک ئەنوەر عەزیزیان و کیژە ڕوح سووکەکەی، خاتوو کوردستان بکەین

**کاک ئەنوەر جەنابت ساڵانێکە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی. هاوکات لەگەڵ کار و ژیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی، بەڵام دەبینین کە بنەماڵەیەکی تەواو هونەرمەندت پێکهێناوە و پەروەردەت کردوون. دەکرێ بفەرموون چۆنە ئەدەب و هونەرت تێکەڵ بە ژیانی خاو و خێزانیت کردووە؟**

زۆر سپاس بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتەتان بە ئێمە دا لە ڕێگای «کوردستان»ی خۆشەویستەوە دەنگی خۆمان بگەیەنینەوە خەڵکی کوردستانەکەمان. ئەمن هەر لە منداڵیەوە هۆگریەکی زۆرم بە هونەر و ئاوازی کوردییەوە هەبوو، ئەو هۆگریەم لەگەڵ گەورەبوونم و بڕینی هەرەتی لاوەتی و تا ئێستاش هێناوە و لە ناخمدا پەروەردەم کردووە. بەڵام بەداخەوە لەو سەردەمەدا کە من پێم خۆش بوو لەگەڵ گروپێکی موسیقی کار بکەم بەختی ئەوەم نەبوو کە ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕوحە ئایینیەی بەسەر بنەماڵەکەمدا زاڵ بوو ڕێگر بوو لەوەی کە من بتوانم ڕوو لە کاری هونەری بکەم. لە نەریتی بنەماڵەی ئێمەدا گۆرانی گوتن و کاری هونەری بە دژایەتی لەگەڵ نۆرمە ئایینیەکان لێک دەدرایەوە، بەو حاڵەش ئەمن کۆڵم نەدا و نەمهێشت ئەو هەست و ئینتیمایەم بۆ هونەر لێ هەڵوەرێ.
هەر ئەو خولیایەی کە لە منداڵیدا هەمبوو وە لەگەڵ هەڵدانم بەرەبەرە گەورە ببوو، وایکرد کاتێک کە ژیانی هاوبەشیم پێک هێنا و منداڵەکانم پەیدابوون و پێگەیشتن، لەواندا چرۆ بکا و بشنێتەوە.

**ئێوە لە بواری ئەدەب و هونەریشدا ڕێچکەی «ئەدەبی بەرگری» و «هونەری دەروەست»تان هەڵبژاردوە و ئەو ڕێگایەشتان بۆ منداڵە هونەرمەندەکانتان کێشاوە. لەبەرچی پێتان وایە هونەر دەبێ خزمەتی نەتەوە و نیشتمان بکا؟ ئایا ئەوە چووکەکردنەوەی پانتایی هونەر نییە؟**

ئەمن باوەڕم وایە هونەر بەبێ نیشتمان و میللەت ناتوانێ هیچ ناسنامە و پێناسەیەکی هەبێ. قەناعەتی ئەمن وابووە هونەری بێ میللەت سەغیرە، هونەری بێ نیشتمان سەغیرە، ئەوەش جوانییەکانی نیشتمانە و شیرینیی زمانی میللەتە کە دەتوانێ ڕوح و ڕەوان و گیانی واقعی بە میللەتێک ببەخشێ. ئەوەش کە پێموابێ هونەری دەروەست بە مانای کەمکردنەوەی پانتایی گشتیی هونەرە، هەر لەبەر ئەوەی سۆز و هەستی نەتەوەیی ئاوێتەی بووە؛ ڕاست نیە و پێچەوانەکەی دروستە. چونکی پێموایە هونەر کاتێک جێگە و پێگەی خۆی پەیدا دەکا کە بە جوانیی سروشت و بە ئاواز و ئاوات و خولیاکانی گەل و نیشتمانەوە بخەملێ.

**ئەدی جێگە و پێگەی هونەری دەروەست و ئەدەبی بەرگری لە ئێستای کوردستاندا چۆن دەبینن، ئایا جێگای شیاوی خۆی دراوەتێ؟**

نیشتمان و کوردستانی ئێمە لە ئێستادا چوار بەشە، ئەو دابەشبوونە نادڵخوازە کە مێژووەکەی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە لە هەرکام لە بەشەکانیدا بەهۆی سیاسەتی جیاوازی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر هەر کام لەو بەشانەدا ژینگەیەکی جیاوازی هونەریش دروست بووە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی هونەر و ئەدەبی بەرگری غایب نیە، بەڵام ئەو پانتاییە دڵخواز و جێگا تایبەتییەی خۆی نییە، هۆیەکەشی بۆ کەشی پۆلیسی و سیاسەتی زەبروزەنگی دەسەڵاتی حاکم دەگەڕێتەوە. هونەرمەندان و شاعیرانی دەروەستی کوردیش بۆ پاراستنی ئەم ژانرە لە ئەدەب و هونەری کوردی باجی قورس دەدەن. هەڵبەت لە ساڵانی رابردووشدا بینیومانە لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک و لە هەر مەجال و دەرفەتێکدا کە ڕەخسابێ، ئەوا شاعیران و هونەرمەندانی دەروەست قۆستوویانەتەوە و ئەو دەنگەیان هەڵبڕیوە. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئەندێشە و بیری نەتەوەیی لە زەین و دڵی خەڵک دایە وە بە هۆی ڕێگریی دەسەڵات ئەو بیرە نەتەوەییە زیاتر لای خەڵک خۆشەویست و واتادارە.

**دەمانەوێ باسێکیش لەو دەرفەت و ئاستەنگانە بکەی کە لە کوردستانی ئێران لەبەردەم چالاکیی هونەریدا بۆ هونەرمەندانی بوارە جیاجیاکان هەیە؟ بە تایبەت ئەو هونەرمەندانەی سۆزی پێشمەرگانە و هەستی نیشتمانپەرەستی ئاوێتەی بیرکردنەوە و هونەرەکانیانە.**

ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە ئازادیی ئەدەب و هونەر نییە، ئازایەتیی هونەرمەندان و نووسەرانە، چونکی کۆماری ئیسلامی لە جەوهەری خۆیدا دژی هونەر و ئافراندنە، جا ئەوە نیشتمانیش بێ بەولاوەتر. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هونەرمەندەکانی بە ئازایەتییەوە ئەوەیان بەسەر کۆماری ئیسلامیدا سەپاندووە کە هونەر بەشێکی جیانەکراو لە وجودی ئێمەیە، بەڵام هونەری بەرگری و شێعری مقاومەت وەک باسم کرد تێچووی زۆری بۆ دەدرێ و لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچ دەرفەتێکی بۆ سەرهەڵدان و نەش و نوما نەدراوەتێ.
هەر هونەرێک سۆزی نیشتمان، بۆنی وڵات و هەستی پێشمەرگانەی پێوە دیار بێ، ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە. لە لایەکی دیکەوە هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە هەموو زەرفییەتەکانی ئەدەب و هونەری کوردی تا ئاستێکی زۆر نزم دایبەزێنێ، وەک بڵێی ئەدەب و هونەری کوردی تەنیا بەیت و حەیرانە کۆنەکانە؛ بەڵام نووسەران و هونەرمەندانی کورد لەوەشدا بەربەرەکانێی باشیان لەگەل دەسەڵاتدا کردووە و باجی قورسیشی بۆ دەدەن. چونکی ئەوەی هونەرمەند و نووسەری ڕاستیەقینە بێ ئەو ئازایەتییە کە بۆ خەملاندنی هونەرەکەی لە ناخیدا هەیە وا دەکا سەر بۆ ترس و فەزای سەرکوت و ژینگەی داسەپاویش نەوی نەکا و بە باوەڕ بە ڕەسانەیەتی و پیرۆزیی ئایدیاکەی، ئازایەتیی ئەوەش دەنوێنی کە هونەرەکەی کەوی نەکا.
ئەو ئازایەتییە زۆرجار دەبینی لە شێعری شاعیرێکدا لە پشتی وشەکان و لەو دیوی ڕواڵەتەکانەوە دیارە، زۆر جاریش دەبینی هونەرمەندێک لە مەقامێکدا یان لایەلایەیەکدا ئەو هەست و سۆزە نیشتمانییە بە ئازایەتیەوە دەردەبڕێ.

**جەنابت باوکێکی سەرکەوتووی کە لە هەموو ژیان و سامانی مادی و مەعنەویت مایەت داناوە کە ئەندامانی خێزانەکەشت لەو بەستێنەدا پەروەردە ببن و ئەو ڕێچکەیە بگرنە بەر. چی جەنابتی گەیاندنە ئەو قەناعەتە و ئەو جێگەیە؟**

لە دەیەی شەست کاتێک لە گوندەکەی خۆمان پێشمەرگەم دەدی کە بە چەک و چۆڵێکی کەم بەڵام بە باوەڕێکی پۆڵایی بەرەنگاری سپای کۆک و پۆشتەی کۆماری ئیسلامی دەبوونەوە، ئەو هەستە لە ناخمدا چەکەرەی کرد کە خەباتی ئێمە ڕەوایە و بۆ ژیانێکی مرۆییە. ئەو هەستە دوایە لەگەل گەورە بوونم بوو بە باوەڕ و کاتێکیش بە کردەوە تێکەڵ بە کاروباری سیاسی بووم، لە هەموو پانتایی ژیانی خێزانیمدا ڕەنگی داوەتەوە، بە خۆشییەوە منداڵەکانیشم فرچکیان بەو باوەڕە نیشتمانیە گرتووە. دەمەوێ بڵێم خۆشەویستیی ئاو و خاک و نیشتمان بەشێکی جیا نەکراوەیە لە ژیان و بیر کردنەوەی من و بەخۆشیەوە منداڵەکانیشم بووە.

**کوردستان تۆ لەو تەمەنەدا سەرکەوتنێکی باشت وەدەست هێناوە، چی تۆی هان دا ئاوا بە شێلگیری و بەردەواییەوە خەم لە هونەری موسیقی بخۆی؟**

ئەمن هەر لە تەمەنی زۆر منداڵیەوە کاتێک لە تەلەڤیزیۆن یان ئامێرە دەنگیەکانەوە گوێم لە ئاواز و موسیقی دەبوو، حەسانەوە و ئارامییەکی زۆرم لە خۆمدا دەدیتەوە. هەتا گەورەتر دەبووم هونەر زیاتر ئاوێتەی ڕوحم دەبوو و زیاتر ئارامی دەکردمەوە. هەر ئەوە بوو وایکرد کە من وەشوێن موسیقی کەوم و وێڵ و شەیدای بم و کەسایەتیی ڕوحی و ڕەوانیی خۆم لەودا ببینمەوە و جار لەگەڵ جار زیاترم خۆشم بوێ.

**لە موسیقی و گۆرانیدا بە دووی چیدا دەگەڕێی و بۆ ئەو بوارەت هەڵبژارد؟**

لە موسیقی و گۆرانیدا بە دووی جوانیی سروشت و ئەویندا دەگەڕێم، ژیانێکی ئارام دوور لە توندوتیژی و بە تەواوی مانا موسیقیانە، چونکە پەروەردەبوونی کەسایەتی و حورمەتی خۆم و ڕێزی مرۆڤەکان لەوێدا دەبینمەوە.

**ئەدی موسیقی و کاری هونەری ئەتۆی لە دنیای منداڵیت نەکردوە؟**

نەخێر، پێچەوانەکەی ڕاستە. چونکە ئاواز شوێنی کایەکردن لەگەڵ هاوڕێکانم و بووکەڵە شووشەکانی بۆ پڕ کردوومەوە و هانی



داوم لەگەڵ لاوانەوەی ئاوازدا گەمەکانی منداڵیم بکەم و دنیای منداڵیم شیرینتر ببێ. دەمەوێ بڵێم بە ڕێنوێنی باوکم و پشتگیریی دایکم زۆر خۆشەویستانە لەگەڵ موسیقادا ژیاوم و تەمەنێکی خۆشم لەگەڵیدا هێناوە.

**ئەتۆ کچی پێشمەرگەیەکی کوردستانی. ئێوە پێشتر لە نێوخۆی وڵاتدا دەژیان و بەهۆی بارودۆخی سیاسیی باوکت ناچار بوون ئەوێ بەجێ بێڵن و لە نێو ڕیزەکانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتدا بگیرسێنەوە. لەو بارەوە هەستت چییە؟ چیت لە دەست داوە؟ چیت وەدەست هێناوە؟**

هەست بە گەورەبوونم دەکەم. بە دڵێکی پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری ئەوە دەڵێم و ئەگەر لە دایک ببمەوە دوبارە باوەڕ بەوە دێنم کە باوکم بەو کارەی ژیانێکی پڕ لە سەروەریی پێ بەخشیوم.
ئەوەش کە چیم لە دەست داوە دەتوانم بڵێم دیداری بەردەوام و لە نیزکەوەی کەسوکارم و سروشتی جوانی ڕۆژهەڵاتم لە دەست داوە، ئەوەش کە وەدەستم هێناوە ئازادی و شانازییە. شانازیی ئەوەی لەوە بەدوا لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات و لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەک کچە پێشمەرگەیەکی هۆگری هونەر دەمناسن و ناوم دەبەن.

**خەونی گەورەی ئەتۆی کوردستان چییە؟**

ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، دامەزرانەوەی دەوڵەتی کوردی و بەڕێوەبردنی یەکسانی لە کاروباری ژیانی مرۆیی و دەوڵەتدا.

**پێت خۆشە چ پەیامێک هەبێ بۆ منداڵانی هاوتەمەنت یان هاوڕێکانت؟**

ئەمن خۆم لەوە بە بچووکتر دەزانم پەیامم بۆیان هەبێ، بەڵام داوا لە هاوڕێیانم دەکەم بخوێنن هەتاوەکوو بە پلەی بەرز دەگەن، ئەوکات بە دید و ڕوانینی کراوەوە خزمەت بە خاک و نەتەوە و نیشتمانەکەیان بکەن.

**لەبەرچی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتت بۆ خەبات و بەردەوامی ژیانی هونەری هەڵبژارد؟**

حیزبی دێموکرات لە هەموو ژیانمدا ڕووگە و قیبلەی ئاواتم بووە، بەر لەوەی حیزبی دێموکرات بە فکر و ئەندێشە هەڵبژێرم خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا وایکرد کە ئەو حیزبەم خۆش بوێ، سروشتییە من خۆم بە ڕۆڵەی گەلەکەم دەزانی و گەلەکەشم حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ لەسەر ڕێگا دانابووم.

***

**[لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە خولیای گۆرانی دەبێ. باوکی گۆرانیی بۆ دەڵێ و ئەویش بە هەڵبەزین و چەپڵەلێدان بۆ باوکە هونەرمەندەکەی دەستێنێتەوە. کاتێک لە کاناڵە تەلەڤیزیۆنەکانەوە ئامێرەکانی موسیقیی بە دەستی هونەرمەندانەوە دەدی، دەچوو چیلکە و مێشکوژی دێنا و وەک ئەوان دەیگرت و لاسای دەکردنەوە. باوکی کە دەزانێ کیژۆڵەکەی خولیای موسیقی بووە، ئامێری ڤیۆلۆنی بۆ دەکرێ و دەینێرێتە خولی فێرکاریی موسیقا.**

**«کوردستان عەزیزیان» لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بەشداری فستیڤاڵی بەیت و حەیران دەکا و لەوحی ڕێزلێنانی دەدرێتێ. لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەچێتە تاران بۆ ئەوەی داوای کردنەوەی کتێبخانەیەکی کوردی بۆ شارەکەی بکا و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە خەڵاتی «کیژۆڵەی هەڵبژێردراوی پەرەپێدان بە کتێب» وەردەگرێ.**

**بە شانۆی «سەفەری هەڵاڵە «بەشداریی لە فستیڤاڵی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت کردوە و خەڵاتی «پدیدە»ی ئەو فستیڤاڵەی پێدراوە. بەشداری لە کونسێرتی موسیقا و شەوە شێعر و چالاکیی ئەنجوومەنە ئەدەبیەکان لە بۆکان و سەردەشت و شارەکانی دیکەی کوردستان بەشێکی دیکە لە دەرکەوتنەکانی کوردستان بوون.]**

لەهەر باخەی گوڵێک

## ئەو فرمێسکانەی دەبنە ڕووباری هەڵچوون



هەیاس کاردۆ

لەوەتا هەم چاوی پڕ لەفرمێسکی کورد دەبینم. جاری وایە گریانی بەکۆمەڵ و جاری واشە تاقولۆق. چاو بەفرمێسکانی کورد تەنیا منداڵان و ژنانی ئەم نەتەوە پڕ دەرد و ڕەنجە ناگرێتەوە، ئەوە هەموو کورد بە ژن و پیاو، پیر و لاو، هەژار و دەوڵەمەند، شاری و لادێین کە فرمێسکی حەسرەت دەڕێژن. لەوەتا هەم ئازارێکی قووڵ لەسەر جەستە و ڕووحی دانە بەدانەی خەڵکی ئەم کوردستانە هەست پێ دەکەم. من کەخۆم دڵ بەژان و چاو پڕ لەفرمێسکم، چاک لەمانای ئەو فرمێسکانە دەگەم کە ڕۆژانە لەسەر کوڵمەی هاونیشتمانانم دەیان بینم. ڕاستە ئەو فرمێسکانە هەر جارەی بە بیانوویەک و بە پێی ڕوودانی کارەساتی جیاواز دێنە خوار، بەڵام سەرچاوەیان یەکە و بۆ هەموو خەڵکیش یەک مانای هەیە. هەموو ئەو فرمێسکانەی بە بوونی ئەو ئازارەوە بە گۆناکانی ڕۆڵەی کورددا دێنە خوار باسی ڕاستییەکی تاڵمان بۆ دەکەن: ئێمەی کورد دەردێکی هاوبەشمان هەیە و هیچ چارمان نیە دەبێ بۆ سووک کردنی ئەو دەردە و نەهێشتنی ئەو فرمێسکانە کاری هاوبەش بکەین.
وە نەبێ هەموو ئەو فرمێسکانەی لەچاوی کورد دێنە خوارێ داستانی بەش مەینەتی و دەرد و ژان بن. گەلێک چاوی پڕ لەفرمێسکیشم دیون کە تروسکەی شادییان تێدا قەتیس ماوە و تروسکەی هیوا دەنێویاندا پنگی خواردۆتەوە. ئەوەندەی بۆ مەرگەسات و ماڵوێرانی و لەدەستدانی هاوزمان و هاوسەنگەر و هاوخەباتمان فرمێسکمان ڕشتوە و ئەژنۆی خەممان دەباوەش گرتوە، ڕەنگە هەر بەو ڕادەیەش بە بۆنەی سەرکەوتنێکەوە لیزگەی دڵۆپە فرمێسکەکان داگەڕابنە خوارێ و بۆ ماوەیەک دنیای ئێمەی گۆڕیبێ. ئەوەی جێی نارەحەتی و نیگەرانی و دڵتەنگییە ئەوەیە کە بەشی زۆری هەڵوەرینی فرمێسکەکانمان بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان و بە گشتی بۆ بەختی ڕەشی خۆمان و نەتەوەکەمان هەڵوەراندوە. ئەوەی ناخۆشە فرمێسکی حەسرەتمان درێژماوە و بەردەوام بوە، کەچی فرمێسکی شادیمان کورتخایەن و کاتی بوە. ئەوەی جێی نیگەرانییە بەشیکی زۆر لەو فرمێسکانەی بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان هەڵمان وەراندوون بە هۆی ناسۆری خەیانەت و لێکترازانی ڕیزەکانی خۆمان بوە کە هەرجارەی لەشوێنێک و بە بیانوویەک بەربینگیان پێ گرتووین.
بەڵام ئەوەندەی کورد بە هەڵڕشتنی فرمێسک فێرە و کونی چاوەکانی وەک کانی ئاویان لێ هەڵ دەقوڵێ، ئەوەندەش ئامادەیە دڵۆپ دڵۆپی ئەو فرمێسکانە کۆ کاتەوە و بیانکاتە ڕووبارێکی خوڕێن کە هێزی تازەی وەبەر بنێ و لەگێژاوی نەمان بیپارێزێ. ئەگەر بەپێی ڕادەی خەم و خەفەت و درێژماوە بوونی ئازارەکانمان بوایە، دەبوو شوێنەوارێک لەژیان و خۆشیمان نەمابا. ئەگەر بەپێی ژمارەی تەرمی شەهیدانمان بوایە، دەبوو هەموو ژیانی خەڵکی کوردستان وەک لاپەڕەیەکی ڕەشی نێو دەفتەرێک بێتە بەرچاومان و هیچی دیکەی تێدا نەبینین. بەڵام داخوا وایە؟ من کە خۆم یەک لەو چاو بەفرمێسکانەم و دایمە کۆڵی خەمێکی قورس بەشانمەوە، نە دنیا وا دەبینم و نە ژیانی خەڵکی وەڵاتەکەم ئاوا تەماشا دەکەم. لەبەر چاوی من هەموو ئەو فرمێسکانەی بۆ شەهید، بۆ ماڵوێرانی، بۆ گەلەکۆمەگی، بۆ خەیانەت، بۆ برسیەتی و نەداری، بۆ لێکدابڕان و دوو دەستەیی و .... دێنە خوارێ تێکەڵ بە یەک دەبن و ڕووبارێکی خوڕێن ساز دەکەن و هێزی دووبارەمان پێ دەبەخشێ.
لەوەتی وەبیرم دێ داستانی کەوتن و هەستانەوە بەردەوامە. هەرچەندی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی کورد هەڵ دەدەمەوە زیاتر ئەو کەوتن و هەستانەوانەم بۆ دەردەکەون. هەر جارەی کورد قڕان دەستی پێ کراوە و بارانی فرمێسکی بەدبەختی هەڵ وەریون، دوای ماوەیەک ڕووباری هەژان و نەوەستان و هەستانەوە سەری هەڵداوە و هەمدیسان فرمێسکی شادی لەچاوی گەورە و چووکی ئەم نەتەوەیە هاتۆتە خوار. مێژوو پێمان دەڵێ هەتا زەختمان زیاتر لێ کرابێ و بۆ لەنێو بردنمان گەلەکۆمەگیی بەرینتر ڕووی دابێ، ورەمان بەرزتر و بڕیاری چوونە پێشمان قایمتر بووە. کورد ئەگەر زۆر تایبەتمەندیی دزێو و دژەخۆیی هەبن، تەنیا ئەوە تایبەتمەندییەی دەیکڕێتەوە کە بە وەڕاست گێڕانی خەونی سەربەخۆیی وەفادارە و ئامادەیە فیداکاریی لەپێناودا بکا. ئەوەش شتێکە باری قورسی ئازارەکانمان سووک دەکا و دەبێتە چرایەکی ڕووناک بۆ بەرچاوو ڕوونیام لەشەوە زەنگی تاریک و تنۆکی ئەو هەموو پلانەی بەدژمان بەڕێوە دەچن. دڵنیام دیسان ئەو هەموو فرمێسکەی لەم ڕۆژە تاڵ و تفتانەدا ڕشتوومانن، دیسان دەبنەوە ڕووبارێکی خوڕێن و تین و گوڕی زیاترمان بۆ چوونە پێش وەبەر دەنێن.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 712 22 cctober 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی



عەلی بداغی

# ئێعدام چەکی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی

١٨ی ڕەزبەر (١٠ی ئۆکتۆبر)ی هەموو ساڵێک ڕۆژی نەهێشتن و بەربەرەکانی لەگەڵ سزای ئێعدامە.

ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە حاڵێکدا یادی کرایەوە کە ڕاگەیەندرا دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئەمساڵی زایینینەوە تا ئێستا ٤٣٥ کەسی لەدار داوە و تەنیا هەواڵی ئێعدامکرانی ٨٣ کەسیان لە میدیا ڕەسمییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

چاوخشاندنێک بە ئامارەکانی ئێعدام لە ئێران لە سێ ساڵی ڕابردوودا پێمان دەڵێ چ کارەساتێک لەو وڵاتە ڕوو دەدا. کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤دا ١٦٣٤ کەسی لە دار داوە. ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە ئێران ٩٧٧ کەس بووە و، ساڵی ڕابردووش ٥٦٧ زیندانی لە ئێران لە دار دران، بەو پێیەش کە لە ٩مانگی ئەمساڵدا زیاتر لە ٤٠٠ کەس ئێعدام کراون، ویدەچێ ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە ئێران لەمساڵدا زیاتر لە ساڵی ڕابردوو دەبێ.

چەکی ئێعدام لە تەنیشت چەکی تیرۆر هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی خرایە خزمەتی دەسەڵاتبەدەستانی ئەو ڕێژیمە. ئێعدامەکان لەو ڕێژیمەدا لە سەربانی قوتابخانەی ریفاهـ لە تاران بە کوشتنی ئەفسەر و کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووخاو دەستی پێکرد و کەس هاواری ئەو بێ تاوان یان تاوانبارانەی نەبیست کە داوای دادگاییکردنێکی عادڵانەیان دەکرد. ئێعدامەکان دوایە گەیشتنە کوردستان و تورکەمەن سەحرا و دوایەش کە ئێعدامەکانی دەیەی شەستی زیندانیانی سیاسیی لێکەوتەوە. ئامانج لە هەموو ئەو ئێعدامانە لیدانی فیزیکی لە دژبەرانی نیزام و سەقامگیرکردنی ڕێژیم بوو و تیرۆر و ئێعدام ئامرازی باش بۆ ئەو مەبەستە لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بوو. بەڵام ئەوە کۆتایی بەسەرهاتەکە نییە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای سەقامگیریش بە پاساوی ئایینی ئێعدامی کردە چەکێک بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگا ئیسلامییەدا! بە ڕەچاوکرانی ڕێوشوێنە ئاینییەکان ڕەگ و ڕیشەی تاوان و لادانەکان ویشک بکا. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە وایکردوە ئێران لە ڕووی ئاماری ئێعدامەکان دوای چین لە ڕیزی دووهەمدا جێ بگرێ و بەپێی ڕێژەی حەشیمەت و ژمارەی ئێعدامکراوەکانیش یەکەم وڵات بێ لە دنیادا.

ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕا هەتا ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە. مەسەلە ئەوەش نییە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی حاشا لە ئێعدامەکان _ چ ئێعدامە سیاسی یان نا سیاسییەکان_ بکەن، بەڵکوو بە دەگمەن نەبێ هەر هەموویان بەرگریی لێ دەکەن و ئەو جینایەتانەیان بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەیان بە پێویست زانیوە.

وەک گوترا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگا و گەڕاندنەوەی بایەخ و بەها کۆمەڵایەتی و ئاییننیە بزربوو و کاڵبووەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە لە ڕووی جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامەوە بە پێی حەشیمەتەکەی پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە، بەڵام ئەو شاڵاوە لە ئێعدامکردنانە نەک نەیتوانیوە ڕێژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگایەدا کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێی ئێعترافی کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیم و بە پێی ئامار و زانیارییەکان، بڕی تاوان و تاوانکاری لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەند قات لە چاو پێشوو زیادی کردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام ساڵ نییە لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە مەحکوم نەکرێ و داوای لێ نەکرێ کە بەهۆی ناکارامەیی سزای ئێعدام، ئەو سزا نامرۆڤانەیە لە یاساکانی سزادان بسڕێتەوە، بەڵام ئەو بەربەرەکانی و هەموو ئەو هەوڵ و هەڵوێستە جیهانییە تا ئێستا شوێنی لەسەر بڕیاری کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا دانەناوە، بۆیە چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی لە ئێران پێویستە لە دانوستان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا فشار بخەنە سەر ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر نەهیشتنی سزای ئێعدام بدا و بۆ ئەوە گوشاری زیاتر بخرێتە سەر ئەو وڵاتە.


بەڵام بابەتی ئێعدامکردن وەک سزایەک لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پتر لەوەی بنەمای حقووقی هەبێ، بڕیارێکی سیاسییە و دەسەڵات بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و سەرکوت بەکاری دێنێ، بێ ئەوەی وڵامی پێوستی لێ وەرگرتبێتەوە. هەر لەبارەی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەبەردەوامی درێژەی بووە، ئەو پرسیارە هەیە کە ئاخۆ ئێعدامە سیاسییەکان چۆکیان بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد داداوە؟ بێ گومان نا. چونکی ئەگەر ئێعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت کاریگەریی لە سەر ڕاوەستانی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری هەبوایە، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوایە ڕەوڕەوی خەبات و تێکۆشان لە جووڵە کەوتبا و هیچ تاکێکی کورد باسی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەکردبایە، کە دەبینین وانییە.

بەشی هەرە زۆری ئێعدامە ناسیاسییەکانیش لە ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر بووە، بەڵام زۆر لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نایشارنەوە کە سەرەڕای ٤٠ ساڵ بەردەوامی لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدام، بازرگانیی مادەی هۆشبەر لەو وڵاتە ساڵ بە ساڵ زیادی کردوە. لە ئێستاشدا دەوڵەت لایحەیەکی بۆ لابردنی سزای ئێعدام لەسەر کۆمەڵێک تاوانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر داوەتە مەجلیس کە ئەگەر پەسند بکرێ، زیاتر لە ٥ هەزار زیندانی لە مردن ڕزگاریان دەبێ، کەچی بەهۆی دژایەتیی دەزگای قەزایی و چەت تێخستنی ئەو ناوەندی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا وەڵامی پێویستی وەرنەگرتۆتەوە.

هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی سزای ئێعدام لە ئێران چ لەلایەن مافناسان، کۆمەڵناسان و چالاکانی مەدەنی حاشای لێ ناکرێ، بەڵام بێگومان ئەو هەوڵانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئیدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا بڕ ناکەن، مەگەر ئەوەی تۆکمەتر و زۆر بەربڵاوتر لەوە بن کە ئێستا هەیە. تەنیا لە ئەگەری دروستبوونی فشارێکی نێوخۆیی و دەرەکییە کە دەکرێ هیوادار بە پاشەکشە پێکردن بە کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بین.

# بەرهەمێکی دیکەی عەلی ئەشرەف دەروێشیان کرایە کوردی

«چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە» لە نووسینی عەلیئەشرەف دەروێشیان نووسەری کوردی خەڵکی کرماشان، لەلایەن شەریف فەلاح کرایە کوردی. ئەم بەرهەمە پێنجەمین بەرهەمی وەرگێڕانی شەریف فەلاح و نۆیەمین کتێبی چاپکراوی ناوبراوە کە لە دووتوێی ١٠٨ لاپەڕەدا لەلایەن «چاپەمەنیی مانگ» لە بانە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە، چوار چیرۆکی درێژی مێرمنداڵانی لەخۆ گرتووە کە بە نێوەرۆکی سیاسی، بەڵام بە زمان و دەربڕینی منداڵانە نووسراون و باس لە دۆخی کۆمەڵگەی کرماشان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەن. کۆمەڵە چیرۆکی «هەتاو»، وەرگێڕانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، «ساڵانی هەورین» و «ئەفسانە کوردییەکان» وەرگێڕانی عەزیز گەردی؛ چەند بەرهەمێکی دیکەی عەلی ئەشرەف دەرویشیانن کە کراونەتە کوردی.





# کۆچی دوایی کەریم زەند، مێژوونووس و نووسەری ناوداری کورد



مامۆستا کەریم زەند، خەباتکار و قەڵەمبەدەستی دێرینی کورد کە بە یەکەم مامۆستای وانەی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان ناسراوە، ڕۆژی سێشەممە ١٨ی ڕەزبەر لە شاری سلێمانی کۆچیدوایی کرد. مامۆستا کەریم زەند ساڵی ١٩٢٤ی زایینی لە سلێمانی لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٠وە دەستی بەنووسین کردوە و هەر چوار پاچەکەی کوردستان گەڕاوە و زانیاریی تەواوی لەسەر هەموو شوێنەکان و هۆز و تیرە و ڕەگەز و زمان و مێژووی کوردستانی گەورە تۆمار کردوە. کەریم زەند خاوەنی دەیان کتێب و بابەتی بەهێزە کە گرنگترینیان بریتییە لە کتێبی "تۆماری تەمەن" کە پێنج بەرگە و باس لە جوغرافیا و شێوەزاری بەشە جیاجیاکانی کوردستان دەکا، هەروەها یەکەم کەسە کە کتێبی ئینجیلی کردووتەوە کوردی.

# بڵاوبوونەوەی کتێبی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بۆ خوێندنی زانکۆ

بڵاوبوونەوەی کتێبی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بۆ خوێندنی زانکۆ کتێبی «زمان و وێژەی ئەدەبی کوردی" لە شاری سنە بۆ خوێندن لە ئاستی زانکۆی کوردستان بڵاوکرایەوە. کتێبی «زمان و وێژەی ئەدەبی کوردی» لەلایەن د. بەختیار سەجادی، مامۆستای زانکۆ و بەڕێوەبەری بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستان و مەزهەر ئیبراهیمی نووسراوە و لەلایەن چاپخانەی گوتار لە شاری سەقز لە چاپ دراوە. ماوەی سێ ساڵە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە سنە کراوەتەوە و ساڵانە نزیکەی ٣٠ خوێنکاری زمانی کوردی وەردەگرێ. بەپێی مادەی ١٥ی قانوونی بنەڕتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران خوێندن و نووسین بە زمانی دایک بۆ هەموو پێکهاتە نەتەوەکانی ئێران ئازادە، بەڵام تا ئێستا زمانی کوردی لە هیچ یەک لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک وانەی ڕەسمی ناخوێندرێ.




# پەردەلادان لە پێنج کتێبی منداڵان لە بۆکان

لە شاری بۆکان و لە ڕێورەسمێکدا پەردە لەسەر پێنج بەرهەمی نوێی تایبەت بە منداڵان لادرا. لەو ڕێوڕەسمە کتێبەکانی «پەپتووکە» لە وەرگێڕانی حوسێن گوڵۆڵانی، چیرۆکی «بێچووە گورگ» نووسینی محەممەد ئیلخانیزادە، «خاتوونی خۆڵەمێشی» نووسینی مێهری ناسێح، «وەرزەکان» نووسینی سورەییا ئەفشارنیا و «دوستان ماجراجو» نووسینی هێدی قازی نیا، خرانە بەرچاوی خوێنەران. لەو کۆڕەدا سەعید نەججاری (مامۆستا ئاسۆ)، ئەمین گەردیکلانی و لەیلا ئەحمەدی ئەقدەم لەسەر نێوەرۆکی ئەو کتێبانە وتاریان پێشکێش کرد و چەند شاعیرێکی بەشداربووی کۆڕەکە بەرهەمە شێعرییەکانی خۆیان پێشکێش کرد.




# بڵاوبوونەوەی فیلمی «کەژاڵ» لە سەر پرسی کۆڵبەران



فیلمی "کەژاڵ" لە دەرهێنانی نیما یار کە باس لە دەرد و کێشەی کۆڵبەرانی سەر سنوورەکانی کوردستان دەکا پاش سێ ساڵ مافی بڵاوکردنەوەی پێ درا و بڕیارە بەم زووانە لە سینەماکانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە. ئەم فیلمە چیرۆکی کچە خوێندکارێکی کوردە کە واز لە خوێندن دێنێ و ناچار دەبێ بە هۆی کێشەی بنەماڵەکەی پیشەی پڕمەترسی کۆڵبەری بگرێتەبەر و ڕوو بکاتە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان. «کەژاڵ» لەو فیلمەدا بە وردی باس لە کێشە و دەرد و ئازارەکانی خەڵک لەو ناوچانە دەکا کە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ناهێڵنەوە.